شیعر

# كتێبێكی

# بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان

بەندی عەلی

٢٠١٥ - ٢٠١٨

كتێبێكی بێ ناونیشان
بابەت : پۆستەرە شیعر
نووسەر: بەندی عەلی
تایپ و دیزاین : نووسەر
تیراژ: (٥٠٠ ) دانە
نرخ : (٤٠٠٠) دینار
چاپ : چاپخانەی چوارچرا
لەبەڕێوبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( ١٧٩٩ ) ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە ..

تكایە هیچ مەڵێ ، هاوڕێ
هیچ نەماوە تازە بیلێین ..
خێرایی مەراقەكانی ئەم هەوارە ،
خێرایی دەنگی تێپەڕاند ،
وەها بڕوا .. نەك خەونەكان
تەنانەت خۆمانیش دەبین بە گەردیلە .
.................................
ئەم هەوارە
دەڵێی دارمێوە كۆنەكەی ماڵی میرە ،
هەرهێشوە بەرسیلەی ترشی
حەسرەتی لێ هەڵدەوەرێ و
گشت تەمەنی
وەك ئەوەی بەڵێنی دابێ ،
دەنكە ترێیەكی سووری شادی نەگرێ .

بهێڵە با
كەمێ ئاسوودەبێ چاوم
بریسكەی تاجەكەت ، پاشا
كوێری كردم ..
من لەوەتەی تۆ دەناسم ، تاج بەسەری
بەڕاستی پێم بڵێ ، پاشا
ماندوو... نەبووی ؟

.........................

گوندەكەی ئێمە ڕوو لەهەتاوە
باوەجووەهاش چاو چاو نابینێ
ئەوەندە تارە ئەگریجەی بەختی!

.........................

ئەو هەموو بزمارە ، چیە
بەجەستەیا دای دەكوتن ؟
خۆ نیشتمان تابووت نیە .

جۆزەردانەو
بناری نیشتمان زەردو
پێدەشتی ئومێدیش زەردو
سایلۆكانی برسێتی .. زەرد .
منی گێل چاوەڕێی میهرم
لەدڵانێك ..هاوتوخمی بەرد ..
گەلاوێژەو ناخی من و ناخی زەوی
بەئاگری خۆرو ستەم ،
دەبن بەسەرابی هەڵم و
دەبن بەهەڵاوی گەرووی ئەژدیهایەك ،
حەوت سەری كەی هەبێ ، كەمەو
بەرگەی ئەو بوركانە ناگرێ ،
لەقاقای پڕ سوخرییەتی
ئەو دەعبایەوە دێتەدەر ،
پێی دەبێژن .. جیهانی نوێ .. !

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

دەستمان لەژێر
چەناگەی خەم لێ بەجێما ..
کاتێ لەگەڵ مەلێکی ئەفسوناویا
بەرەو مەلەکوتی- خەیاڵ
قاچەکانمان بوون بەدوو باڵ ..
لەو ڕۆژەوە هەر چاوەڕێین ، بەربەیانێك
هێلکەی پاککراوی قەدەر ،
لەسەر مێزی بەرچاییمان دانرابێ و
ئاسودەییش ، وەك پیرە پیاوێکی پۆشتە
هەردوو دەستی لەپشتەوە گرێدابێ و
نەرم .. نەرم
بەکۆڵانی تەنگەبەری ژیانمانا ڕا ببوورێ ..
پەنجەرەی نزاو خۆزگەشمان
خستۆتەسەر گازەرای پشت ،
دەڵێین بەشکو شنەی بەختێك ڕێ هەڵەکاو
هێدی هێدی بێتە ژوورێ ..

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

شتگەلێك هەن .. مەنعی جەمعن ،
هەرگیز پێكەوە كۆنابن ،
وەك ئەڤین و خودپەرستی
وەك فەزای شیعرو بێ هەستی
وەك ژیان و بێ ئومێدی ،
وەك سەفەری
بەردەوامی مەل بەئاسمانی خەیاڵاو
گەڕانەوەی بێ چەن و چوونی بۆ زێدی .
شتگەلێكی جیا تریش هەن ،
مەنعی فەسڵن ..
هەرگیز بەبێ یەك هەڵناكەن ،
وەك بزەو خەونێكی شادی
وەكو شۆڕش و بێدادی
وەك نانی برژاو بەپشكۆی
هەمیشە چاوەڕێی شنەی
نەرمە بایەكی ئازادی ..

ئەوەی بەنیازی ماڵ کردمان
بووبەخەزێنەی مەراق و
ئەوەی بەنیازی باخێکیش
بوو.. بەجەنگەڵ ،
ئەوەی دوای باوەشی دایکیش
بەنیشتمانمان دەزانی،
بووبەمۆڵ و
هۆتێلێکی پێنج ئەستێرە ،
ئێستا ، تێگەیشتی گوڵم
ئەشکی پەشیمانی بۆچی
هێندە سوێرە .. ؟

بەئاستەم هەناسە ئەدەین..
ئەم پاییزە ، بۆنی خاکی
تەڕی پاش یەکەمین باران
خۆش نەبووەك جاری جاران.
بەئاستەم هەناسە ئەدەین..
ژینگەمان ژەهراوی بووە
بەدرۆیەکی فرە دێرین .. ساڵەهایە
وەك منالی بەبۆن کەوتوو ئەمانپێکێ
نەئەودو ایی دێ و نەئێمە بالق ئەبین.
بەئاستەم هەناسە ئەدەین
با ، کەوتووە ..
باران لەهەورا خەوتووە ..
هەرئەڵێی دێوێ ، پاشەڵی
لەسەرسنگمان ڕاخستووە ..
بەئاستەم هەناسە ئەدەین .

درەختێکم ،
بەرواری ڕۆچوونی ڕەگم بەناو خاکدا
دەچێتەوە بۆ سفری چاوزەقی زایین ،
هەزاران وەرزی زریان و
پرسەی مەرگی زەردی گەڵاو
هەزاران هێرشی ڕەشی ( با )م بەڕێکرد ،
گەردێك لەقامەتی ورەم هەڵنەوەری و
یەك پلەی گۆشەی گەردنم
کەچ نەکردو
چرکەیەك گوێ بە(عەجاج )ی
هیچ بیابانێکیش نادەم
ئەگەرکرمە خوێڕیەکانی
ناوقەدی خۆم لێم بگەڕێن .
( وتەی نیشتمانێکی پیر ).

ئەوان .. بەسەر
پەیژەی ئازاری ئێمەدا سەردەكەون ..
كام پلەی شلۆق و لەنگە ،
پێی زیاترلێ گیردەكەن و
درەنگتریش جێی دەهێڵن ..
ئەوان تەبعی خۆیان و ایە
لەگەڵ زاما .. هەڵدەتۆقن
لەگەڵ سوژنی ژانا ، دێن
لەكوێ ئازارو خەم هەبێ ..
لەكوێ خەڕەندو تەم هەبێ ..
لەكوێ زینی بێ مەم هەبێ ،
ئەوان لەوێن ..
وەك دڕكەزی لەسەرسنگی
ژیان دەڕوێن ..

لەم هەوارە بەخەم چنراوەی ئێمەدا
گورگ شەکوا.
لەسەرمێگەل تۆماردەکاو
بزماریش هەجوی تابووت و
درك گوڵ ئەداتە .. دادگا
پیاوە ڕیش سپیەکانی گەلیش
لێمان بوون بەمەسیحێك و
شاباشی گوڵ دەگرنە خاچ ..
ئامۆژگاری عەوام دەکەن دەڵێن کەسێ
روومەتی راستی داخ کردن ،
روومەتی چەپتان ببەخشن بەزللەی ماچ.
(رۆژگارێکی سەیرە گوڵم) ..
دێوجامە بۆڕاو دادەنێن .. وەلێ هەیهات
کەچی هەرڕاوچی چاوەڕێی
لێبووردن لەنێچیر دەکات ..!

ڕاوچییەكان ،..
دەتوانن گشت هێلانەكان بسوتێنن .
وەلێ .. هەرگیز
خەیاڵی فڕینی مەلیان پێ ناكوژرێت .
لەو ڕۆژەدا
ئاسمانیش واقی وڕما بوو
لە لێكچوونی ..
زام و ئاخ و ناوی شەنگال ،
لەگەڵ .. ئەنفال !

كاتێ خەندەیان كڵۆمداو
نیگایان دا لەسێدارەو
پەرەسێلكەكانی حەقیان لەقەفەس ناو
قەراخە نانی حورمەتیان.
بەستەوە بەقاچی كورسی
كێ ئەتوانێ. بێ نوزەبێ و
دوور بێ لەپریشكی ئاگر ؟
لەكولانەی شوكرانەیا ،
بەسەرهێلكە پیسەكانی نیشتمانا
كڕكەوێ لەجیاتی مامر.. ؟

داوای بێ دەنگیم لێدەكەی
لە مەملەكەتی زریانا ..!؟
داوای بێ دەنگیم لێدەكەی ..
لەسەردەمی قەلەمڕەویی
چەتە یەكچاوەكانی دەریا .. !!
نا ببوورە .. ئەمن وا نیم
كەڕەشەبای بێدادی هات
لەنەسلی پەڵاش وكا .. نیم .

وەكو یەكن ،
ئەو انەی پەرداخی ژیان
پڕدەكەن لەبادەی خەم و
ئەو انەی ، پەرداخەكانیش دەوروژێنن
بەكەوچكی ژەنگ ..
ئاخر سەرەنجامی هەردوو ،
ڕشتنی خوێنی بەرسیلە ترشەكانە
لەسەر مێزی مەیخانەی جەنگ .

..............................

هەڵزنان بەبەژنی بەرزی
دارە دڕكاوییەكەی هەقدا
كاری عاشقە ئازاكانە ..
ئاخر ئەوەی
رووی لەپێڵاوی كوێخا بێ
هەر كەمەی گۆچانە ، پشتی !

گوڵەکان ، گشت هەڵبزڕکان.
گەڵا ، کراسە سەوزەکانی پێچایەوە ،
دیارە کەیفی بەرووی زەردی خەزان نییە ..
پێدەچێ زستانی ئەمساڵ زۆرسەخت بێ و
ئەم خاکە دووگیانە، وازوو
ئەوکۆرپە ساوایەی نەبێ ،
بەنیازین ناوی نێین بەهار ..
تێناگەم بۆ ، هێندە دڵی لەبەرد دەچێ
ئاسمانە مۆنەکەی ئەمشەو..
دەبگری دەی ..
لەم نیشتمانە دێمەیا چی شك دەبەی
شایستەبێ ، بەقێزوبێزەوە تەنها
نەرمە بزەیەکی بۆبکەی .. !؟

مێردمناڵێکی بێ دایکە
ئەم دڵەی من ..
زۆرهەست بەهەتیوی دەکات
لە سەردەمی .هەڕاجخانەی
عەولەمەیا ..
( ئینتیما)

بازاڕی شار
پڕە لەکارتۆنە شیری ئێکسپایەر ،
بەرهەمی مانگا پیرەکەی
کێڵگەکانی سەدەی پێشوو ..
دەڵێن شیریش .. وەك شەرابە،
هەتا کۆن بێ خۆشتردەبێ ..
( دیموکراسیەت)

درامایەکی شەو انەی بێ لەزەتەو
بەناچاری دادەنیشین بەدیاریەوەو ..
ئەکتەرەکانی بێ سیمان ،
لەبوکەڵە
کەچەڵەکانی بازاڕی پۆشاك دەچن ،
بەسپۆنسەری
گیرفان پڕێکی .. سەربەتاڵ !
( عیشق لەزەمەنی ئینتەرنێتا)

.. دەمێکی بێ
ددان وزارە .. ئازادی ،
دوکانێکی چەرەسیاتە
( نیشتمانیش)

تا لەخەودام ،
ئەو بەكامی دڵ دەخەنێ و
بەسەرهەمووشەقامەكانی خەیاڵا
پیاسە دەكا ..
پەنجەرەش بۆ
گشت مەلە بێ هێلانەكان دەكاتەوە ،
تەنها چۆلەكە ماتەكەی دڵم نەبێ ..
ئەودەمەی من بەخەبەردێم،
بێدەنگ دەبێ و
لەسوچێكی ژووری مەكرا هەلدەكورمێ و
پەنجەرەكەش كڵۆم ئەداو
دەبێت بەپەیكەرێك لەبەرد ..
ژنە جوانەكەی گەڕەك .. نا
( ئاسوودەیی ) .

دیوارەکانی نیشتمان
تەزیون ، لە تەنیاییا ..
بنمیچی ماڵ شەقارشەقار ،
دڵۆپەی بارانی خوێنە ..
گوێسەبانەی ئومێدیشمان
چلورەی ترسی گرتووە ،
عەقڵ هەڵکورماوە لەسەرعەردێکی ڕووت
خەومانیگرتوە ، بێ نوێنە ..
تەنوورێکی داخە دڵمان ،
کزەی سەرماش
گازلەچنگوپەلمان ئەگرێ ..
چ گورگێکی هارە زستان
لەم هەوارە بێدەنگەیا
نزا ناگاتە گوێی ئاسمان ،
وەها بڕوا ، خوداش ئەمرێ .

خەریكە سڕدەبم ، ئەی ژین
بەدەست ئەوشەپۆلە نزمەی
ئەم هەرێمی بێدەنگییەی گرتۆتەوە ،
لەكۆماری عێراقی فیدراڵی نوێدا ..
ئەگەری كڕێوە هەیەو ڕێبەندانیش
خۆزگە دەبوو.. بەتۆفانیش !

...................................

هەموو خۆشییەكانیان فرۆشت
خەمیشیان بەئێمە كڕی ..
هەموو جوانییەكانیشیان كوشت ،
جێ پەنجەی تاوانەكەشیان
بەبێ دەنگی .. ئێمە سڕی ..
خەوفرۆشە دەستگێڕەكانی نەتەوە
چەرچییەكانی .. نیشتمانم .

مەراق هاتە ماڵەکانمان ،
لەسەرسفرەی چۆڵی خوانمان دادەنیشێ و
دێ لەگەڵمان بۆ توالێت ،
بەرلەخۆشمان دەخزێتە نێو جێگە خەومان
بۆیە ماوەیەکە بۆنی
عیشق نایەت لەباخەڵمان ..
ئەو یەکەمجار میوانێکی ناوەختە بوو
شەرمن ، کەم دوو ، گیرفان بەتاڵ ،
وەلێ بەقودرەتیی قادروا خەریکە
ئێمە دەبین بەمیوان و
ئەو .. خاوەن ماڵ !

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

ڕەنگە وەك بنێشتی عادەت
لكابێ بە دانمانەوە ،
بێ ئەوەی لێی بەخەبەربین ..
جوینی نیوپاروە نان و فڕدانی نیوپیاڵە چایی و
پۆشینی نیو.. مراخانی و
بەستنی نیوپشتوێن و نیوجەمەدانی و
هەڵكێشانی نیوهەناسەو
سەرخستنەسەرنیوسەرین و
بینینی نیوفیلمی خەون و
كردنی نیوپیاسەش بەسەرنیوشەقامی نیشتمانا .
ڕەنگە وەك بنێشتی عادەت
لكابێ بە دانمانەوە ،
بێ ئەوە لێی بەخەبەربین ..
ئەگەر نا ، چۆن
بێدەنگی وا ڕاومان ئەكا
وەك ئەوەی ماسییە پەیكەربین .!!

دەرگای عەمبارەکانی نان
دڕك ڕێژن ..
ئەوان لەشاخەوە هاتن ،
زۆرێك لەوان بوون بەتۆوی
گوڵاڵەسوورەی دەشتەکان
نەگەیشتنە .. شار .
هەندێك لەوان ،
بەتایبەت ئەو انەی لەوێش
لەسنگی شاخ هەڵدەچەقین ،
ئەمرۆکە بوون
بە درەختۆکەی دڕکەزی و
لەبەر دەرگای
عەمباری ناندا ،، ڕواون .

داوای بەخشین
لەووشانە دەكەم ، زۆرجار
بەزۆرسواری .زارولێوی خۆم دەكردن ،
ناچارم دەكردن ، بڕۆن
بەرەو ئەشكەوتی گوێی هەندێ
پەیكەرە بەردی سەردەمی
.پێش سفری چاوزەقی زاین ..
چەند بەخشندە بوون وشەكان ، وەكوباران !؟
چ دووربوون لەهەست ، ئەوانی
پەیكەرە گوێ .. !؟
.........................
یەكەم جارە وا هەست دەكەم
لەبەرخێكی ڕاكشاوی
ژێرئەژنۆی قەسابێ دەچم ..
چەقۆی نیازی
لەبان قۆخی گەردنم داناوە ، منیش
نیگای تكاوبزەی بەزەیی تێ دەگرم

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

گڕدەبارێ و
بەرد دەبارێ و خۆڵ دەبارێ و
ڕەنگە فیل و گاش ببارێ
تەنها دڵۆپێ عارەقەی
حەیایە ، لەهەندێ هەنێ،
نەنگە بەڕێكەوتیش جارێ
بێتەخوارێ .

...............................

بە بەرد بڵێن ..
دوای چەند سەدە
ئەو هەموو ئەشكی ئاسمانە ،
چەند وردە خاڵێكی ئەسەف
لەسەر ئەو پێستە ئەستوورەت جێدەهێڵێ .. ؟؟
لەهیچ كەسی تر مەپرسن
ئاخر پێستی بەردو دڵی
چەتەكانی ئەم دەریایەش
لەیەك .. دەچن .

دڵی دەریاو.. دڵی بەردو
دڵی پڵنگێکی برسی و
دڵی ڕەشەبایەکی هارو
دڵی گایەکی زامداری
یەکێك لەگۆڕەپانەکانی بەرشلۆنەو
دڵی جەللادێکی موعتاد
بە کەلـلەی پەڕیوی بەرپێ و
دڵی قاچاخچیەکی خوێڕی و
سیاسەتبازێکی وریاش
وەکو یەك وان ..
نەگەردیلەیەك بەزەیی و
نەقولانجێ دوجا ، میهرو
نە پێدزەی چرپەیەکیش
مچورکەی ئاخێکیان تیایە
وەرزی دابڕانە ، گوڵم

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

كات .. چاخە بەردینەكانە
شوێن .. بەردستان
ئەگەرنا ، بۆ ئەم هەوارە پڕهاوارە
كەئەشكەوتێكی بێ ڕەنگە
ئەوەندە مات و بێ دەنگە ،
سەدایەكی لێوە نایە .. !؟
ئەی بەرد .. تكایە بجوڵێ
باسەگەكان پێت نەوەڕن
. دەكرێ ببی بەگوڵدان و بەهەسان و
بە بەربستێك بۆ خڕكردنەوەی باران و
دەكرێ ببی بەدیواری قوتابخانەو
بەپردی سەرڕووبای مەر اقەكانیش
تكایە مەبە بەپەیكەر
ئاخر پەیكەرچی تر نییە
غەیری گێڕانەوەی مێژوو
بۆ سەدەیەك .. بێ چاو و گوێ !

ئەرێ یاران ، کەسێ نایەت
ڕێی کەشکەڵانی فەلەکم پێ نیشاندا
بەئاڕاستەی یەك ڕاستە ڕێ .. ؟
ئاخر.. دەڵێن
لەرینەوەی شەپۆلەکانی پەیڤینی
پیاوە درۆبازەکانی ئەم هەوارە
ناگەنە .. وێ !

..............................

چاوەڕوانیمان لێ دەتکێ
وەك پاسارییەکی تەڕی ژێر ڕەهێڵە
بەدیارلوتفی گورگێکەوە
کەنازانین .. کەی بڕیاری
دوایی هێنان بەچاوەڕوانیمان ئەدات
بەدواهەمین ماچی مەرگ .. !؟

وردە وردە
پەرییە بەسۆزەكانی نێو
دەریای جوانی جێمان دێڵن ،
سەدەفی سەرمان پڕدەبێ
لەهێلكە شەیتانۆكەی ڕق ،
دڵمان دەبێ بە بیابان ..
ئیدی دەبێ ، ناوی چەتەكانی دەریاش
بگۆڕین بەجەردەكانی هەواری
لم وڕەشەبا ..
ئێرە كۆماری دوپشك وپێوەدانە ،
گوڵم كەس نازانێ ، سبەی
قەدەربەرەوكوێمان ئەبا !

ئەسپی باڵداری خەیاڵێك
بەرەو ئاسمانی دوور فڕی و
نەهاتەوە ..
گوڵم ، ئاخر ئەم هەوارە
بۆ ئاژەڵە
ئەفسوناویەكانیش ناشێت .

........................

دوو بەرد لەنەسلی دەستاڕن
كەی گرنگە ، وەك بەهانە
كێ لەژێرەو .. كێ لەبانە
هەردووكیشیان هەر دەهاڕن .. !

چونکە تەنها
هەربەچاوی دڵ دەبینین
گوێی هزرمان دادەخەین وزمانیشمان
شەرم شکۆی شکاندووە بۆگفتوگۆ ..
ئیدی ..وەها
ئەی کەناری دڵنیایی وخەونی مەحاڵ
ناگەین .. بەتۆ
ئیدی ئاوها .. لێرە مێژوو
چیرۆکێکی ئەو دارەیە ،
هەڵوەرینی کردۆتە خوو ..
لەبارچوونی کۆرپەلەی (بەر) لەڕەحمیدا
حەسرەتێکی دووبارەیە .
ئەمڕۆ ، بەتامی ڕابردوو !

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

چاوەکان بوون
بەدوو هەڵماتی بەردینە ..
کونە ئەشکەوتی گوێیەکان
تەنراون بەتۆڕی چڕی جەڵجاڵۆکەی ڕیاکاری .
هاتوچۆی بۆنی گوڵ و نان
یاساغکراون لەهەردوو .
کوچە تەسکەکانی کەپوو ..
بەخڕکە بەردی ڕماویش لەکێوەکانی زەبرەوە
کوێربۆتەوە کارێزی دەم .،
، لەو ڕۆژەوەی بەگزادەکان
لەژێر کێڵگەکانی گەنما
ئاوێکی ڕەشیان دۆزیەوەو
جوتیارە بێ کارەکانیان کرد بەداهۆڵ ..
لەوڕۆژەوە ، ئەڤین پەیوەستە بەڕێسای
خواست و نمایشی بازاڕ..
ئەڤین ، لەنەسلی پشکۆیەو
داهۆڵەکان ، لەوشکەدار!

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

لەوەتەی ئێوە دەناسێ
هەست دەكەم ئەو دڵەی جاران
كەتەنها گوڵدانی حەزبوو
ڕۆژبەڕۆژخەریكە پڕتر
دەبێ لەدڕكەزیی كینە ..
گوناهی بەملی ئێوە
ئەی میرخاسەكانی وەتەن
ئەم وەرزی سۆزهەڵوەرینە ..
............................
گوناهی كەس نیە، ئازیز
خەونەكانمان نایەنە دی ،
خۆمان خراپ ڕاكشاوین ..
جارێ ئەملامان گەرم ئەكەین
جارێ ئەولا ،
گوڵم ، وەك شێرە بەفرینەی
بەرهەتاوین ..

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

بەپەیڤ هیچمان نەهێشتەوە
دەردەكانمان پێناسە كرد ،
نەخشەڕێگای چارەسەرمان بۆ داڕشتن .
بەرلەوەی دەستكەین بەكردار ..
تەقەی دەرگای ژووری نوستن
لەخەوی شیرینی كردین ..

.........................

نەورەس بەئومێدی كەنار
گوێ نادات بە پانیی زەریا .
داری پەلبڕاو بەهیوای بەهاری نوێ
گوێ نادات بەژانی تەورو
تەنانەت ئاسن بەخەونی
بوون بەجۆلانەی منداڵێك ،
گوێ نادات بەجەوری گڕو زەبری چەكوش ..
تۆ ، لەچاوەڕوانیی چیدا
وا بێدەنگی .. مرۆڤی بەرد !؟

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

گشت .. چاوەڕێین
لەودیو یاڵی سروشتەوە
پاڵەوانێکی بێ وێنەی ئەفسانەمان. بۆ دروست کەن
بەغەمزەیەك .. بەچرپەیەك
بەڕاوەشاندنی پەنجە ، بە باڵەفڕەیەکی خەیاڵ ،
دێوەزمەی ڕووگرژی بەختمان بۆ بخاتە سەرگڕوگاڵ
چ خەڵكانێكی خۆشخەوین
ئازیزەكەم .. چ خۆشخەیاڵ !؟

........................

نیگارەکان ، سپی و ڕەشن
گوڵەکان ، هەموو نایلۆنن ..
ئومێد ، خوێنی لەبەردەڕواو
ئەم بێباكیە ، نەكوژرێت
ژیان دەبێ بەمنداڵێكی ئۆتیزم و
ئاییندە وەك كچی نێو ماڵێكی نەریت
گڕبەرئەداتە جەستەی خۆی ..
چ وەرزێکی پڕسەرابە
دە ڕابە ئەی دڵ .. دە ڕابە !

كە بێدەنگی ،
دەست دەنێتە بینەقاقات
كە مۆتەكەی خەونێ سواری
سنگت دەبێ و
ڕێگە نادات ، هەناسە بەی ..
هەتا فێری قریشكەت كەم
هەتا وات لێكەم .. ڕاچڵەكی
، ناچاربەسوژنم دەكەی
بیكەم بەبن پێی خەیاڵتا .

........................

حەزئەكەم دووباڵم هەبێ
هەست ئەكەم ئەم خاكە هێزی
ڕاكێشانی
ئەوهەمووجەستە بێ سودەی
نەما بێ .. بەسەریا دەڕۆن!

خاك ، تەنیا كاڵایەك نییە
لەبازاڕی
سیاچەمی چەرچییەكانی سیاسەتدا .
خاك .. و اتە خۆراك و بستێ
جێخەوی منێكی وێڵی بێ هێلانەی
هەمیشە عەوداڵی كۆچ و
مشتێ خۆڵی
ئێسك و پروسكی یاران و
گۆڕەپانێك یادەوەریی مناڵێتی و
بەسۆزترین دو اباوەشی بێ منەتیش
لەخاوەن ماڵی .. بێ ئەمەك
لەگەڕەكی .. نیشتماندا .

ئيدى ئەم دنيايە وايە
كەسێ گيان دەكاتە بەرى
بەرد ، بە هونەر ..
كەسێ دەيكات بەيەزدان و
دەى پەرستێ .. خوداى پەيكەر ..

ئيدى ئەم دنيايە وايە
دوو خێڵى مرۆڤى تيايە
لەيەك ناچن گڕى مۆم و
ئاگرى خەرمانى سوتاو
لەيەك ناچن .. شەووسێبەر .

ئەمە .. جەنگی
نێوان نان و ئازادییە ..
شازادەكان ، وا یان دەوێ
ئاخر ئەوان باش دەزانن
نان و ئازادی پێكەوە
ئەگەر .. بدرێ
نەكەس سەیری بەژن و باڵای
خێچیان دەكاو
نەكەسیش .. گوێ
لەچیرۆكە سواوەكانی ئەوان دەگرێ ..
شازادەكان ، وا یان دەوێ
كەنان هەبێ ،
دەبێ دانی نێو قەفەس بێ !

پیتەكانی
ئەڤینمان لە بیرچۆتەوە .
نۆتەكانی
گۆرانییەكانی منالّییش ..
بەدەست ڕق فرۆشەكانی ئەم
مەزادخانەی خاكەوە ..
ئەی خەمی گیرفان بەتالّی
بەتەنها تۆ ماوی ، دەتۆش
فریاكەوە ..
خوایە وەتەن هەرئاواكەی
چاوی حەسود ،
دڕكێكی ژەهراوی پیاكەی !

## ( كتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

ئێمە بەهەموو شتێ ڕادێین ..
بەشۆردنی ددانی گێلێتی ، شەوان ،
بەسڕینێ
،دەموچاوی بەرهەمان ئاوێنەی خەیاڵ
گشت بەیانێ ..
بەخواردنەوەی
دیسان هەمان دیشلەمەی تاڵ ،
بەقەندی بێ عارییەوە ..
بەناردنی
هەمان شوکرانەی بێ دەنگی
بۆ هاروونەکانی وەتەن .

باسی بەباچوونی پوشی
ڕەنج خەساریی خۆییم دەكرد ،
وەلێ ئەو.. گوێی لەسەرڕێتمی
كێشی پەنجەی با .. دەرەقسا
چ خۆشنوودییەكە ، گوڵم
خۆشخەیاڵی.. ؟؟
...............................
لە پەیڤینا ، لە پۆلە چۆلەكەی هاری
سەرچڵی دارتویەك دەچین .
بێ ئەوەی گوێ لەیەك بگرین
هاوكات هەمووەمان پێكەوە دەجریوێنین ..
لە بز افدا ، كۆمەڵێ داهۆڵ و پەیكەر ،
بۆیە هەردەم دەستی زاتێ
فرە ئاسان ..
كڵاوی خۆشخەیاڵیمان
دەنێتە سەر .. !

تۆ بڵێی زوبانی نێوان
گورگ و مەڕیش ، وەك زوبانی
نێوان من و تۆ بێ .. مرۆڤ ؟؟

..........................

.. ساڵانێكی دوورو درێژ
بەدیار هێلكەی ئومێدەوە
ئێشكمان گرت .. وەلێ حەیفێ
هێلكە شەیتانۆكە دەرچوو .

..............................

خۆڵ و شمشێر لەهەركوێ بن
شتێك دەڕژێ ..
یان لەدیدە یان لەگەردن .

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

نیوەی ئەم تەمەنەم بەخشی
بەمەلی ئومێدێكی دوور ..
باوەجو. ئەولەسەرچڵێكی درەختی
چاوەڕوانیم ، هەڵنەكوڕما ..
ئاخرگوڵم وا پێدەچێت ،
سەعاتە چاڵمەكەی مێژوولەم هەوارە مەغرورەدا
پێچەوانە ڕادەبووری ..
............................
دەڵێ عیسام ،
بەخاچی بێزارییەوە داكوتراوم
بەبزماری بێدەنگیتان ..
ئەی ئەوانەی .. چاوەڕێن خۆر
خۆی بێتە ناوژوورە بێ پەنجەرەكان و
چاوەڕێن نان ..
لەم بیابانە قاقڕەیا ،
ببارێ لەجیاتی باران .. !!

درِك ، هیچی نەهێشتەوە
بۆ لێوی گوڵ ..
دەنوكەكانیش .. بۆ ماچ و
چرِنوكەكان ، بۆ لەمسێكی
بارگاوی بەتەزووی ئەڤین ..
چ رِۆژگارێكی بێ رِەنگ و
بێ بۆن و بەرامە ، یاران ،
ئەم هەوارەی تێیدا دەژین !

..............................

لەجوگرافیای جەنگەكانا
بن دەوەنێ دەست ناكەوێ
بۆ جێژوانی دوو دڵی پرِ ئێش وكەدەر
هەرچی پەنا بەردەكان و بن درەخت و
كەنارِی جۆگەكانیشە ،
دەبنە سەنگەر..

بەرانبەرم دانیشتبوو ،

مات و بێدەنگ ،

من ئەمدایە بەرخڕكەبەردی پرسیار

ئەویش مەنگترلەگۆمی مەنگ ..

وەك ئەوەی لێم زویر بووبێ

یان لێوی وەك لێوی ماسی

لەقولاپی خەمێكی گەورە گیربووبێ ،

چەنێ پێم وت چیتە ، لالۆ

وەڵێ نەبرژانگی جوڵاند ، نە زمانیشی هاتە گۆ

ناهەقی ناگرم ، دەمێكە

مەراق ، ئەوی لە یادكردووم .

تیری تانەی تێناگرم ، تەنانەت گەر

وەهاشی بۆ چووبێ .. مردووم .

دیارە دەردو داخی زۆرم پێ ڕشتووە ،

ئەوەی لەنێو ئاوێنەكەی بەرانبەرما

مات و بێدەنگ .. دانیشتووە !!

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

خەونی خۆمم پێ مەفرۆشن ..
بەرلەوەی ناوێکی نوێ لەم
لانە وێرانەیە بنێن ..
چڵەدارە گونجاوەکان بۆ هێلانە ،
چێ کەنەوە ..
تا بەرگەی بارەشی غەدرو
زریانی ناکاوی خێڵی نەیاربگرن ..
پوش وگەنمی تەواوی بۆ خڕکەنەوە ..
تا بێچوەکان لەوەرزێکی
سەختی برسێتیا نەمرن ..
خەونی خۆمم پێ مەفرۆشن ..
خەونی ئێوە لەسەرپشتی ئێمە دەنوێ ..
ئێمە نەبین ،
ئێوە پوشێکی بەرشنەی
بایە ناکەن ..

هەموو كورسییەكان بۆ خۆتان
حەسیرە باڵدارەكانی
خەیاڵیش با بۆ ئێمە بێ
ئێمە تەنها ..
خەو بەئازادییەوە دەبینین.!

.........................

لەوەتەی هەم ..
شەق لەو كورسییانە هەڵئەدەم
بۆنی عەتری كەرامەت و
عیززەتی نەفسیان لێ نایەت.!

..........................

مناڵیش بووم ..
حەزم لەسواربوونی كورسی كورسی نەبوو
دەمزانی ئەمانی نییە ،
ئەو یارییە نالەبارە
گا لەسەرو .. گا لەخوارە

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

حەزلەخەوێکی قوڵ دەکەم
چاوەکانم بێزاربوون لەوێنەگرتن
لەعەیامی فیلمە بێڕەنگەکانەوە
وێنەی مەراق دەچرکێنن
خەریکە وەك چاوەکانی (گا)یان لێدێ
تەح .. لەشوشەی مێژووی ڕەنگەکانی شادیی
ئەم هەوارە .. چەند بەتاڵە .!!
حەزلەخەوێکی قوڵ دەکەم
خۆشم سەرم سوڕماوە ، چۆن
بەرگەی زیاتر لەنیو سەدەی
بێ خەویی ئەم
مێژووە چەنەبازەم گرتووەو
گوێیەکانم نەبوون بەکونە
زەردەواڵە .. !

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

حەزلەخەوێكی قوڵ دەكەم
تەمەنێكە ، پۆل بەدوای پۆل
قەلەڕەشكەكانی مەراق
دڵم دەكەن بەهێلانە
ئەوانیش ئەوەندە هێلكەی
خەمی نوێیان تیا بەجێهێشت
قولانجێ جێ ،
بۆ بێچوە كۆترێكی شادی
نا .. مەحاڵە .. !!
حەزلەخەوێكی قوڵ دەكەم
بەجارێ روحی بێزارم
بەدەست بوونەوە عەوداڵە .. !!

وانەزانی .. كورتە باسی
چیرۆكی شەوێكی تاری
هەزارویەك شەوە دەكەم ..
بەحوكمی قەپانی ڕۆژگار
ئەمن شەهرەزادی كۆیلەم ،
ئەتۆش ئەسلی شا شەهرەیار.. !!
ئیدی .. تەواو
ئەهەست دەبێ بەگا بەردو
ئەهۆش دەبێ بەچۆڕێ ئاو..
بۆ لەمەودوا ..
ئەگۆدۆیەكی جادوگەر
دەكەین بەنوێنەری حەق و
ئەسێبەری تراویلكەش
دەكەین .. بەخوا
جەنابی فەرماندەی ڕەها !!

هەتا كەللەم بە نائومێدی پڕنەبێ
پەپولەی خەو ،
نابێتە مێوانی پشكۆی چاوەكانم
شارخامۆشەو
لەدوورە ، هەرئەڵێی پۆلێ ئەستێرە
ڕژاونەتە سەرماڵەكان ..
ئەوەی زیاتر دڵم ئەكات
بەدەفی دەستی دەروێشێ ،
خەمی نانە
لێوەكانی ئەوەندە پێ سواخ دراوە
تامی ماچیان بیرچۆتەوە..
شارخامۆشەو
وەك ئەوەی هیچ ڕوی نەدابێ .. !!

لەبەرد بزێو ترە دڵم
لە ڕەشەبا .. بێدەنگ ترو
لە ئاوڕەقترە خوێنیشم ،
بەرانبەرئەوكۆمیدیایەی
ئێوە ئەشكی بۆ دەڕێژن ..
ئەی كۆمبارسەكانی شانۆی
( دواهەمین نەسلی نیاندەرتاڵ )
ئەزلەڕۆڵی
سەختی لاسایی كردندا یەكجاركۆڵم
لێم ببوورن ،
منیش نەمتوانی وەك ئێوە بەكوڵ بگریم ..
لەوەتەی هەم ، هەنگاو دەنێم
جا چ پێم بەخەنەی خوێن بێ
یان بەخرخاڵی كۆتەوە ..
لێم ببوورن ، من دەمێكە
ڕیتمی گریەی ڕیاكاریم .. بیرچۆتەوە.

شارێك ، خوێنی لێ دەچۆڕێ
كیژە ئەویندارەكانی ،
پرچیان دەكەن بە برین پێچ ..
شارێك ، لەئاهەنگی مەرگا
هەڵپەڕكێی گیانبازی دەكات ،
كیژە سەماكارەكانی
سەرەی سەرچۆپی نابەخشن
بەهیچ كوڕێك .. !
شارێك پاڵدەنێ بەبەردی سیزیفەوە
كیژانی هەربەسنگ دەیبەن
بەرەولوتكە ..

# ( كتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

شارێك ،
سەرقاڵی جۆشدانی ئاگرێکە
بیکەن بەگژکزەو شەختەو
زوقمی زستانێکی سەختا ،
کیژەکانی ، قامکی خۆیانی بۆ دەکەن
بە یەکەم پەڵاشی گڕدان ..
ئەگەر بەنیازی سەردانی ئەو شارەکەی ،
گەردەتەوێ .. لەسەرنەخشە
بزانی ئەو شارە کوێیە .. !؟
بێ دووربین و بێ چاویلکەو
بەبێ گەردبین ..
لەهەورێکی کۆچەری هاتوو لەدەریای
سپیی ناوەڕاست ، بپرسە ..
کوێیە .. عەفرین !؟

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

*( بەروخسەتی مامۆستا شێرکۆ بێکەس )*

هەموو دەشت و باخ و كێڵگەو
یاڵەكانیش .. هەربۆ ئێوە !
گشت ڕووبارو چەم و كانی و
جۆگەلەی قەدپاڵەكانیش ، هەربۆ ئێوە ..
تەنانەت خەونی بۆن خۆش و
خاتیر اتی پڕلەجۆش و
غایەڵەو خەیاڵەكانیش هەربۆ ئێوە ..
وەلێ .. هەرگیز خەمم لەهی ئێوە ناچێ
خەمی جێ خەوی شەوێكم
مەراقی هەمووژیانمە ..
بەڵێ ، ئێستا
كارتۆنێك .. نیشتمانمە !

*بۆ ئەوکۆرپەیەی لەنێوکارتۆنێکدا ، دایکی سواڵی پێدەکرد*

## ( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

...............................

دەمێ بەنرخی خوێن ئەدرێ
دەمێ بەنرخی شەرەف و
دەمێ بەنرخی لغاوی ئەسپی زارو
دابەزینی ڕیشی شکۆ
بۆ ژێر سنگی شەرمەزاری ..
ئەی تۆ بەنرخی چی ئەیدەی ،
حەکیمی زرینگ و زەبەنگ ..
پسوڵەی نان .. بەکارتی دەنگ ؟؟
ئای کەشەرمە ..
لەخەیاڵی ماسیەکانا
وەکو یەک بن ، گۆم و کانی !
ئای کەشەرمە ..
تەنانەت گەر بۆ جارێکیش ،
ڕۆڵی جەللاد
نمایش بکا .. قوربانی !!

بە مایكل ئەنجلۆ بڵێن ،
تا زووە با ..
عەبایەك بكاتە شانی
هەرپەیكەرەو
بەداڤینشی بڵێن ، ئەویش
سەرپۆشێك بكاتە سەری ،
مۆنالیزا ..
دەنا هەردووكیان ئەدەنە
بەرنەفرەتی بەرە ڵایی ..
پیاوە ڕیش سپیەكانی بڕوا.. !

هەموو ڕۆژێ ..
روحی سیخناخم بەحەسرەت
دەڵێ پیاڵەیەك چای تاڵە ..
نە لێڕژانی ڕادەوەستێ و
نە بێدەنگیش دەبێ .. ناڵە !
ئەزدەمێكە ..
عاشق بەسۆزی ئەم خاكەم ،
وەلێ هیچی دی پێ نەدام ..
بێجگە لە شەستەبارانی پەشیمانی و
هەوری ئومێدی .. گەواڵە !
هەموو ڕۆژێ ..
روحی سیخناخم بەحەسرەت
دەڵێ پیاڵەیەك چای تاڵە .. !!

ڕۆژانێ بوو..
چاوەكان چرایەكیان هەبوو..
گیانی ماندووی ژێرباری نان
دیوارێكی گڵینەی ڕووت ..
لەگەڵ پارچە لبادێكیش تا سنووری
كشانی پێ ..
كەچی شەونەبوو، شكۆفەی
خەندەیەك لەسەرچڵی لێو
نەپشكوێ ..
وای لەدوێنێ وئای لەئەمڕۆ

هەردەڵێن ، دێ
سێو پێگەیی و ئەوهەرنەهات
هەردەڵێن ، دێ
لیموزەرد بوو..
وەك ڕەنگی ڕوخساری ئێمەی
چاوەڕێی شەوێکی بەرات ..!
هەردەڵێن ، دێ
هەناردەنك دەنك وەری
بەڕوو ، جامانەی فڕێداو
خۆی نیشان نادا لەشەرمی ڕووتیی سەری ..
هەردەڵێن ، دێ
روحی بەردینی قەزوانیش
وا بووبەئاو..

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

هەردەڵێن ، دێ و
پێی بڵێن با ئەرك نەكێشێ
پەردەی حەیای شانۆ دڕاو
ئەكتەرەكان هەموو مردن ،
نووسەر بوو بەسەربازی ون ،
دەرهێنەرلەئاوی سپیی دەریاچەی ئیجەیا خنكاو
بینەرانیش .. وەك بیجامەی
بازە گشتیان چوونەوە ئاو ..
هەردەڵێن ، دێ و پێی بڵێن با ئەرك نەكێشێ
ئیدی شانۆگەری .. تەواو !
هەردەڵێن ، دێ ..
(( بریسكەی بزەیەك بەسەر
لێوی ئومێدێكی تەزیو .. ))
هەردەڵێن ، دێ ..
(( موچڕكەی جورئەتێ بەنێو
دڵێكی لەعیشقا بەزیو .. ))

ویستم باسی بۆنی گوڵ كەم ،
هەرزوو پەشیمان بوومەوە ..
كاتێ یبینم ، خۆی بەیەخەی
بازرگانێكی عیشقەوە ، هەڵواسیوە ..
ویستم باسی
چاوی گەشی ئەستێرە كەم ،
هەرزوو پەشیمان بوومەوە ..
كاتێ بینیم ، لەسەرشانی
فەرماندەرێكی مرۆڤ كوژ
دانیشتووە ..

ویستم باسی کۆتری سپی
بۆ دراوسێکانم بکەم ،
هەرزوو پەشیمان بوومەوە ..
کاتێ بینیم ..
چەقۆیەك و قەفەزێکی
چۆڵم بۆ دێنن بەدیاری .. !
زمانی خۆم توند شەتەکداو
بەزاری هەست ،
بەدڵی خۆم وت ..
لەم بیابانە ڕووتەدا
بۆ هێندە کوشتەی شەپۆلی تراویلکەی ..
( لەم سەردەمی تاعونەدا )
بۆچی لەئەزموونی عیشقا
ئەوەندە گێل و ساویلکەی .. !؟

زاد لەگەڵ داد .. منداڵدو انەن
نە ئەمیان بێ ئەو .. شکۆیەو
نە ئەویان بێ .. ئەم بەمانا
............................
دەڵێن .. تۆ کێی
مل لەشمشێری حەق دەسوی
چاو دەکەی بەگژی خارا
زمان دەبەی ..
بۆ شانەهەنگوینی باخی
هەمووزاتێکی پڕبەها ..
دەڵێم منم .. منی هەردەم
هیچ نەبوو تا لەدەستی دەم
یاخی لەعەرش ..
یاخی لەسوڵتانی ڕەها !!

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

نیشتمانم ..
زۆر لە مۆنالیزا دەچێت !!
بەهاو شوهرەتی بۆ ئەوان ،
مەراقی نهێنیی خەندەی سەرلێویشی
بۆ ئێمەیە .. !!

عاشق بوون بەنیشتمان وەکو
عاشق بوونی کوڕێکی هەژارە ، وەلێ
بەکەنیشەکە تاقانەکەی جەنابی میر..!

نابینی چەند ، بە ئەمەکن !؟
نابینی کەڵبەیان چۆنی
لەڕان و کەمەرو شانمان گیرکردووە !؟
ئیدی تۆ چۆن دەڵێی هەموو..
مرۆڤەکان .. برای یەکن ؟؟

چ پاییزێکی ناوەختە .. !
بەرلەپشکوتنی هاوار ،
چرۆی چرپە هەڵدەوەرێ و
بەرلەوەی ڕەزبزێ ، بادەی
بێدەنگی ئالودەی کردین !!
ئای .. نیشتمانی ئەفسانە ،
لەنێو تۆدا ..
چەند بەپیری لەدایك بووین ،
چۆن بەکۆرپەلەییش .. دەمرین !؟
......................
ساچمەی تاپڕەکەی دەستی تۆ
سنگی پاساری دەپێکێ ..
تۆلەئازاری روح فڕین چۆن تێدەگەی .. !!
تۆ پێتوایە لینگەفرتێی بەرلەمردن
سەمای خۆشحاڵییە .. ڕاوچی !؟

لەناو چیرۆكێكی عیشقا
ئەوەندە ئاوێتەی یەك بوون ..
نەنگە لێكیان جیاكەیتەوە بەئاسانی
قاچەكانی كورسییەك و قاچەكانی
هەندێ زاتی ..
دورگەیەكی .. ڕۆژهەڵاتی !!

.......................

، قەڵەم
نە گوللەو .. نەخار
. قەڵەم ، درەختێكە بەردار
هەم میوەی حەقیقەت ئەگرێ و
هەم گەڵای كەسكی پرسیار ..
قەڵەم ، مۆمێكی خۆبەخشەو
ئیدی بۆ دەیكوژی ، زۆردار..؟

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

هەموو شەوێ ..
کاتێ پێڵوەکانم دەبن بەدوا پەردەی
شانۆگەریی ڕۆژێکی تر.
بەنیازی مردن دەخەوم
هەموو بەری بەیانێکیش ، دەستی ڕێکەوت
کەئەوپەردانە لادەدا
دەڵێم .. نانا ، جارێ ماوم
ئێدی چی بکەم ،
بەدەست خۆم نییە لەخاکی
قەزاوقەدەردا .. خولقاوم !!

.........................

نیشتمان .. خەمگەلێکی زۆر
لەبان دڵمن ، چین لەسەرچین ..
هەمووسەروەتیشم تەنها ، قەڵەمێکەو
دەترسێم داستانی ڕەنجم
وەك هی فەرهاد بێ بۆ.. شیرین !!

كە پێ دەنێم بەجەستەتدا
لەگەڵ قرچەی سەرپشتی تۆ
قرچەش لەدڵی خۆم هەڵدەسێ
لێمببووره تۆ ئەی دووپشك ،
گەروانەكەم پێوەم ئەدەی .
ئیدی وایە .. ژیانداری
هەردوو ، جەنگی ژیان دەكەین
بە ناچاری .. !!

........................

گوڵەسوورەكانی نیشتمان
ڕەش هەڵگەڕان .
گوڵم .. لەهۆكار.. دوودڵم
لەبێوەفایی بای وادە ،
یان باخەوانە ، بەربادە .. !!
یان .. هەردووكیان ؟؟

بمبوورە .. گیان
گوێم ، تاقەتی قیڕە قیڕی
بۆقەكانی هیچ نەماوە .. !
لەنیشتمانێكی گۆما ..
ئەوەی دەكرێ ، سەمای پەیكەر
ئەوەی دەوترێ ، ئەزیزم
چەند نوكتەیەكی دووبارەی
زۆر.. سواوە !!

..........................

كەمن هەرئەسیری خەم بم
وێڵی سەراب یاخوتەم بم
چاولەڕێی تورك یان عەجەم بم
لەزۆنەی ئەویاخوئەم بم
چ جیاوازی هەیە بۆمن ..
ژان هی خاربێ یا هی سوژن ؟؟

ئەگەر لێرە .. لەم هەوارە
خۆرەتاو زێڕكەفتی نو اند
چاوەكانی ڕووبار شین و
خاك ، گەنم ڕەنگ.. گوڵەكانیش
خوێنی تازە ڕژاو لەزامی شەهیدێ
گوڵم ، هەرگیز بڕوا نەكەی
نیگارێكی ناتەواوە ..
سروشت لێرە .. زۆر لەمێژە
سروشتی خۆی لەدەست داوە ..

چەند هەزار دڵ ،
لەنێو چنگی میرخاسە سەرخۆشەكانی
خەراباتەكەی بەڵێنا ،
بوون بەپرتەقاڵی گوشراو.. !؟
نەخێریاران .. نارەوایە
بڵێن مێژوو لەم بن دەوەنەدا ، دیسان
خۆی دووبارە دەكاتەوە ..
مێژوو لێرە ..
مامرێكی گەڕی پیرەو.. ساڵەهایە
لەسەر هێلكە شەیتانۆكە
كرڕڕ.... كەوتووە !!

## ( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

درەختێکی ،
هەربەزۆرموتوربەکراوی
چەماوەی پیر..
کاتێ کە ئوفتادەتەن بوو
هەرچڵەو بەئارەزووی خۆی
ڕوو لەلایەك پەلدەهاوێ و
بەدترین بای ناوەختەیەك
دەروێش ئاسا ..
دەی خاتەسەرسەمای زیکرو
دانە دانە گەڵای کەسکی لێدەوەرێ !!
سا هەڵپەڕە ئەی دڕکەزی
ئەو نەمێنێ .. تۆی گرگنی بێ فەڕوبەر
ڕۆژی خۆتەو بێ بەرانبەر
تاقانە میری نێوڕەزی ..

پەیكەرەكان ،
تەنها چیرۆكە كۆنەكان دەگێڕنەوەو
پێشبینی ئایندە ناكەن ..
هەربۆیە پەیكەرتاشەكان
چاوەكانیان
بێ گلێنەی ڕەش دەتاشن .. !
..............................
هەتا ڕەنگی بەیداخەكان
جودا تربن ..
هەژاری خێر اتر دێتە
نێو ماڵ و خەیاڵمانەوە .. !

چایخانەمان پڕكرد لەخەم ،
لە سكاڵاو نائومێدی ..
پیاڵەكان زوخاوە سك بوون ،
واقی كەوچكەكانمان وڕكرد
هێندە بە پەنجەی بێزاری ،
خولانماندنەوە بەدەوری خاڵی هیچدا
ئەمڕۆ ژێر پیاڵەیەكم دی ..
وردە وردە
چووە لێوار تەبڵەكەكەو
ئەوەندەی چاو تروكانێ لێی غافڵ بووم
خۆی فڕێدایە خوارەوەو
وردو خاش بوو
وەك وردوخاش بوونی پیاڵەی
چای شكۆمان ..

بەردەكانی ئاش ،
ساف ولووس وخز..
كەچی بەنیازە ، ئاردی سفری پێ
بەرهەم بهێنێ ، ئاشەوانی دز..
..........................
چۆلەكەی قەدەر،
لەداهۆڵی پوش ئەبەد ناترسێ ..
وەك چۆن بای خەزان بەنیازی بردن ،
لەگەڵای زەردی وەریو ناپرسێ .. !!
............................
ئەوەندە خەوتین ،
ئالوودە بووین بە ، خەوبینینەوە ..
فیلمی عومریش بۆكۆتایی دەچێ و
ماوە .. نەماوە
تەنانەت خەونێك بگێڕینەوە ..

لەم هەوارە بەسامەدا
مردوویەكی زیندو خۆرە .. ژیان ئەمڕۆ
نەدڵی هەس ، نەخوێنیشی لەبەردەڕوا
هەر ڕێك وەك ئەكتەرەكانی
چیرۆكەكانی (هیتشكۆك). ..

..........................

ترس هێندە هاتۆتە نێو دڵمانەوە
دەستمانی ئاڵوودە كردووە
بەكلۆمدانی كلیلی هەر دەرگایەك
لەدوای خۆمان پێوەی ئەدەین ،
تەنانەت دەركی ماڵێكی بێ دیواریش .. !!

........................

دڵمان دەڵێی نارنجۆكە
لەنێو مشتێكی لەرزۆكی ژیان خاندا ..
ئەڵقەكەی كردۆتە پەنجەی
(برا توتەی) دەستی چەپی .

بەردو بەردو بەرد
پەیڤین .. لەگەڵ بەرد
گوێ گرتن .. لەبەرد
هەڕەشە لەبەرد ، سكاڵا لەبەرد
ڕشتنی ئەسرین لەبەرپێی بەردا ..
دوعا ، لەبەردو مانگرتن لەبەرد
بەرد گرتنە بەردیش ..
وەك پووشە بكرێ بەگژ باڕەشاو
یەك قولانج دڵی بەردێ ناجوڵێ
تاوەكو نەشكێ ..
لوتی بەرزی بەرد ..

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

لەهیچمان کەم نییە ، تەنها
پڕبە مشتێ گەنمی ژەهراوی حیکمەت و
جامولکەیەك چۆڕاوی چلوورەی حورمەت و
چەند قولانجێ ، جێ لەنێوان
دوو بەرداشەکەی دەستاڕی
زبری جوگر افیای فرسەت و
پشکۆیەکی داخ و سوورتریش لەڕەنگی
ڕژاو لەمێژوومان .. نەبێ
بۆ ئەوەی نانێکی تری گەرم بخۆین
بەپڵاوی .. خەیاڵەوە !
لەهیچمان کەم نییە ، تەنها
چەند هەزارساڵێ دی نەبێ
لەنوێژو خەڵوەت و نزا بۆعەرشی خوا ..
کەچمکی عەباکەی زاڵم ،
بئاڵێ لەدەستی تۆڵەی زەواڵەوە .. !!!

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

هەرچیەك بێ ڕەنگی چاوت
جوانە .. بەڕێز !!
سەوزبێ لەڕەنگی گەڵاو
دەشتی گەنم بۆبرسییەكان ..
شین بێ لەڕەنگی زەریایەك
لەبەخشین و لێبوردەیی و خۆشەویستی
ڕەش بێ لەڕەنگی ئەگریجەی خاوی یارو
قاوەیی بێ لەڕەنگی هەنگوینی ڕەنجی
ڕەنج خەسارەكانی هەوار
وەلێ هەرگیز با سوور نەبێ ..
ئاخر.. بەڕێز !!
هەرچاوی سوورە ، زیندەگی
دەكات بەگۆمێكی خوێن و
تەمێكی ئەستووری تۆڵە ..
لەئاو ، لەئاسمان ولەخاك ،
لەتۆی بێ باك .. !!

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

دەری دەكەم .. هەردێتەوە
خۆمی لێ ون دەكەم ، وەلێ
لەنێو ئۆقیانی ئاپۆڕەی
عەواما ئەم .. دۆزێتەوە
زەردەواڵەی سووری مەراق !!

..............................

بیدەرە بەر.. بای بێ عاری
ئەم هەمووگەڵا وەریوەی
درەختە ڕووتەكانی شار
هەربەتۆكۆ.. ناكرێتەوە
دەستی یادگار.. !!

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

خەفەت بۆ هیچ شتێ ناخۆم
خەونی مناڵێتی نەبێ .. !
لەهیچ شتێ پەشیمان نیم
غەیری قەدەری گەورەبوون !!

........................

چیتر من گۆرانی ناڵێم
ژیان پڕە لەژاوە ژاو
وێنەی هیچ گوڵێكیش ناكەم ..
پەیكەرەكانی وڵاتی پەیكەرستان
نەگوێچكەیان .. هەیە نەچاو !!

بەهار، من شەرمەزاری تۆم
خوێن لەدەمارما نەماوە
تاكو كەتۆ هاتی بجمێ ..
بۆنی ئەڤین لەگەڵ با چوو
سێوی دڵەكانیش .. كرمێ !!

.........................

بەم سەرەتای پاییزە ، من
باسی نائومێدی ناكەم بۆتان .. یاران
تاڵترین خەونی حەقیقەت
دەگێڕمەوە ..
بەرلەوەی تەشریفی بێنێ
یەكەم .. باران !!

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

دەرگەی قەفەس ئاوەڵایە
بفڕە ... گەمژە
مەرگیش بەفڕینەوە جو انە
نەك لەسوچێكی هێلانە .. !!

..........................

(با) مناڵی گەردەلوولە
گەمژەیە ، ئەوزاتەی كەوا
پێی وایە قەت گەورە نابێ .. !!

................................

بەدوی چیا
ئەوعەشاماتە ڕا دەكا .. ؟؟
ئەم گوندە خۆی بازنەیەكی داخراوەو
دەستپێك وكۆتایی ، یەكەو
هەرلەئەنگوستیلە دەچێ و
تەنهاش بەقامكە گچكەلەی
ئاغا دەكا .. !

كە ڕێ .. كەوتی
سەیری بەرپێی خۆت كە ، گوڵم
ئەم هەوارە ..
چەند پڕە لەوردە شووشەی دڵی شكاو
ئەوەندەش پڕ.. نوكی خارە !!
گوێ لەچرپەی
هەموو سروەیەكیش مەگرە ، گوڵم
هەندێ جاربا ..
گێلە بەگوێی ڕیبوارەكانی ڕێ دەكا !!
با دڵی خۆت دادوەرت بێ ..
چاوت گەش و سەرت بەرزو
گزنگی خۆر.. تەتەرت بێ .

ئاو بوەستێ ..
خاك دەبێ بە بیابان و
درەخت دەبێ بە دڕكەزی و
سەرابیش بە ئارەزووی خۆی
گێلە بەبینایی دەكات .. !!
دەنگ بوەستێ ،
زمان نوتقی بیر دەچێت و
گوێ ، دەبێ بەكونە ئەشكەوت و ،
بێدەنگی ڕاماندەماڵێ ..
ئێوەش ئاو بن نەوەستن و
سەدای هاوار ،
با دڕبەئاسمانیش بدات ..
ئەی چۆلەكە كرێچیەكانی هەواری
نێوان جوتێ ڕاوچیی عەییار !

هەموو شمشاڵێکی خەمبار
دڵم دەگوشێ .. چون بەناڵەی ،
ئەورۆژانەم دێتەوە یاد
کەگوڵە سوورەکانی شەهید
لەبەهاری ڕاپەڕینا، هەڵوەرین بۆ
ئەم پایزە زەردەی ئەمڕۆ.. !!

..............................

هێندە ماندووم ..
بۆکورتە گەشتێکی خەیاڵ ،
حەزدەکەم لەگەڵ دوکەڵی سیگارێکا
بفڕم بەرەو ئاسمانی دوور
دوورلەهێزی ڕاکێشانی
خەڵك وزەوی .. !!

كزەی جەرگم ..
گەرتا ئەمڕۆ ،
سلفادۆردالی بمایە ..
نەفرەتی لەڕەنگ دەكردو
ڕیشی فلچەی دەسوتاندو
هەر دە پەنجەكانی خۆشی
بۆدەكردی بەدە مۆم و
بێ تروكەی چاو ،.. بێ لەرەی سەر
تا ئەودەمەی ..
بێدار دەبوویتە ، ئەویش
بەدیارتەوە .. دەبووە پەیكەر!
(منالە بۆیاخچیەكە)

پێش ئەوەی باسی جوانی کەی
باسی بۆنی نان بکە بۆم .. !!
باسی شەوخەوێکی حورمەت ،
باسی تەرازووە شەلەکەی
دان و بردن .. !!
چیت داوە لەڕەنگی چاوم ،
لەبەرزیی سێبەری باڵام ،
لەتەنگیی بازنەی کەمەرم ..
ئەی گوایە نازانی ماوەی
بەسەرچوونی هەیە ، جوانی
بەرلەمردن .. ؟؟

هەر ئەوەندەی ..
جاڵجاڵۆكەیەكی وردەو
لەهەركوێیەك تۆڕی چنی
دەیكات بەمۆزەخانەی ستەم ...
جۆرێكە لەپەسیوی بەراز
بەخێر ایی ..
(لەرزە پێڵو لەچركە پژمە)دا دەفرێ و
سەرتاسەری مەملەكەتێ
دوچاری ڕسو ایی دەكا ...
بۆ هەندێكیش ..
دەبێتە بار انی خێرو چلەی هاوین ،
پێدەشتی قاقڕی بەختی
دەكات بە (جەنناتی عەدەن)
( بێ .. دەنگی )

## ( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

بان و بنی خاکیان فرۆشت
هەموو شتێك نرخی هەبوو..
زێڕی ڕەش و
خۆڵی سوورو زەردو سپی و
ئاوی ڕوون و ئاوی تاریك
درەخت و گیاو پوش و پەڵاش
تەنها هاونیشتمانیان نەبێ
کڕیار نەبوو ، بیانکڕێ ..
یان هەر بیانبات .. بەبەلاش !!
وتیان ئەمان .. پارە ناکەن
خوێن و پێست و ئێسك و گۆشتن
ئێمە تەنها نیشتمانێکمان گەرەکە
بۆ.. فرۆشتن !!

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

.

گیرفانی كراسەكانتان هەموو بدڕن ..
پێویست بەشەرواڵیش ناكات
سەرو چەند مەترێ خام بكڕن ..
خام .. هەرزانە
ئێ خۆ ئێمە هەموو مردووین
یاران .. كفن
كوا پێویستی بەگیرفانە .. !!

.........................

نەفرەت لەگڕ.. نەفرەت لەئاو..
نەفرەت لەئاسمان و هەتاو..
نەفرەت لەنان ، لەنیشتمان ،
نەفرەت لە (با) ش .
ئەو دەمانەی دەبنە مایەی
گەردنێكی چون شۆڕەبی و
شوشەی دڵێكی وردوخاش !

دەمت تاڵە .. ؟
هەست بە نەشئەی خەیاڵ ناكەی ،؟
هێندە بۆ قەڵس و بەربادی ..؟؟
خەتای مەی نییە ، سەیزادە
خۆت بەتریاكێكی كۆنی
ماوە بەسەرچوو موعتادی .. !!
..........................
گوڵم ، ئیتر قەدەرمانە
دژی چڕنوك بجەنگین و
دژی كەڵبەش ، وەلێ تەریب .. !!
گوڵم ، ئیتر قەدەرمانە
لەجوگرافیای جەنگەڵێكا ئەژین ،، تەژی
هەم بەداڵی هاوجەنگەڵ و
هەم بەكەمتیاری غەریب .. !!

سروشتی ڕێوییان هەیە
بەئازاكانی شارئەڵێن ..
ئەها .. ئازاكان لەجەنگا
چۆن ئەكوژرێن و دەنگ ناكەن .. !!

.........................

دزی ، ویستی ،
لە ئێوارە زەردەكانی
پاییزی مات و غەمگینی
نیشتمانا پیاسە بكات .،.
بەتەنها دوان .. چوون لەگەڵیا
ئەوانیش هەرچاوی بزو
زمانی لووسی درۆ بوون .. !!

دەرگەكانمان ،
مینرێژكراون بەمەراق
ئەوانەی دێنەدەرلەماڵ .. جەستەكان نین ،
تەنها ڕوحە ناچارەكانن بەدەرچوون
پەنجەرەكان ، لەژێررەحمەتی دووربینی
نیشان شكێنەرەكانی
سەربانی ماڵی كوێخا دان ..
ئەوانەی لێوەی دەڕوانن ، چاوەكان نین ،
هەندێ پەڕەندەی موعتادن
بەبادەی عەتیقی قەفەس
بێزارییە .. گوڵم ، وەرزی بێزارییە
گوندەكەمان ،
سەرقاڵی دروێنەی خەم و بێ عارییە .. !!

بێ مانایە ..
بەدێوەزمە بڵێی ، قوربان
لەبەرقورسیی پاشەڵی تۆ
لەسەرسنگم ،
وەختە روحم بێتەدەرێ ..
دەسا بۆ دەرچوونی ئاخێ
لەتونێلی تەنگی گەروو ،
تكایە مۆڵەتم بەرێ .. !!
.............................
ئەوەندە درۆتان باران
وادەی پەڵە خەریكە دێ و
باران لەڕووی نایە داكات ..
وا بڕوا ئەم خاكە ، ئەم ساڵ
لەبری گەنم ،
هەرداهۆڵی لێ شین دەبێ .. !!

هیچ لەوادەی خۆیدا نەهات
نەهەورو تەم .. نەباران و
نەڕیش سپییەكەی زستان و
نەفرمێسك و.. نەگریان و
نەڕەشەباو.. نەهەڵوەرین
نەختوكەو.. نەپێكەنین
نە بەرەوڕەحمی خاك ڕۆچوون
نە ، تەنانەت .. لەدایك بوون
ئیترزمانی تۆ.. بۆ
لەوادەی خۆیدا بێتە گۆ
ئەی حەق ..
ئەی توێكڵی ڕەق لەبەر
ئێمە لەمێژە ئالوودەین
بەتریاكی .. قەزاوقەدەر!!

لەدەرەوەی كات و شوێنا ..
بێباكترلەپوشی دەم باو
گەڵای زەردی ڕەدوكەوتووی تۆف و زریان ،
شتێكی سەیربەسەردەبەین
هەربەڕێكەوت ..
وابزانم پێی دەڵێن .. ژیان
ئێمەی جێماو ،
لە بەختەوەرترین نەسلی
ئەهلی ئەشكەوت .. !!
.................................
كەڵبەكانی جیڕكردەوەو
نیازی قەپی ئاشكرا كرد ..
كاتێ دەمامكی سەگی پاسی نێوڕان
لەسەررووخساری هەڵخزاو
نمایشی كرد .. شوناسی
گورگە بۆری دیمۆكراسی ..

ژیانیان كرد
بەتۆپەڵێ گڕی مەراق
شوێن .. بەدۆزەخ
كات ، بەشمشێرێكی دووفاق
ئەشرەفە شەریفەكانی .. !!
نیمچە دورگەی
لەگۆی زەوی تەوقی ( واق واق )!!
پەرداخی ئومێدیان شكاند
گوڵاوی حورمەت ڕژایە
بەرپێی قەدەر..
ژیانیان كرد بەژەقنەبووت
ئەشرەفە نابووتەكانی
نیشتمانی كفن و تابووت ..

جەنابی داڵ ،
ویستی پەیامێ بنێرێ
بۆ چۆلەكە بێزارەكان
سەبارەت بەكاری یاساغ ..
نە كەوقاسپەیەكی پێداو
نە كۆترگمەیەكی بۆكرد
نە قەلەباچكەش وتی .. قاغ
وەلێ ناچار..
وەك ساڵی پار.. بەنابووتی
پەیامەكەی دایەوە دەست
بەرێز... توتی !!

بە ڕاشكاوی و دوور لەپەناو پێچ
ڕێك و ڕەوان ، بێ .. هێڵی خواروخێچ.
مەملەكەتێ ، كێچ
حەسحەسی ژووری نانەڕەقەی بێ
بۆ پارچەیەك نان ..
تاوەكو ڕۆژی نەفخی سور، دەبێ
چاوە زەقەی بێ .. !!
.........................
ڕەنگەكان هەموویان ڕەشن
هەڵدەمژن .. نادەنەوە
كوێر دەكەن ، ڕوون ناكەنەوە
لەكردنی ئەم هەواری خۆرەتاوە
بەتاریكستان .. هاوبەشن
ڕەنگەكان هەموویان ڕەشن .. !!

تا گوڵ هەبێ
من گەڵاو سێبەری سەریم
تاكو دەشتی گەنم هەبێ
پەڵەهەورێكی سەفەرییم
تا حەسرەتی ناخێك هەبێ
دەبم بەگوێ ، دەبم بەلێو
تا ئاگری ئاخێك هەبێ
دەبم بەزارێكی بزێو
پەنجەم بەئاوازی ستەم
سەما .. ناكا
خامەم لەژێربگرن ، ئەبەد
سەربەماڵی .. تەما ناكا
بەكەیفی هیچ بارەشێكیش
دوایی ناهێنم ، بەدێڕم
گەرئەمانە .. ئاژاوە بن
بەڵێ ، من ئاژاوەگێڕم ..

ئێمە لەگەڵ ..
سێبەرەكاندا دەجەنگێین
دەترسین ، چاو
ببڕینە چاوی حەقیقەت
گەرچی تەنها
چەند فرسەخێك دوورە لێمان
نەبا ڕوخساری خۆمانی تیا ببینین
دەڵێن گو ایە .. شەڕباشترە
لەهەڵكوڕمانی ژێرباران .. !!
ئای چ بێ گوێیە ئەم عیشقە
چ نابینایە دڵ ، یاران .. ؟؟

دۆزەخێکی سەیرە ، گوڵم
نێڵەنێڵی مەراق روحمان ئەبرژێنێ و
هەناسەی فلوتی تەرزە
گیانمان دەخاتە سەرلەرزە ..
سەرم لەم گوندە دەرناچێ ،
لەهیچ گوندێکی کەی سەرڕێی
سەفەر.. ناچێ !!

....................................

تاکو وێنەی سەرکردەکان
باربن لەسەر..
سنگی دیواری ژوورەکان
پشتی نیشتمان هەرکووڕە ..!!

دەبێ کێ بێ .. حەزنەکا خۆر
دەستکاتە گەردنی هەموو درەختەکان .. !!
دەبێ کێ بێ ..
ڕقی لەباران بێتەوە ، گەربەیەك تاو
باری بەسەرهەموومانا ..
دەبێ کێ بێ ..
هێندە وەڕس بێ لەهاوار
قریشکەی هەورێکی تورە لەبێدادی ..
قرمژنی قوڕگێکی خوڵقاو
بۆئازادی ..!!
دەبێ کێ بێ و دەبێ کێ بێ و
دەبێ .. کێ .. بێ .. ؟؟

هیچ قسەیەکم نییە کاتێ
باسی ئومێدم بۆ دەکەن ..
ئاخر، لەم گوندەی ئێمەدا
کانیەکانی ژیانیان پڕ
کردووە لەحەبی خەون و..
هیچ شتێکیش هێندەی ئومێد
هەرزان و بێ سانسۆرنییە ..
هیچ شتێکیش ،
ئەوەندەی ئەو بێ زیان و
بێ سودو زۆرو بۆر نییە .. !!

هەردوو لەدار دروست دەکرێن
لەو دوو دارەی هەموو جارێ
مامۆستا باسی دەکردن ..
دەیگوت گو ایە ،
دارا هەردووکیانی دیوە
دوو داری .. دوور
وەلێ ئەو فێری نەکردین ، هەریەکەیان
شتێ جیای لێ دروست دەکرێ
یەکێ کورسی و یەکێ تابووت ..
هەردوو لەدار دروست دەکرێن
یەکیان بۆ (شا) و
یەکیان بۆ ڕەعیەتی نابووت .. !

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

بیست و پێنج ساڵە هاوخوێن و
هاوخاك هاوکات و شوێن و هاوزمان و
بەنازناو، هاونیشتمان و
هاو خەمی گچکەلەو باڵا
بەنرخی نان ..
خوناوی حورمەتی هەنیم پێ دەڕێژێ و
دەبێژێ .. کوا خەمی ئاڵا ؟؟
ئای .. لەعەقڵی
گەنجێکی زوو چوو بەساڵا !؟
ئێ گیانەکەم ، هەرهیچ نەبێ
لای هەندێ لەئاغاکانت
کەمێکی .. بۆبکە موتاڵا .. !!
پێیان بڵی .. ئەوە کێ بوو
خەون و ئاڵاو
خاکی لێ کردین بەکاڵا ؟؟

لەوەرزی وەرینی شەرما
باسی گەڵای سەوزی حورمەت
بۆ زرەدارێكی ڕووتی ئوفتادەتەن
وەك هەڵدانی تفێك و ایە ،
بەڕووی بارەشی بێ عارا ..
یان وەكو ماڵینی مستێ
باڵی پەپوولەیەك ، ئەمما
بەنێوچەوانی دیوارا ..
بۆیە هەرگیز.. لەڕیسوایەك
چاوەڕێی شەونمی شەرم و
نیگای نەرمی حەیا ناكەین ..
ڕوونە .. لێمان
لەژێر ابی تەڕی دەهرا شوشە عەترێ
لەڕوحی گوشراوی گوڵێك ،
پەیا ناكەین .. !!

ئێستا ، ئەزخەریكی شیعرم
لەڕێسی .. خەم ،
گەرەكمە بلوزێ بچنم
بۆ لەشی ڕووتی حەقیقەت
ئاخر.. دەڵێن
شەپۆلێكی بەفربارین بەڕێوەیەو
دەترسم ئەم زستانە ، ئەو
لە كرێوەی بێباكیدا ڕەق بێتەوە ..
ئێستا ، ئەزخەریكی شیعرم

( كتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

بەرد لەئێوە بەفەڕترە
هەرهیچ نەبێ
دەکرێ بەدیواری ماڵ و
بەدەستاڕو
بەپەیکەری ئێسك سوك و
ئێسك تاڵ و
بەکورسی و حەوزی حەمام و
بە بەردە پێ ..
وەلێ ، بەئێوە چی دەکرێ ..؟؟
ئەی شێرە بەفرینەکانی
دوارۆژانی زستانی دێ .. !!

چی دەکەن .. بی کەن
چۆڕچۆڕی زەریا لوشدەن بەیەك مژ
چی ڕەزی یاڵ و بناری کێوە
بیکەن .. بەمێوژ
بێستانی بەراو بکەن بەقاقڕ
هەڵۆی بەرزە فڕ
بکەن بەکێشکەو بەمامری کڕ
قیڕەی بۆقی ڕۆخ گۆمی لێڵ و مەنگ
بکەن بەناڵەی تۆن بەرزی نەهەنگ
باوجو هەرگیز.. ئێوە ناتوانن
بەگ بن یان گەدا ..
ڕەعیە بن یان شا ..
لەگەروی پەنگ و بێزاری منا
نا .. بکەن بە .. با

ئەم كێوە بەفری ستەمە
كەساڵ بەساڵ و چین بەچین
زیادو زیاد تر
دەنیشێتە سەرپشتی ژین
هەرەس ناهێنێ ، گەرچرپەی نەرمی بێزار..
نەبێ بەقرمژنی سەدای
بەرزی هاوار.. !!

..................................

گوتیان ، خاكی وەتەن دایكە
منیش گوتم ، مەمكەكانی بیرە نەوتن ..
دوای ئەم زیادە ڕۆییەی من
دایك فرۆشەكانی وەتەن ،
سەری خۆیان خز اندە نێو
گەڵ و.. خەوتن !!

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

دەڵێی بیری ئێرتوازی
لەكەللەمدا هەڵدەكەنن ..
گرم و تەق و گرم و تەق و گرم و تەق ..
ناگەمە بنكی ئەو پرسەی
بۆ ئەوەندە ..
لاڵ و كەڕو كوێرە ، هەندێ
مرۆڤ ، بەرانبەربەمانای رەقی .. حەق !؟
ئەگەرسودە گشت دەزانین
ڕۆژی قاچی كفن ئەیداتە بەرشەق ..
ئەگەركڵاوە ، با نەی با
ئەویش ڕۆژێ
دەكرێتە سەری لەق لەق .. !!

هێندە داری هیوامان چاند
قولانجێ خاك نەماوە ، تا
حەقیقەتی تیا بنێژین .. !!
هێندە بەفرمێسكی حەسرەت
ئاویشمان دا ..
نەنگە بۆ هیچ مەرگێكی تر،
وەك ڕیاییش ..
چەند دڵۆپێ خەم بڕێژین .. !!
بڕەقسە ئەی پەڕەندەی هۆش
شانۆی ئاسمان بێنەرە جۆش ..
هەستە هەنگاو.. بجمێ ئەی پێ
تۆ بەسەرڕێدا دەڕەفتی
نەك ئەولەژێرتۆیا بخزێ .. !!

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

هەموو هاتینە سەرشەقام
وەلێ جوامێریی هەندێکمان
وەك بیجامەیەکی بازە ،
لەدوای یەکەم نەرمە باران
کە لەهەوری حیزب باری
تا سەرووی ئەژنۆ ، هەڵکشا .. !!

..................................

هەڵزنان بەبەژنی بەرزی
دارە دڕکاوییەکەی هەقدا
کاری عاشقە ئازاکانە ..
کۆیلەکان .. ناتوانن بیکەن
ئاخر ئەوەی
رووی دەمی لەدەستی نەرمی
مام کوێخا بێ ..
هەرکەمەی گۆچانە ، پشتی !!

سەر.. هەڵبڕن
ئەستێرەكان لەئاسمانن نەك ، لەزەوی ..
ئێمە گەڕیدەی شەبەنگین
لەم شەوە تارەی وەتەنا ..
پیشەی كۆیلەكانە ، یاران
پشتی كووڕو گەردنی نەوی ..!!
سەرهەڵبڕن ..
شەونمی سەرچڕۆی چاوتان
بەو پەنجەیە بسڕنەوە
كە تەباشیری پێ دەگرن ..
ئەمجارەیان ،
لەسەنگەری خوێندنگەداو
لەسەرتەختە سیاكەی پۆل
كە ڕەشترە لەتەوێڵی زۆردارەكان

گەییشتمە کەناری دەریاو
هێندە تینووی
سەفەری بەرەو دەریا بووم
منی چاوکوێر..
لەبیرم چوو ئاوی دەریا
تینوێتی ناشکێنێ ، گوڵم
هەرسوێرە .. سوێر!

..............................

برِوانە ، چەند گۆزەی دڵمان
پڕە لەسوێراوی حەسرەت .
بەخۆڕایی پێمان ناڵێن ..
شتێك هاوبەشە لەنێوان
دڵی ئێوەو... تەبعی دەریا !!

نان .. بەتامی
دواهەمین خەوی ژێرپلەی
سفری سەدی ..
نان .. بەنرخی
خەمێكی تاڵی سەرمەدی
نان .. بەئاخی
ڕەگی ژانێكی قوڵ ڕۆچوو
تاوەكو چەقی گۆی زەوی
نان .. لەسەرچڵی دارێكی
لەحەسرەتا شۆڕونەوی
ئاخ لەبێ میهری تۆ ، ژیان
لەم بازاڕە بێ نرخەدا ..
چەند ساردو سڕتری ، لەنان !!
(بۆ مەرگی كۆڵبەرانی سنوور)

بەفر سوتووی ..
باڵی پەریانی ئاسمانە
بەگڕی نزای ..
مناڵە تەزیوەكانی سەرگۆی زەوی .
وەلێ سوتوویەكی سپی ،
وەكو روحی هەڵفڕیوی مناڵەكان و
ڕەنگی باڵە هەڵوەریوەكانی پەری ..
بۆیە كاتێ ئەو دەبارێ ،
چۆڕاوێكی ترشی حەسرەت
لەلیمۆی گوشراوی دڵم
دێتە خوارێ .. !!

دەڵێی چی ..
گسکێکی باڵدارپەیاکەین و
لەنیوەشەوێکی ڕەشا
ڕەشترلەزوڵفی بەختی ئەم
هەواری ئەشکەوتە .. بفڕین
بەرەو هەسارەیەکی دوور ،
دوورترلەمەزندەی عەقڵی
ئەو ڕەقیبە بێ عەقڵانەی
عیشق بەمەترسی دەزانن
لەسەرئاساییشی وڵات .. !؟
دەڵێی چی .. ئەی خەیاڵی ژیان
شەقێك هەڵدەین
لەتۆپی بەتاڵی سەریان .. ؟؟

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

مەهێڵن خەونەكان بفڕن ..
لەئاسمانی ئەم دەهرەیا
هەورەكان ئاووسن بەمین
ئەگەری لەبارچوونی ژیان
فرە مەزنەو .. دەستی بگرن ..
دەبێ خەیاڵ فێری دارە دارە بكرێ
ئەگەرنا وەك مناڵێكی
گیرۆدە بەدەردی ئێسكە
نەرمە ، ڕەنگە هەرپێ نەگرێ .. !
چ بێ ئینسافە ئەم قەهرە ..
چ بێباكانە پەروانەی ئومێد بەرەو
تراویلكەی گڕێكی بێ
شوێن پێ دەبرێ .. !!

چاوم .. ڕوا
بوو بە نەونەمامی نیگاو
بوو بەدرەختی پشت كووڕی
تێڕامان و
لەچاوەڕوانییا ، قەدی ئوفتادەتەن
باوەجو چرۆی خەونێكی
نەهاتە دی ..
چش لەئێمەو چش لەخەون و
چش لەچاویش
چاوی تۆ خۆش .. ئاغای وەتەن !!

ئازار باری و مەراق باری و
غەدر باری و خوێن و ئەسرین
بەجووت بارین ..
نە داری خەون بەری گرت و
نە دەشتی خەیاڵ پەڵەی دا ..
چ ساڵێكی وشكی شەرم و
تەڕی بێ عارییە ، سەیدا .. !؟
..............................
چاومان پڕبوو لەتفەنگ و
گوێمان پڕبوو لە هەڕەشەو
دەممان پڕبوو لەجمێن و
دڵمان پڕبوو لەدڕكەزی و
ژیان پڕتر لەبێدادی ..
وەها بڕوات ، لەعێشقیشدا
هەموومان دەبین بە (سادی) !

بیری خۆشەویستی دەکەم ..
وەك ئینجانە بۆ گوڵەکانی بەرپەنجەرەی
ژوورە تارو شێدارەکانی ڕۆژهەڵات ..
بیری دڵنیایی دەکەم ..
وەك ئەو نارنجۆکەی ، پەنجەی
سەربازێکی تەنیاو دۆڵپێچدراو بەدوژمن
چرکەیەك بەرلەپێکر انی
ئەڵقەی ئەمانی ڕاکێشاو
بیری ئاسوودەییش دەکەم ،
وەك دوا بزەی سەرلێوی پێش
دوا هەناسەی ..
بیری ژیان دەکەم ، ژیان ..

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

بکوژو کوژراو ،
لەگەڵ یەکدا پیاسە دەکەن
بەشەقامی بێ عارییا ..

کات ، ئەبەد گوێ
بە درەنگ لەخەوهەستانی گەمژە .. نادات
ئەو دوو باڵی هەیەو ئەمیش
چوارپەلی خاو..

دەستی نزا بەڕوی ئاوەزا هەڵبڕن
ئاسمان بێزارە لەوانەی
کەبرسی بوون ، دەبێ باران
نانی وشکیان بۆ تەڕبکات ..

مۆڵەتێکی ساڵانە بەزمان بدەن
بی نێرن بۆ..
کوخێك لەبەستەڵەکی باکوور

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

ئەرێ ئێوە
تێرنەبوون ، لەدەنگ ووێنە ،
بینایی وگوێ .. ؟؟
ئەزدەمێكە بێ گومانم
پێچەوانەی یەك دەجوڵێن
زمان وپێ .. !!
..................................
كرمی قەیران ،
گەییشتە نێوسێوی دڵمان ..
لێوەكان دەخزێن لەسەریەك
كەس ئیشتیهای ماچی مەحبوبەكەی ناكات ..
بۆگەنی هەڵاوی ئەڤین
دێ لەدەمی خێڵی یاران ..
مەساكێن ، گەربۆلەمەودوا
ڕق بباریێ لەجێی باران .. !

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

چاوەڕێی سمفۆنیا مەكەن
لەڕۆخی گۆمە مەنگەكان ،
هەر قیڕەی بۆق دێتە بەر گوێ ..
ئەرێ تاكەی لەوە ناگەن
قریوەی بەسۆزی شەپۆل
لەگەڵ ڕەوتی ڕووبار دەجمێ .. !؟
...........................
پێیەكانم هەست بەهێزی
ڕاكێشانی زەوی ناكەن
یا من گیانێكی ئاسمانیی بێ قورساییم ..
یا ئەم خاكە ..
بستێكە لەجوگر افیای وەهم ..
بن دەوەنێكی مین ڕێژە بەدڕكەزی ..
یان كوخێكی بەنەفرەت بووی جادووگەرێكی ناپاكە !؟
ئەگەرنا .. بۆ
هەست بە بەربوونەوەی سێوی
دڵم ناكەم .. !؟

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

لەوەتەی هەن ..
كڵاوی تەسكی فریومان لەسەردەكەن ..
كڵاو درووەكانی وەتەن !!
لەوەتەی هەین ..
ئێمەی خەڵكی فریوستانیش
ئیرەیی بە بەڕوو دەبەین .. !!
ئای لەهزری ئالوودەمان بەخەیاڵی هەمیشە كەسك
ڕەنگە خووی بەڕووی گرتبێ
سەرمان لەگەڵ .. كڵاوی تەسك !؟
.............................
لەسەربێدەنگیت لەوەرزی ڕەشەبادا ..
دەبێ سزا بدرێیت ، ئەی بت
وەك چۆن بەردێ , دەبێ ئەویش سزا بدرێ
كەخەڵوەتی گۆمێكی مەنگ دەشڵەقێنێ
لەوەرزی ژوانیی ماسییە عاشقەكانا ..
ئاخر بێدەنگیش .. گەلەك جار
هاوتاوانی .. ژاوە ژاوە !!

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

روخسارەکان

ڕۆژبەڕۆژ فوو دەکەنە خۆیان

وەك مێزەڵدان

دەمامکەکانیش دەخزێن

کەچێ ئێمە بێ چاویلکە کەس نابینین

نازانم خەتای چاومانە ، یان چاویلکە .. ؟؟

.................................

هەرچەند .. ئەڵێم

ئیتر باسی پەڵەی کەڕوو

ناکەم بەسەرنانە ڕەقەی

خوانی ناچاریمانەوەو..

هەوڵ ئەدەم دامەنی عیشق و

وێنە لەگەڵ نێرگزی مژدەیا بگرم ..

وەلێ ، لەگەڵ یەکەم شڵپەی

فلاشی کامێرای هەموو بەیانێکدا

چپەی جامبازێکی جەنگ و

بۆگەنی ویژدانی پیسی تاجرێکی ئەم هەوارە ..

گەردنی خەیاڵی خاوم

ئەدەن.. لەپەتی سێدارە !!

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

كە خەونەكان ،

هێندە درێژەیان كێشا ..

نەكات بەشی خۆڕاپسكانێكی دەكا ،لەماری شەو!

نەكازیوەی بەیانێكی

بەڕیكەوت جێماولەزەمەن، تینی ڕەونەقی دەمێنێ

ئەی نوستووەكان

لەنێوزەریای سوێری خەونا ،

هەستن .. لەخەو!!

.........................

دەڵێی تۆپێكی پێنج گۆشەی

لەئاسن دروستكراوین ..

سەییدێكی مێزەركەسكی كەربەلایی

تێمان هەڵئەدا بۆبەرپێی

كوێخاكەی گوندەكەی خۆمان ،

ئەویش بەرەویاشێخێكی كەشی سپی ونەجیبزادەی

جێماولەعەسری عەباسی .. !

بزانە ، چەند بەختەوەرین

ئێمەی كۆنترین میللەتی خەولێكەوتوولەهەواری

نێوان دووڕووباری تژا بە دڕە ماسی .. !؟

دوێنێ .. ڕۆیشت
ئەمڕۆ.. هات و
سبەینێ ، دێ .. !
تۆ تەماشاکە ئەی داهۆڵ
بزانە چۆن ،
لەم هات و چوونەدا ، تەنها
چاوە بێ سۆماکانی تۆ
وەك هەوجارێکی ئەنتیکە
لەبازنەی بەتاڵی دەهرا
پوشی بێمانایی دەجنێ .. !؟
(( وتەی ئەو قەڵەڕەشکەیەی
لەسەرشانی ئاغای دێکەمان نیشتەوەو
ئەویش لێی بوو
بە بەختە باڵندەی هوما .. !! ))

شەڵاڵی ئارەقەی گەرمە
گیانی درۆ..
سوورهەڵگەڕاون ، لەشەرما
سێوە زەردەکانی کوڵمی ڕیاکاری
وەکو پشکۆ..
جێیەك بەخۆیان ناگرن ،
چاوە ماخۆڵانەکانی فریودانیش
دڵێکی گوشراو لەچنگی
ناچارییا هەڵدەپەڕێ ..
بێخی سەری خۆی ئەخورێنێ
بەپەنجەی کووڕی بێ عاری
نیشتمانیش .. !!

دەرگای قەفەسە گچكەكەم
بۆ كردەوە ..
وتی .. پێوەی دەوە ، لالۆ
ئاسمانی ئەم زیندانە گەورەیەی ، ئێوە
ناوتان لێ ناوە .. وەتەن و
بازەكان حەسحەسی هەموو قوژبنێكین
زۆر بێ ئەمانترە ، لالۆ
لەم كوخە بچكۆلەیەی من
وشكەساڵی میهرە ، لالۆ.. !!

پارچە ئاسنێكی ساردی
بێ هۆش و هەست
گا لەسەرشان خۆی ئەینوێنێ و
گا .. لەنێو دەست
ئەگەرچی هەرلەڕۆژانی منالّیەوە
دەیناسم و.. میوانێكی
ئێسكگرانی كاروانی تەمەنمانە ..
وەلێ هەرگیز..
كەیفم بەدیداری نایەت ،
ئەوگیانفرێنی بێ گیانە .. !!
(چەك)

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

من ، لەمێژە
هەركەسی یەكەمی تاكم
بۆ تەماشا ،
تەنها هەردوو چاوم هەیەو
لەگشت چاوەكانی تری خێڵ .. بێباكم
ماسییەكی ماخۆلانم
هەردەم پێچەو انەی شەپۆل كۆچ دەكەم و
گوێیەك بەئاپۆڕا نادەم
بەگۆچانی شوان بچمێن ..
باڵایەكی هەمیشە یاخیم لەكاڵا
جەستەیەكم .. هەموو كاتێ
گوماندارم لەو پۆشاكەی
بەزۆر دەكرێ بەپۆشاكم ..!!
من ، لەمێژە
هەركەسی یەكەمی تاكم .

ژیان ، گەردان و بردن بێ
تۆ هەر(دان) بووی ..
لەهاوكێشەی فوغان و خەندەیا ،
وەی لێ ..
هەرفوغان بووی .
چەند گێڕە باسكی تەرازووی
ئەم كۆنە بازاڕەی مێژوو
بەرانبەرئەم .. بوونە دوونە
تۆ باجێكی چەند گران بووی
ئەی خەمی چاو
تا ئەبەد بێدارم ، وەی لێ
ئەی چەمی ژان
هەمیشە بەهارم ، وەی لێ

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

لەم دەڤەرە بەخت چاوڕەشەی ئێمەدا
لەو ڕۆژەوەی مێژوو شەقی
لەكیسەڵی ژیان هەڵداو
خستیە سەرپشت ..
ئایندە بوو بەجۆلانەی ڕۆژی جەژنان ..
چۆن بتەوێ بیجمێنی ، لەجێی خۆیدا ،
هەر ئەمبەرو ئەوبەر دەكا .

..............................

هەرچەند ئەكەم ..
دڵم نایە پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز
لەكوڕەزاكانی كاوە كەم
نەخێر، نا نا
دڵم كاری وەها ناكا
بەتایبەتی
لەوانەی حەوت پەڵەبەردیان
ماڵی بەپشتی زوحاكا .. !!

دوو هەزارو
حەڤسەدو حەڤدە بەهارە
نەئاگر لەچیا دەبڕێ و
نەخەونی چەكوشەكەی كاوە
خەوندانی منداڵیمان بەجێ دێڵێ
كەچی مۆتەكەی حەسرەتی
نەگەیشتن بەكەنارێكی دڵنیایی
هەر دەڵێی گایەكی شێتەو
لە دەشتێكی ، لمی جوڵاودا غارئەدا
ئەم غارە چەند زۆری خایان
بۆ كڕینی قەفەسی سنووری ، بەخوێن
تا كەوە هاو چریكەكان
بەئازادی .. تیا بخوێنن !؟

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

هەندێ جار حەزلەبارینی
ڕێژنەبارانێکی خەستی جمێن ئەکەم
بەسەرکەسانی ناکەسی
ئەم هەوارە بێ کەسەیا ..
وەلێ هەرزوو
تف لەقوڕگمدا وشك ئەبێ و
دەستی زبری پەشیمانی یەخەم ئەگرێ
ئاخر.. دیسان
دێتەوە یادم ، منی پیر
کەڕێژنەبارانی جمێن بەناکەسان
چەند بەسودە ، وەك بۆ چەقۆ
چۆن بەسودە .. بەردی هەسان !!

هێندە کۆنن
مەر اقەکانی سەرشانی
گەڕیدەکانی ئەم خێڵە ..
سەرم سوڕماوە چۆن هەموو
نەبوون بەکۆمەڵێ کیسەڵ ..
ئاخر.. دەڵێن
بە تێپەڕبوونی کات ، مەراق
وەك پشتی ئەو دەبێت بەبەرد ..!
.....................................
پێمان دەڵێن ..
ئەوەندە داوای زاد مەکەن
کەمەی کۆڵتان پڕلەزادی کۆکراوەیەو
کاوێژی کەن ..
دیارە ،. یاران .. ئێمەی پشت کووڕ
بەوشتر دێینە بەرچاویان !!

بەزۆرشت ئاڵوودە دەبین ،
وەك دانیشتن لەبان هەمان ئەوکورسییەی
گەرزاری هەبوایە ، بێ شك
دەیشیڕان بەڕوخسارماناو
وەك ئەوکوپەی
هێندە چامان تیا خواردەوە ،
گەرئەویش زاری هەبووایە کۆڵێ دوعای
سوێروترشی لێدەکردین ..
بەزۆرشت ئاڵوودە دەبین ،
بەجۆری مەی ..
بەمارکەی جگەرەوهەمان
جۆری عەترو
هەمان دەرمانی ددانیش
بەزۆرشت ئاڵوودە دەبین ،
تەنانەت بەزامەکانی ، نیشتمانیش .. !!

ڕێگا ، بێزارە لەهەنگاو
هێندە بەلارێدا بردی ..
هەنگاو ، بێزارە لەپێڵاو
ئەوەندە تەشقەڵەی پێكرد ..
پێڵاویش ، بێزارە لەلاق
هێندە بەدەستی دڕدۆنگی و
تاكەوتاكیش كردمانە پێ ..
هەنوكە زانیت ، ئەزیزم
بۆچی ئێمە ناگەینە جێ .. !؟

گەرسمۆرە ،
هەربەکۆڵ گوێزی ساغ بێنێ
سەختە متمانەی پێ بکرێ ،
وەك چۆن ئەستەمە ، درکەزی
هەرمێ لاسوورەیەك بگرێ ..
لەهیچمان کەم نییە ، یاران
نە پەنجەیەك بۆگەزین و
نە زارێك بۆ تامی ژەهرو
نەگوێیەك بۆوەرگێڕانی وشە بۆ هەست
نە چاوێك بۆ تەماشای ڕێ ..
لەهیچمان کەم نییە ، یاران
بەتەنها .. متمانە نەبێ !
متمانەی زاربەژەهری تاڵ
ئومێدی خاك بەڕێژنە باران لەهەوری
گەواڵ .. گەواڵ !!

ئەگەر بەرخیت ،
دەبێ قۆچی تیژو جەرگبڕت هەبێ ..
تا لەنێو گورگانا بژیت .
گەر كۆتریت ،
دەبێ چڕنوك و دەنوكی
چەماوەی هەڵدڕت هەبێ
تا لەنێو عەشرەتی بازو
داڵەكەرخۆرانا بژیت .
گوڵم .. وایە
كاتێ وڵات ،
دەبێت بە جەنگەڵێكی چڕ
عورفی ( مانەوەی بەهێزتر )
روحی دەستوری باڵایە .

چاوەڕوانی ،
ترێ ڕەشكەی چاوەكانی كرد بەمێوژ..
دەمی دەهریش ،
سیگاری سەربەرزی ورەی دایە بەرمژ..
نانی فانی ،
لەبەرپیرۆزیی برسێتی
بوو بەهەنجیری دڕكاوی لەبیابانێكی بێباكا ..
ئاوی كانی ،
وەك ڕۆژانی ڕەنج خەساری
ملی ڕێ دەگرێ و ساتمەیەك
بۆگەروی تینوێتی ناكا ..
نەهەنگی گۆبەنگێكی نوێ زاری ئاوەڵایە ، یاران ..
لەژێرخۆڵی فریودانا واخەریكە
دەخنكێ چاو.. لەكوێی باران !؟

كێچی گومانم دێتە كەوڵم
ئەودەمەی باران و هەتاو
پێكەوە ئەیدەنە دەم كێو..
ئەودەمەی بزەو گریانیش
پێكەوە دەڕژێنە سەرلێو..
ئاخر.. دەڵێن
ئەمیان وەرزی زانی گورگەو ئەوی تریان ..
خەمی دیسانەوە ون بوون
لەكەڤاڵی مۆنالیزایەكی تردا ..

كێچی گومان دێتە كەوڵم
كاتێ مێگەل ،
لەسەریەك تۆن دەڵێن باع و
بەیەك ڕیتمی كێشی پەنجە
دەكەن .. لەنجە !!
كێچی گومان دێتە كەوڵم
كاتێ هەموو توتیەكانی
كەناڵە جیاكانی قەفەس
هەمان بەستەی داڵە شەڕەنگێزەكانی
عەرشی ئاسمان دەڵێنەوە
بەیەك نەفەس .. !!

من هەوارێك پێدەزانم
ڕەشەباكەی
درەختی سەدساڵە لەبن هەڵدەكێشێ ..
كەچی هەندێ زاتی سوكی
هێشتا هەروان لەجێی خۆیان .. !!
..................................
گرەو لەسەر..
كردنەوەی دەرچەی كام قەفەس
دەكەی .. ڕاوچی
من جارێ گیرۆدەی خۆتم .. !!
ئاخر كەنگێ ..
خەونی وشكەدارو ئاگر
هەمان خەونە ..؟؟
(چۆلەكەیەكی خۆماڵی)

بێكاری گەیشتە نێو دڵ و
نێو ئاوەزمان ..
مەراق هێندە پیری كردوین
لەبەهاری كات و شوێنا
خەزانی بیرچوونەوەمان پێوە دیارە ..
گوڵم ، مژێك
لەجگەرەی ئومێدم دەرێ
با بەلێوت ئالوودە بم
ئەگەرنا ، عیشقیشم لەبیر
دەچێتەوە .. !!

لێگەڕێن با ئازارەکان
خۆیان خۆیان بشکێنن و
برینەکان ،
خۆیان خۆیان سارێژکەن و
هاوارەکان ،
خۆیان لەخۆیان بێنە دەنگ ..
سەدا ، تەنها لەباوەشی
کێوە گەردن بەرزەکانا
دەگاتە گوێ
نەك ، گۆمی مەنگ .. !!

بەردەكانی
ئەم دەستارە كۆنە ، هەردوو
لەبەردی بن گۆم لوس ترو
لەبەردی چەرخی ئەنتیكی
ناوگیرفانی مێژووی درۆ
سواوترن
كەچی گەنمە گەمژەكانی ئەم هەوارە
بەپێی خۆیان ،
دیسان دەچنەوە باخەڵیان ..
چ دەشتێكی
ئالوودەی بە هاڕین ، وەتەن !؟

لەبەخشینا ، دەچینەوە
سەرنەسلی هەور..
لەسەبرا ، كەشتیی بیابان ،
لەعیشقا ، نەسلی پەپوولەو
لەتۆڵەشدا ،
نەسلی هەنگ .
وەلێ .. حەیفێ
لە ئەزبەركردنی وانە تاڵەكانی
مەدرەسەی مێژووا .. یاران
دەچینەوە ،
سەرنەسلی چۆلەكەی گەمژە !

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

لەسەرشانۆی ڕزیوی ئەم هەوارەدا
زۆر دەمێکە
شانۆگەرییەکی گاڵتەجار
بەئاشکراو بەپەنهانی ..
دەیان جار نمایش دەکرێ
کەقوربانی ڕۆڵی جەللاد دەبینێت و
جەللادیش ڕۆڵی قوربانی ..
بەڵێ یاران ، کاتژمێری سەردیواری ئەم هەوارە
پێچەوانە دەخولێتەوە ..
هەربۆیە یەك زامەوکەچی
دەیان جاریش دەکولێتەوە ..
ئای .. ئەزیزان
ئێمە تەماشاکارێکی چەند بێ خەمین
بەنیازین بەدەرزیلەی خەیاڵ
پیرەمەگروونێ .. هەڵکەنین !!

تەیری گوڵ عاشق بەداری

ژەقنەبووتە ..

باوەجو من ..

نە لەخەمی تەیری گوڵام ،

نە وشكەداری ژەقنەبووت ..

خەمی من تەنها ئەوەیە

ئەم عیشقە چۆن ..

بۆ دڵدارە گەمژەكانی

دەبێ بەچوارچێوەی تابووت !؟

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

ئەمڕۆ زۆر بەشوێنیا گەڕام
لەئاپۆڕای سەرشاقاما ..
لەنێو مۆڵە گەورەو گیرفان خۆرەكانا ،
لەچایخانەی پڕلەبێكاری بێزارو
تەنانەت لە فرۆشگەكانی حەیران و بەستەو مەقاما ..
چووم بۆ هەموو كتێبخانەكانی شارو
مەیخانە تاریكەكانی سەرچنارو نەمدۆزیەوە ..
دواجار، لەدوورەوە بینیم
خۆی كرد بەتوالێتەكانی مزگەوتێكاو
پێدەچوو زۆر تەنگەتاو بێ ..
تا من گەیشتمە جێی مەبەست ،
ئەو لەگەڵ پاشەڕۆی هزرو پاشەڵی میرخاسەكانا
لە زێرابەكانی شارا
دووبارە خۆی لێ ون كردم ..
ئەو داهۆڵەی
ئەنگۆ پێی دەڵێن .. ئازادی !

تۆ باسی چی دەكەی ،لالۆ.. !؟
هەندێ لەمرۆڤەكان ، ئەمڕۆ
لەدایك بووی
بورجی نەگریسی گیرفانن
تەنها بۆكوشتنی كاتی بێ فەڕوسود
پێت دەڵێن .. یار!!
دەنا خۆری بەرژەوەندی
لەڕووی هەرئەغیارێكەوە بریسكەی بێ ،
دەبن بەگوڵەبەڕۆژە بۆی ..
تۆ باسی چی دەكەی ، لالۆ.. !؟
من گلەیی لەكەس ناكەم
ئاسانە .. تۆش
گەر بێ ماڵئاو ایی بڕۆی !!

كۆڵەپشتی سەفەرنیت و
كەچی هەردەم بەكۆڵمەوەی
ئەی نا ئارامترین ئۆقیان ..
ئەی تورەترین ڕەشەبا ..
ئەی ترسناكترین زریان ..
ئەی دێوەزمەترین خەونی
شەوەكانم ..(خەمی سبەی)
چەند لەمێژە بەكۆڵمەوەی .. !؟

..............................

كاتێ باسی خۆردەكەم ، بۆ
گوڵەبەڕۆژە منداڵەكان ..
هەرگیز گوێ بەویتە ویتی
شەمشەمەكوێرەكان نادەم .
من دەمێكە ..
ئەشكەوتم بەجێ هێشتووە !

هیچ نەماوە نەوترابێ
هیچ نەماوە نەنووسرابێ
بۆ لەمەودوا دەبێ .. قەڵەم
بۆ چاوی گورگی تێرنەخۆر
بکرێ بە ڕم ..
بۆ لەمەودوا دەبێ .. وشە
بۆ چۆلەکە برسیەکانی ئەم هەوارە
بکرێ بەپێدەشتی گەنم .

........................

خاوەنی دوو چاوی زەقەو
بە یەکێکیان نیگا دەکا ..
هەردەڵێی ڕاوچییەو بەسەر
شانی تاپڕی کینەوە
بە ئەنقەست ڕاوی سێبەری
حەقیقەت ، ئیشتیها دەکا .. !

ئەی ماسیە بێدارەكانی
گۆمی مەنگی هەواری خەون ..
بیرتان نەچێت ، بەمزوانە
نۆرەی تازە گێمێكی كەی
ناونانی شای قولاپانەو
تكایە ژێكانی گوێتان تەواو داخەن
گرێیەك دەن لەدەمیلە وردەكان و
پەردەی چاوتان دادەنەوەو
مەشپرسن .. بۆ
دیارە دیسان گۆمستان پڕ دەبێتەوە
لەسەمای سێبەری خەیاڵ
لەبەستەی شەپۆلی وەهم و
لەچەشەی بەتامی درۆ.. !

چونکە سوکە کێشی پوشان
هەردەمەو بە تاشەبەردی
قورسی خەمێکی سەردڵی ئێمەوە خۆ
هەڵدەواسن .. بۆ نموونە :
خەمی مافی چێکردنی قەفەسێکی نوێ لەچڵی
دارچنارەکانی خۆمان !!

..............................

پێدەچێ وەك نوکی دەرزی
ختوکەی قەبرەخەی کێوی
بێ عاری دەن ،
خامە ماخۆڵانەکانی ئەم هەوارە !

برۆ ناخت بشۆ ، مرۆڤ
دەرونت چڵکی گرتووە ،
چڵکێکی کۆن ..
جو انی روخسارت ، پێدەچێ
چون گوڵە نایلۆنەکان بێ
ڕەنگاوڕەنگە ، دوورکوژەیە
وەلێ بێ بۆن .. !
جەنگی نێوان
ئەڤین و کینە زۆر سەختە
لەگیانێکا ..
هەرئەو انە دەیبەنەوە
(کان)ی سەریان ..
پڕلەئەڵماسە نەك خەڵوز!

ڕێ بدەن با عیشق بدوێ
بۆنی دەمی ئەم كۆنە قینە خەریكە
كوێرمان ئەكات ..
من ، بەدەست خۆم نییە یاران
ئەودەمەی بۆنی كینە دێ
هێڵنج ئەدەم .. !
..................................
لەگەڵ سروەبای قەدەرا
هەموو هەورەكان دەڕۆن و
لەیاد دەكرێن ..
تەنها ئەو هەورانە نەبێ
بۆ برسێتی دەشتی گەنم ،
بۆ تینوێتی لێوی گوڵ و كوڵمی گەڵا
بەكوڵ .. دەگرین !

چەپڵەی ڕق و کینە بەدوو
دەست لێ ئەدرێ ..
دەستێك بەتفەنگی غەدرەوەو
دەستێکی تر ،
هەمیشە زام ئەوروژێنێ
بەمشتێ خوێ ..
بەئاسمانی گۆڕەپانەکانی جەنگا
فریشە نافڕێ ، ئەزیزم !!

......................................

ژوورە سیاکانی خەویش
پڕبوون لەچەك ..
هاوسەرەکان ، تاسپێدە
چاوی زەق دەبڕنە یەکتر ،
وەرزی قەیر انی متمانەو
عیشقە .. یاران !!

## ( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

پێم دەڵێن ، تۆ بێ ویژدانی
کو دەبێتن ڕەخنە بگری ،
لەپیاوە پیرۆزەکانی ، نیشتمانێکی ئاسمانی .. !؟
ئەزدەڵێم ، ئەنگۆ پێم بێژن
ئەوکەسانەی نەك هەردەشت و
شاخ وکانی و شارولادێ و..
تەنانەت دەنکە نیسکیشیان
لەنێو خۆیاندا بەشکردو ،
بێجگە لەخەونی بێ ڕەنگ و
جەنگ و.. بۆنانێ .. ڕسوایی و
فریودانی پەپوولە گەمژەکەی هەستمان
بەگڕی دۆزەخی هاوخوێنی ،
چیتریان پێ نەبوو بۆمان .. !!
دەشێ ، بەحوکمی کام ویژدان
پێیان بێژم .. پەریی ئاسمان ؟؟

گورگەكانیش ،
گرەو لەسەر بەشەڕدانی
مەڕان دەكەن لەگەڵ یەكدا ..
دەڵێن .. گوایە
گۆشتی مەڕی گێژو ماندوو
لەتاما ، پڕبێ هاوتایە .. !!
..............................
مەلبازەكان باش دەزانن ،
كەبێچوەكان گەورە دەبن و
دەكەونە سەرمەشقی فڕین ،
دەبێ قەفەسی تێكەڵیان بۆبگۆڕن
بە قەفەسێكی تایبەتی
بۆ ئەوتەیرانەی كەگشتیان
بەیەك نەغمە دەچریكێنن .. !!

چەند سەختە ئەم هاوکێشەیە ،
هەردوو سەری دەکاتە ژان .. !
نانی خوساو
بەخوناوی شەرمی قەفەس
یان سەما بەدوی سەرابی
ڕاوچیە خۆماڵیەکانی ئازادیا
وەلێ .. بێ نان
چەند سەختە ئەم هاوکێشەیە ،
هەردوو سەری دەکاتە ژان .. !؟

مەڕێكی لەڕی برسییە نیشتمان و
ئەوەندە گو انیان گوشیوە ،
دەڵێی دوو دەبدەبەی فشی چرچ و لۆچن ..
وەهاش لەسەر لاقەكردنێكی شەوی
سەربەخۆیی ..
بەرانە بێ خێرو بێرەكان ، خەریكی
شەڕە قۆچن .. !!

..................................

كاتێ .. كوللە
سوێند بەشەرەفی گەنم ئەخواو
كاتێ .. گورگیش
ئەبێت بەپارێزەری مەڕ،
كێچی ترس و ئەسپێی گومان
سەما بەگشت جەستەم ئەكەن !!

هەزار پەرژین و پەرژینێ
بگێڕن بەدەوری باخا ..
هەزار بەیداخ و بەیداخێ
داكوتن بەسنگی شاخا ..
تا ئەوكاتەی گەنم و فڕین
بێ باڵكردن .. بێ سەربڕین ،
نەبن بەئەلف و بێی ژیان
پەڕەندە بێ ئۆقرەكانی ئەم هەوارە
كۆڵنادەن لەبەزمی چڕین .. !

كەتۆ نەتوانی گۆچانێك
لەم دنیادا ..
بدەیتە دەست نابینایەك ،
وادەی بەهەشتی ئەودنیا
ئێدی .. بەچی ؟؟
................................
چ پاڵەوانێتیەكە .. لە نابینا
پرسی دووچاوی ساغ بكەی ؟؟
خۆدەزانی چ نامەردیەكە ، لالۆ
وادەی ئاوبەتینووبەیت و
بی بەیتە سەرچەمی مردوو!!

درۆ ، درۆ ، درۆ ، درۆ
دەیكەن بەشار ، بەگوندو دێ
بەباخ و بەكۆشكی خەیاڵ ..
دەیكەن بەدۆشەك و لێفەو
بەپۆشاك و بەڕەو جەواڵ ..
دەیكەن بەئاوریشمی بەلێن
بەسەرپۆش و عەباو دەسماڵ ..
هەندێكیشیان ، دەیكەن بەڕیش
دەیكەن بەتەسبیح و بەرماڵ ..
یان بەكەوش و
پشتوێن و جامانەو شەرواڵ ..

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

درۆ ، درۆ ، درۆ ، درۆ
درۆیان كرد بەگۆرانی ..
بەشاخ و ڕووباروو كانی ..
دەیكەن بەپێدەشتی گەنم و
ئاشی ئاردو.. دەیكەن بەنان ..
دەیكەن بەپردی هەڵواسراو ،
پاركی ماشێن .. بەجادەو بان ..
بەشیعرو چیرۆك و ڕۆمان ..
درۆیان كرد بەقارەمان ،
تورەو فریادڕەس و یاخی
لەفەرمانی عەرشی سوڵتان .. !
چاوەڕێ كەن ، بەم زوو انەش
هاكا كردیان .. بەنیشتمان !!

لێرەوە ڕۆی ..
چونكە لەم قاقڕستانەدا
قومێ مێهرو مژێ لەبەزەیی نەدی و
غەیری خاری ڕقی لە (ڕم) ڕەقترنەچوو بەبن پێیدا ،
لێرەوە ڕۆی ، بەختەوەری و ئاووڕێكی نەدایەوە .. !!

.................................

چ غەدرێكە ،
ئەودەمەی نیشتمان بەدایك دەشوبهێنن .. !!
ئاخردایكایەتی ، یاران .. چۆن وا دەبێ .. ؟؟
چ دایكێ بەیەك سك ، هەموو
ئەوكوڕە زگماكەی دەبێ .. !؟
نەخێر.. یاران
بەدوو مەمكەوە ، ئەستەمە
ئەم نیشتمانە بەدبەختەی ئێمە ڕۆژێ ببێ بەدایك
مەگەرلەسەرسنگی لەجێی
دوو مەم ، هەزارمەمك بڕوێ !!

باڵدارێكی سەیرە ، ئاوەز
یان بەسەرباخ و بێستانی وشیاریا
لەنگەرئەگرێ ..
یان كە لەشەقەقەی باڵیدا ،
بەشڵپەی تاپڕی كینە ..
تا ئەوسەری تراویلكەی
كەشكەڵانی فەلەك ئەفڕێ و
نایەتەوە .. !!

......................................

ئاوێنەی خەیاڵم شكا ..
لەپارچە وردەكانی ئەو
كۆشكێكی بلورینم چێكرد
هەركاتێ پەنجەی بۆدەبەم
دەستم خەڵتانی خوێن ئەكا ..
كۆشكی بلووڕینی وەتەن !

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

پەپوولە نیم ..
نێرگزی ئازادی تەنها لەمشتی تۆدا ببینم ..
من لەنسلی شەونمێك و
تاڵێ پرچی خۆرەتاوم ..
بە ئازادی لەدایك بووم ..
بۆ ئازادیش گیان دەبەخشم
ئەی درکی بەرپێی قەدەرم
من ، بۆ ئازادی خوڵقاوم .. !

........................

گشت دەشتەکانی گەنمیان
بەشایەتی چاوی سوورو لووتی تفەنگ
خستەسەر نازناوی خۆیان ..
گشت ئاشەکانی ئاردیشیان بەڕووباری
خوێنی شەهید .. خستە گەڕو
نانیش بەپسوڵەی ( حیزب ) ئەدەن ..
بڕو انامەی باڵاش ئەدەن بەتوتیەکان ،
تا نیشتمان پڕکەن لە داهۆڵی باڵدار..
کوللە دیموکر اتەکانی
هەواری نێوان دوو ڕووبار.. !!

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

ئەزتێناگەم لەم هەرایە
قرخە قرخەوژاوە ژاوە ..
سەری مەڕوا بەسەرشانی شوانەوە
لاقی شوان ، لە چوارپەلی مەڕئالاوە ..
بە چوارناڵەوبە نەرمەغار
پێدەشتی مێژوومان بڕی و
کەچێ هێشتا ، دەڵێی زەمەن
لەسفری دەستپێكی هیچا ڕاوەستاوە .. !
سڵاولەڕەنجی بێ خەرمان
سڵاولەبڵقی سەرئاوی
قوتارلەدەربیجەی خەونی بێ خەبەرمان .. !!
سڵاولەئایندەی نەزۆك ،
لەتوێكڵی داری بێ كرۆك ..
سڵاولە ئەگریجەوزوڵفی خەیاڵی خاو..
لەقرخە قرخ ، لەژاوە ژاو
سڵاو ، سڵاو.. هەزارسڵاو !!

من قەڵەمم ..
نیشتمانم ، پەڕەیەكەو نیو سەدەیە
یادەكانی حەسرەتی تیا دەنووسمەوە ..
لاستیكێكی زبری هاریش
ناوی ( حیزبە ) و
هەم تەمەنی ئەو ئەدڕێنێ ،
هەم جێ ماچەكانی لێوی
من ئەسڕێتەوە لەسەری ..
..............................
ئەمیان مشار.. ئەویان گرێ
ئەوی تریان دەمێ دەستەو
دەمێ پۆلیسی دارستان ..
سڵاو لەبەختی سپیی تۆڵەشوتیدا
ئەی هەواری بێزارستان .. !

سنوورەکان ،
مینرێژ دەبن بەئابڵوقە ..
گەردنی گوڵەگەنمەکان دەشکێ ،
نان بەتەنووری جەنگەوە دەسوتێت و..
برسێتی ، دوو فرسەتی کار دێنە پێشی ..
یان دەبێت بەکلیلی جۆکەر ،
بۆ دەروازەکانی تاوان ..
یان ئەو دەبێت بەدەڵاڵ و
ئێمەش ، هەموو بەچێژفرۆش ،
ئەو دەمانەی ..
قوماربازە دۆڕاوەکان ،
کچێنیی نیشتمان دەکەن بەبارمتەی
دواهەمین گەمەی سەرمێزێك .. !

كانی وتی ؛ ئیترناڕژێم ،
گەرنەچمە سەرلێوی وشكی
هەموو تینووەكانی وڵات ..
(با) وتی ؛ منیش هەڵناكەم ،
تەنها لەسنگی هەندێكا ڤانگم بدەن ..
دەشتیش وتی ؛
چرۆی گوڵەگەنمێ نادەم بەهیچ كەسێ
گەرهەمووتان نەبن بەدڵداری خاك و
منیش وتم ؛ نامەردییەو
لەمرۆڤ بوونیش ، بێبەری ..
دەستی نەرمی سەرسكی تێر
تەنها فرۆشیاری نانی ژیان بێت و
ئێمەش هەموو.. هەرمشتەری !!

گڕبەردەنە گیانی درەخت ،
گوڵ بەباخچە لەباربەرن ،
گۆچان بدەنە دەست كانی و
با دەشت ، خەیاڵ بیباتەوە ..
ئێرە هەوارێكە ، قاقڕ
هەورەكانی ، چەتەی سەررێن
لێرە گەنم ژەهراوییەو
پاساریەكانی، چەنەباز،
لێرە حەقیقەت شەربەتەو
هێندە تاڵە ..
ئەستەمە هیچ كەسێ ، ئاسان
بیخواتەوە .. !!

ئەودەمەی .. شان
دەبێتە ڕایەڵەی كێوێك درۆو بوختان ..
ئیدی جێیەك بۆ پەڕەموچێكی نەرمی
متمانە نامێنێتەوە ..
لەپەنجەرەی هەستم مەدە ،
ئەی قامكی كووڕی پرسیار
ئەو بەبزمارێكی پۆڵا
داكوتراوە بەهۆشمەوەو
بەتەق تەقەی فریودانی
جادوگەرێك ناكرێتەوە .. !

سیاسەت لەهەواری نێوان
دووڕووباردا ..
چەشەی نێو داوێكی كۆنە ,
ڕاوچیە جامبازەكانی دەینێنەوەو
ئەوكەروێشكانە بۆی دەچن ،
كە بیردانیان
هەرئەوەندەی بیردانی پاسارییەكانە ..
ئەزبەدەست خۆم نییە یاران ،
لە گومانستانا .. گومان
لەسێبەری خۆشم دەكەم ،
چ جا لەدێوەكانی نێو
قۆرییە ئەفسوناوییەكانی
ئەم هەوارە .. !

فوی تێمەکەن ..
هیچ دەبدەبەیەك توانای
ئەوهەمووئاوسانەی نییە ..
چ جا ، بڵقی
کەفی حەمامێکی کۆنی
کۆڵانی تەنگی فریودان ..!
چونکە ئەز.. هەر ،
وەك ناوی خۆم بێ گومانم
کەفی هیچ حەمامێ ، چڵکی
روخساری ژێر
دەمامکەکان .. ناخوسێنێ .. !

لەسەرپردێك
دانیشتووە ، ئاسوودەیی
ئەمبەری گڕ.. ئەوبەری گڕ
لەژێریدا ، ڕاكشاوە
بەستەڵەكێكی ساردو سڕ
كێ بەنیازە ، دەستی بگاتە دامەنی ..
یان دەسوتێ یان هەڵئەخزێ .. !!
تۆ بنوارە ، ئازیزەكەم ،
چ خۆشنودی خانەیەكە
ئەم هەوارە .. !؟

فێری سواڵت دەكەن ئەی دڵ ..
سواڵی ڕیتمی ڕیاكاری و
سەمای سۆزێكی ساویلكە .
تاكو لەدوورترین ئاسۆ ،
لەكۆچی كاروانی عیشقا
هیچی تر نەبینی ، غەیری تراویلكە .. !

..............................

مێژوو .. بیابان
غەیری ڕەهێڵەی خوێنی نەدیوە ،
هەردوو بەری ڕێ ..
یەك یەكی كاروان پەرۆشە بۆ ئاو
تینوێتی لێوی شەقاری ئومێد ،
چۆن بەڕووبارە سەرابێ دەشكێ ؟

گرفتی كەسمان نیە ، برسێتی
هەموومان .. تێرین !
ئێمە .. لەخەم و
ئێوە .. لەخێری خاكێكی دێرین !!
گرفتی كەسمان برسێتی نیە
هەموومان .. تێرین !
ئێمە هەرخۆمان ،
بەكفری .. نیعمەت لەمێژە .. فێرین !!!
.........................
دەست و دەستكێش ،
لەگەڵ مقاش .. !
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەسپەكان و
دۆنكیشۆتەكانی نێوان
جوتێ بەرداش .. !!

عەمبارەكانیان .. پڕكرد لەجنێو
لەجیاتی گەنم ..
دەترسم كاتێ كەبرسێتی هات
هیچ نەبێ بیخۆین ، لەجنێو زیاتر.. !

پەڵەی نەداوەو جنێو تۆو دەكەن
هەورێ لەئاسمان بەدی ناكرێ و
جنێو دەبارێ ..
ڕەنگە ساڵی نوێش
لەدەشتی دێمی ئەم هەوارەدا
هەرجنێو شین بێ .. !

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

بۆ ئەوەی باسی شاردنەوەی
گەنم و وشكەساڵی نەكەین لەگەڵیاندا ..
باسی چیرۆكێكی خۆشی ناو كتێبی
هەزارو یەك شەوەمان بۆ دەگێڕنەوە ..
چیرۆك خوانەكان وەتەن !
...............................
ئەم بارە خورمایەی ئێوە
لەشامەوە دەیبەن بەرەو خاكی شیراز..
نەپوشێكی تیایە بۆ من
نە توێكڵی كورد كوژەیەك
نەدەنكە خورمایەكی شاز..
ئێدی .. بۆچی گەرەكتانە منی سوێسكە
بقیرێنم .. لەجیاتی قاز.. !؟

كەتۆی ناچاربەڕۆییشتن
لەسەرئەژنۆ
دەبینم .. بۆ
قومێ بادەی تاڵی سود و
چنگێ بادەمی خۆشبەختی ..
ئاوەنگی شەرم ،
ڕیشی ، بەخەم بەفرینی من
دادەپۆشێ .. !!
چ لەشفرۆشێكە ، لالۆ
عیزەتی نەفس ،
ئەودەمەی بێ تروكەی چاو
كۆشێ دەگۆڕێ بەكۆشێ .. !!

تەختە بەبزماری وت :
دەزانی تۆ چ ژانێ
دەبەی بەنێو جگەرما .. !؟
بزماروتی : چ گێلی .. !!
ئەی تۆ نابینی چەكوش
چۆن دەماڵێ بەسەرما .. !؟

..............................

دەنگ هەڵبڕن ..
وەختی خەڵوەت نییە ، یاران
گلەیی .. لەهەوریش مەكەن
ئەگەرلەجێی ئاوەنگی حەق
میزی وشترێكی تری
سەبری بەسەرتانا باران .. !!

بۆی دەگەڕێین ..
وەك ئەوەی لەنێو پەڵاشدا
بۆ دەرزیلەیەك بگەڕێین ،
تا لەدڵی خۆمانی دەین ..
بەنیازی ئەوەی خورپەیەك
بمانكاتەوە بەمرۆڤ ..
ئێمەی گۆڕدراو بۆ داهۆڵێ ،
باڵندەكان لەسەرشانی دەنیشنەوە
پاش دزینی
دوا دەنكە گەنمی ڕەنجی ساڵ !
بۆی دەگەڕێین ..
لەگشت كوچەو خیابانەكانی ژینا
دەگەڕێین ، بەشوێن ( ئەڤینا ) .. !!

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

ئەزگوتم ، دز..
ئەوگوتی ، بۆباسم دەكەی !؟
ئەزگوتم ، دووڕوو ، درۆزن ..
ئەوگوتی ، ئێ
بۆزەمی ئیحساسم دەكەی !؟
ئەزگوتم ، خۆ
تیری نێوكەوانی چاوم ڕوولەپێشە
تۆلەپشتی من دەجوڵێی ،،
لالۆ ، بۆدەی كەی بەكێشە .. !؟
........................
دەڵێی فابریكی چاویلكەی داناوە بۆمان ، جەنابی
لەكوێ هەستی بەنەستێ كرد ،
تەنانەت بێتە سەردانیش بۆگڵكۆمان ..
وەك ئەوەی قەرزاری كۆنە دەفتەری بین ..
دەبێتە حەسحەسی سەرڕێی هاتوچۆمان .. !
( سیخوڕ)

شاعیرەكان گرینۆكن ..
پەپوولە خۆی فامی كاڵەو
باڵ دەكاتە ملی بلوری چرایەك ،
ئەو دەسوتێ و.. ئەمان دەگرین !
زەڕنەقوتە خۆی گەمژەیەو
بە نەرمە وەشتێ ناوێرێ ،
ئەو دەمرێت و.. ئەمان دەگرین !
گەڵایەكی زەردی خوێڕی
خۆی بەپژمەی بایە دەفڕێ ،
ئەو دەوەرێ و.. ئەمان دەگرین !
عاشقێكی گێلی شێتیش
هەرخۆی دڵی لەپەشمەكەولەژێرزمانی فیراقا
دەتوێتەوەو.. ئەمان دەگرین !
شاعیرەكان ترسنۆكن ..
چەكی شانیان .. هەرقەڵەمەو
پڕلەگوللەی وشەوئەسرین .. !!

مەڕەكان ، بەچرپە ئەدوان ..
قەسابەكان ،
كێردیان هەڵئەسوو لەهەسان ..
هاوسێ هەژارەكان ، شەتڵی
چاوەڕوانیان لەدەشتی
دڵی ئومێدێكا ئەڕواند ..
مەلای پێشنوێژی مزگەوتیش
خشتەی زەڕبی لەبەردەكرد ..
تا لەنوێژی سوبحی جەژنا
كیلۆ بەكیلۆ حەسەنات بژمێرێ بۆ
دەوڵەمەندەكانی گەڕەك ..
ئێوارەی ڕۆژی عارفە گەورەی پێش
جەژنی قوربان .. !!

چی دەڵێن بیڵێن ..
چی دەكەن بیكەن
زۆرفكری ناوێ ..
چڵكی خیانەت لەدەشتی گەنم و
لەچاوی كانی ولەغەمزەی هەتاو ،
پاك نابێتەوە بەهیچ گەرماوێ .. !

..............................

كەمێ هێوربە ، ئەهریمەن
لەدێرزەمانەوە قابیل
هابیل ئەكوژێ ..
پەلەی چیتە تۆش ئەی دەبان
هەرخەنجەرەو
لەژێرپشتوێنی غەدرەوە
دەچێ بەگژمتمانەیاو ،
خوێنی هاوخوێنی پێ دەڕژێ .. !

تفەنگێكەو
زامنەكەی لەسەر دەسترێژ دانراوە ..
قڵپی گریان !
بۆمبێكی كۆنی زەمانی
جەنگی جیهانی یەكەمەو
سڵ لەتەقینەوەی دەكرێ ،
زەردەخەنە .. !!
تێگەییشتی گوڵم ئێستا
لەدیرۆكی ئەم هەوارە .. ؟
دەزانی هەنوكە ئەی یار
لەكەنگێوە
بەختی ئێمە لەخەم سوارە .. ؟؟

( كتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

کتێبە ئەفسانەییەکان ،
هێندە باسی سەربڕین و سوتاندنیان
چرپاند بەگوێی ئەو خەڵکەیا ..
هەرچی هات و
ویستی تۆڵەی دڵۆپێ خوێن بکاتەوە ..
هەرچی هات و
ویستی بۆویستێکی خۆی شوێن
بکاتەوە ..
جەهەننەمێکی چێ کرد بۆ ، ئەوانی تر
لەسەرئەم زەویە شێواوە ..
( ڕۆژگارێکی سەیرە ، گوڵم )
کەس تاقەتی چاوەڕوانیی
ژووانی حەشری .. نەماوە !؟

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

چی خەمەكانی دنیایە
كۆڵەپشتیان دا بەكۆڵاو
سەری خۆیان هەڵگرت بەرەو
ئەم بەهەشتی خەمستانە ،
وەلێ هەركەگەیشتنە ئێرە ..
كەسیان كونێكیان دەست نەكەوت
بەكرێی بگرن ..
لەم نیشتمانە ئیسفنجەی زۆرلەمێژە
بەخوێیاوی خەفەت تێرە !

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

لەسەردەمی ،
زرینگەی پەرداخی بۆشدا ..
بێدەنگی ، هونەرێكی بەرزەو
نە هەمووزمانێك دەتوانی پێی بگا
نە هەمووگوێیەك دەتوانێ لێی تێبگا .. !
سەری كاسی زەوی دێشێ ،
هێندە بێ سوود بەدووی خۆیدا
دەخولێتەوە ..
زام بێزارە لەقەتماغە ،
هێندە سارێژدەبێ و دیسان
دەكولێتەوە ..
چ دەمێكی چەرخ سواوە ڕۆژگارو.. !؟
چ ئەسپێكی هەمیشە گلاوە بەختی
ئێمەی بێ عار.. !؟

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

پلەی گەرماش هەڵنەكشێت و
ئاوی دەریاش
بەشێكی نەبێت بەهەڵم و
( با )ش هەڵنەكا و هەورەكانیش
سواری كۆڵی یەكتر نەبن ..
بارانیش لەدایك نەبێ و
كەسیش نەیچێنێ ، ئەو دەڕوێ و
كاری بەوەرزەوە نییە ،
توتڕكی وەهمێكی شیرین
لەخانمە خاكێكا ، ڕەحمی فڕیداوەو
قەولە ناوی بنێین .. ئومێد !

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

ڕەنگە هەموومان ،
وەكویەك بێین و وەكویەك بڕۆین
وەلێ چیرۆكی ژیانی هیچمان
لەوی تر ناچێ ..
یەكێ ڕۆمانی باخێك لەئەڤین
دەنووسێتەوە ..
یەكێ داستانی كردنی سەحرا ، بەدارستانێ ..
یەكێكی تریش كورتە چیرۆكێ
دەگێڕێتەوە .. بەناونیشانی
تەورێ كە كلكی خۆی لەدارێكە
قەدی ئەودارەش هەردائەپاچێ ..
ڕەنگە هەموومان ،
وەكویەك بێین و وەكویەك بڕۆین
وەلێ چیرۆكی ژیانی هیچمان
لەوی تر ناچێ .. !

گەورەترین ..
درۆی قۆچدارە ، ئازادی
كاتێ چەك و پارە ئەدوێن .
سوكترین مێشولەی چەمە
دیموكراسی ..
كاتێ بڕیارە .. فیل بفڕێ .
لەو بەینەشا ..
بۆگەنترین ڕشانەوەی
سەرخۆشەكانە .. گفتوگۆ..

ئێمە بە بێدەنگی دەمرین ،
لەنێو تەمی خەونەكانا دەماننێژن ..
مانگەشەو تەڵقینمان ئەداو
ئەستێرەكان بەشداری پرسەمان دەكەن
لەسەركێلی مەزاریشمان
نە كەس دوو دێڕ شیعر دەنووسێ و
نە دوو دڵۆپ ئەسرینیشمان بۆ دەڕێژن ..
ئێمە بە بێدەنگی دەمرین ،
نە ڕۆژنامەیەك هەواڵی كۆچمان بڵاودەكاتەوە
نە كەناڵێكی ئاسمانی و نە ڕادیۆیەك
كەمێ لەسەرپوختەی ژیانمان دەبێژن ..

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

ئێمە بەبێ دەنگی دەمرین ،
ئێمەی موعتاد بەشوكرانەی نانی وشك و
هەرزانترین جۆری بادە ..
ئێمەی ڕازی بەقەدری بەخت و بەشمان
ئێمەی جێماولەدامێنی
كراسە سوورەكەی دێرۆك
ئێمەی هەمیشە بۆمەرگی
پێش ئەوانی تر، ئامادە
ئێمەی منداڵی دایكە بێ نازەكان و
باوكە پێ سوتاوەكانی كۆڵانەكانی نەداری ،
ئێمەی .. مرۆڤی زۆرسادە !!

## ( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

ئەزدڵم لەنێو مشتمایەو
گەمژەکانیش پێدەکەنن .. !!
نەك لەترسی ژیانی خۆم
خۆم دەمێکە .. بێ بەرانبەر
گیانم بەبای قەدەرداوەو
بێجگە لەپوشی ڕەنجێکی شەماڵ بردوو
چیترم شەن نەکردووە ..
ئەزدڵم لەنێو مشتمایە
بەخاتری ئەو پەڕەسێلکە گەنجانەی
دووبارە گەنجێتی خۆمیان تیا ئەبینم ،
دەترسم پاش نیوسەدەی تر..
نامەیەکی ئەم دنیا بێ بۆ ئەودنیاو
لێی نووسرابێ .. بێ خەم بنوو

هیچ لەجێی خۆی نەگۆڕاوە ..
بەزم هەربەزمی جارانەو
ڕەهێڵە بارانی چەپڵە ،
دەباری بۆپیری موغان
بەدەم ناڵەی .. ڕەشەباوە
هیچ لەجێی خۆی نەگۆڕاوە ..
بەزم هەربەزمی جارانەو
گوڵشەنەكان ،
هاوچارەنووسی گوڵخەنن
ئەزدڵم لەنێو مشتمایەو
گەمژەكانیش پێدەكەنن .. !!

ئەو دەمەی نان باڵی نەبوو
ئازادی لەنێو زیندانا ،
لەسەر دیواری ژوورەكان
ژووره تارو نسرمەكان ،
نیگاری خۆری بەنینۆك هەڵدەكۆڵی ..
كەدیواری زیندان ڕما ،
ئازادی وەك
مەلێكی گۆتی نێو قەفەس
چەند ویستی بفڕێ ، نەیتوانی
لەبری ئەو.. نان
دای لەشەقەی باڵ و فڕی
بەرەو ئاسمان
وەك مەلێكی ئەفسوناوی ..

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

لەو ڕۆژەوە ..
نە نان لەسەرداری ڕووتی
ئەم ژیانە ، هەڵدەکورمێ ،
نەئازادیش .. دیسانەوە
فێری باڵەفرکێ دەبێ ..

جام پڕەولێی دەڕژێ ، یاران
جۆگەلەی بۆ هەڵنەبەستین
بەرەو دارە تینوەکانی باخی ئومێد ،،
ئاو بەفیڕۆ دەچێ و داریش
یەك هەناری حەق ناگرێ .. !

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

بەچەكوشی .. ڕق
لەسەرسندانی فریودان ..
هێندە وردو خاشی كردوین ،
مام سیاسەت ..
مەگەردەستی میهرەبانی
شیعرێ كۆمان بكاتەوە .. !
چاكترە ، لەهەنگی وشەو
بەهەنگوینی ساغی ئاوەز ،
پووره هەنگێ .. ماڵێكی نوێ
چێ كەینەوە ،
بۆهەست وجەستەی لەگڕو
لە ئاسن .. دروستكراومان !!

وەرزی فیراقە ..
فیراقی گەڵای زەرد لەدرەخت و
باران لەهەورو
فیراقی ڕەونەق لەچاوی هەتاو..
خۆزگە مەراقیش هیچ نەبێ ،
ساڵی جارێ ، وەرزێکی فیراقی دەبوو
وەك عادەتی باو..
وەلێ .. پێدەچێ
ئەولە کلتوری فیراق بەدەربێ ..
وەلێ .. پێدەچێ
ئەولەسەرخاکی سنگی ئێمەدا
دارسنەوبەر بێ .. !

ئەی سروەبای
سەرەتای پاییزی خەمگین
بزانە .. چۆن
لەگەڵ ئەسرینی گەڵای تۆ
چۆڕاوی حەسرەت لەروحی
ئێمەش .. دەڕژێ !
بزانە .. چۆن
لەگەڵ پژانی دەماخی بەرزی هەورا
مێشكی سیخناخ بەمەراقی
ئێمەش .. دەپژێ !!

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

سەری هەنگاوگێژ ئەخوات و
بینایی ، هێڵنچ ئەدات و
گوێ ، مانی گرتووە لەدەنگ ،
دڵ خەریکە دەبێت بەکوێرە کانییەك
لەداخی ئەو یاڵە تەمەی
لەبەردەمی چارەنووسا ڕاکشاوە ..
چۆلەکەی خەیاڵیش ، گوڵم
جورئەتی فڕینی نییە ،
ئەمپەڕو ئەوپەڕی ئاسمان
بۆسەی داوە ..
چاوەڕێی شیعرێکی تەڕو
بڕی عیشقم ، گەرلێدەکەی
لێم .. ببوورە
ژیانێکی تەڵخە ، گوڵم ..
ماڵی ئاسۆ.. جارێ دوورە !

ئاشتی ، لەكوچەی
ڕاوچیەكانا ..
كۆترێكی تەقلەبازی باڵكراوەو
ناچارە بەنمایشی سەما
لەسەرزەوی
بەچەپڵەی ئێمەی مناڵ و
بەفیكەی كۆتربازەكان .. !
..........................
تەنانەت تەوارەكانیش لەترسانا ،
هێلكەكانی خۆیان دەخۆن
دەڵێن ، نەبا بازدەرچن و
سەرۆك بیانكات .. بەسەرباز !

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

ئەوەندەی پێ
لەنێو پێڵاوێكی تەنگا دڵی تەنگ بوو..
جەنابی فەرماندە ، كاتێ
سەربازەكانی خۆی بینی ، نوستوون لەژێر
بەیداخە گەرم و نەرمەكەی نیشتمانا .. !

ئەی .. فەرماندە ئەوەی شكا
سوپا نەبوو.. ئەوە گوڵدانی ئومێدی
هەموو دانیشتوانی ئەم باخی خەیاڵستانە بوو..
كەتۆ بەڵێنی فیردەوست پێ ئەدان و
چیتر نەبوو غەیری سەقەر..

ئەی .. فەرماندە
ئەوەی شكا سوپا نەبوو..
ئەوە ئاوێنە ساختەكەی ژوورەكەت بوو
لەنێو تەمی چڕی خەونا ..
لەگەڵ كێوە بەفری شكۆی جەنابیشتان ..

وێڕای نێڵەنێڵی گڕی
کوورەی دڵە بیمارەکان ،
گوێم لەتەلی کەمانێکە
هێشتا نەوا دەچڕێ بۆژین !
ئەی دڵ ، بڵێ ..
مەلی هیوات بۆ گیرۆدەی
خەمی .. داوە ؟
ڕێ درێژەو دواهەواری
پشوو هێشتا .. زۆری ماوە !!

ئەو خەیاڵەی
هەرلەئاسمانی بەرینا دەفڕێ و لەسەر
چڵی درەختێكی بەردار
نانیشێتەوە هەروەهمە ،
نەك حەقیقەت .
ئەی جادووگەرانی وەتەن
لەمێژەوە ، ئێوە بەختمان
هەرلەنێو فنجانی قاوەو
هێڵە ئاڵۆزكاوەكانی
لەپی دەستا دەخوێننەوە ،
ئەرێ تا ئەمڕۆ هیچی لێ تێگەیشتن .. ؟

نیشتمانی
نێوان دوو ڕووباری لیخن ،
كارگەیەو لەسەردەمی پاش حەسیرو بەرماڵەوە ..
كاڵایەكی تری بەرهەم نەهێناوە
غەیری فەرماندەی ملهوڕو
بەشی زەریایەكیش گۆڕی سەربازی .. ون !
نیشتمانی
نێوان دوو ڕووباری لیخن ،
زانكۆیەكەو انەبێژەكانی فاڵچین ..
خوێندكارانی تا هەنوكەش فێری تەنها ،
دارا دوو داری دی دەبن !
نیشتمانی
نێوان دوو ڕووباری لیخن ،
مەنهۆڵێكەو پاشەڕۆی زێرابەكانی سیاسەتی
هەموو جیهانی تی دەڕژێ
وەلێ ، مەنهۆڵێكی بێ بن !

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

دزەكان دێن ،
باسی دەستپاكیم بۆ دەكەن ..
درۆزن دێ ، بانگی حەق ئەدات بەگوێما ..
دەلاڵەكانی شەهوەتیش ،
سوێندم بۆ دەخۆن بەشەرەف ..
ملهوورەكان ، جارنامەی جیهانیی مافی
مرۆڤم بۆ دەخوێننەوە ..
سوخۆرەكان ،
مانیفێستی دادپەروەری دەنووسنەوە ..
ترسنۆكەكان ،
ڕۆڵی پاڵەوان دەبینن لەكۆمیدیای ئازادیا و
شایەتی هەریەكێكیشیان ، شەهیدێكە .. !
منیش ... خۆم لەگێلی ئەدەم
لەوەی لەم خومخانەیەدا
ئەوان پێی دەڵێن ژیان و چیتر نییە
غەیری ڕەشترین خاڵی سەرلێوی عەدەم !!

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

لەوەتەی هەین ..
لەئاوێنەی تراویلكەیا ،
خۆمان لێ دەبێتە هەڵۆ ، ئێمەی كێشكە ..
خۆمان لی دەبێتە شێخ و
عاریف و حەكیمی لوقمان
ئێمەی هێشتا لەنێو بێشكە ..
چاومان لەنێو خەونا ڕوا
چەقۆی تیژی سەبریش سوا
لەداخی بێ دەنگیی ئێمە ،
بەردیش دوا ..
تازە بەتازە پێم دەڵێن
ڕەنجی دزراوی ئێمە كوا ،
ئەو انەی تەوژمی سەدای
پرخەیان دەگاتە لای خوا ..

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

لێرە ، لەم تەمستانەدا ..
ژیان ماڵێكە بۆ كرێ و
نان ، بارمتەی گوێڕایەڵی ..
ئۆباڵی دزینی دوێنێ
بەئەستۆی ئەستووری ئەوان ،
ئەمڕۆش .. بەكێوی فرسەتا
چنگەڕنێی هەڵزنانێتی تا كەمەر..
تیژ تەماشای پێشی خۆتكە ،
ڕێبواری دەست و پێ بەكۆت ..
ڕێگای سبەی تەمتومانەو
گەرهەڵخزای ،
ئۆباڵی هەربەئەستۆی خۆت .. !

گوماندارم ، ئیتروشە
بتوانێ ئاوێنە بێ ، بۆ
ئەوکەنیشکە کراس دڕاوەی
پێی دەڵێن ، خاتوحەقیقەت !
وەرە با بچینەوە بۆ
سفری بەرلەتروکانی هێلکەی ژیان ..
بەومەرجەی بەسروشت بڵێین
تکایە سەرپشکمان کە .. !
لە هەڵبژاردنی هێلانەو
کات و شێوازی جووت بوونی
ئەومریشك وکەڵەشێرەی
لەشەوێکی تاروناوەختی هەوەسا
بوون بەهۆکاری ئەوژانە سەرمەدییەی
هەندێ .. سەرخۆش
ئەمرۆناویان لێناوە ( بوون ) .. !!

چی هەبوو .. وتراو
کرا بەڕێژنەی باریو لەهەوری
ڕەشتاڵەی هەنی و
تێزابی ڕژاو
لەتەنووری چاو
کەچی تەنانەت دووورده چاڵی
لەم بەردە ڕەقەی ڕێی قەدەرمانی
هەرهەڵنەکۆڵی .. !
هەی های ، گەلۆ.. های
چەند خۆڕاگرین ، ئێمە لەبەردەم
زریانی دەهراو
جۆرەها سەمای .. !؟

هەمیشە وای پێدەوتین ؛
ئەم نیشتمانە دایكمانە ..
كەچی هەرخۆی ،
بەشێكی لای سەروو ئەژنۆی
فرۆشت بە بازرگانێكی
كەنیزەك كڕی بێگانە .. !
لەو ڕۆژەوە ، تێگەییشتم
كە هیچ بن دەوەنێكی ئەم
سەرزەمینە پۆڕو پانە ..
بۆ من نابێ بەنیشتمان
بێجگە لەمناڵدانی دایكم ..
هەمیشە وای پێدەوتین ،
مامۆستاكەی مەدرەسە نا ..
كوێخاكەی گوندەكەی خۆمان !!

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

مەلبازەكانی ئەم گوندە
تەنها بەمەرجی نێو قەفەس
دان ئەبەخشن
بەباڵندە زیندانییەكان .. !

بەهارێكی تریش هات و
تۆ نەهاتی ..
ڕووبارێكی تریش ڕژا
لەبەرپێتا .. هەرنەهاتی
وا چەمی خەم ،
بوو بەئۆقیانی بێدادی ..
هەر.. نەهاتی
ئەی سێوە كرمۆڵەكەی سەر
چڵێكی داری ئازادی .. !

بەشیان دەكەین ،
هەموو خۆشی و ناخۆشیەكانی نیشتمان ..
كێڵانی خاك ، بەگاسنی چنگەڕنێ و ..
ئاودانی بە ، ئاوی سووری كانیی زام و
بژاری گیاكەڵەو دەغڵیش بە برژانگ و
پاش فڕینی مەلی ڕوحیش
پەیكەری ئێسكمان دەكەین
بە داهۆڵ .. بۆی
ئەمانە گشتی بۆ ئێمەو
ئەودەمەی گەنمی ئومێدیش بوو بە ئاڵتوون ..
بیرتان نەچێت ،
ئێوەش بەئەركی خۆ هەستن
گەرچی بەخەمی ئێمەوە
فرە ماندووین ..

تا گەردنی درێژی ڕاكشاو مابێ
لەسەركۆتەی
شوكر انە بەو بەخت و بەشەی
لەم وەرزی وشكەساڵیەدا
لەئاسمانەوە دەبارێ ..
كێردو چەقۆی فریشتەكان . لەگەڕیانی
میهری خودایی ناكەون !
...................................
خاك وشك بوو..
بەختی مێژوو ، وشكەساڵی ..
هێندە بە ئارەقەو ئەشك و خوێن ئاو درا ،
بوو بەقوڕو تێیدا چەقیین ..
بەرلەوەی بگەینە درەو..
ئاخۆ دەبێ ..
تاو انی ئێمە بێ یان ئەو.. !؟

هەموو كورسییەكان بۆ خۆتان ،
هەموو مێزو قاپ و كەوچك و چەتاڵ و
چەقۆكانیش هەربۆ خۆتان ..
درۆكانیش هەربۆ خۆتان ..
پەرداخە كریستاڵەكانیش
هەربۆ خۆتان ..
دیرۆكە ترش و شیرین و تاڵەكانیش ،
هەربۆ خۆتان ..
هەموو دەرگاو پەنجەرەو دیوارەكانیش
هەربۆ خۆتان ..
گوڵدانە یێزارەكانیش ، هەربۆ خۆتان ..
كەلوپەلە ئەتیكەكان ، كەفاڵەكان ،
جل و پۆشاكە شیكەكان ..
فەرشە گرانبەهاكانیش
هەربۆ خۆتان ..

پۆست و پەیژە ڕەهاكانیش
هەر بۆ خۆتان ..
تەنها خۆمان پێ بدەنەوە ..
ئەو خودەی زوو بەخەم گۆڕا ..
تەنها ژیان لەگەڵماندا ئاشتكەنەوە ..
ئەوژیانەی ، لەگەڵ هاتنەوەی ئێوەدا
سەری خۆی هەڵگرت و تۆرا .. !!

.........................

مناڵیمان .. چونكە چنگێ
پەشمەكی نەرم و شیرین بوو ،
هەرزوو لەژێرزمانماندا تو ایەوە ..
كەچی پیریتیمان دەڵێی
سەهۆڵبەندانی باكوورەو
بەسەدان ساڵی ڕووناكی ناتوێتەوە .. !

## ( كتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

شارنییە لەم
نیشتمانە زامدارەدا .. دڕکی غەدرێك ،
لەجەستەی هەڵنەچەقی بێ ..
پێ نییە ، لەڕێی سەفەری ئەم کاروانە بێدارەدا
لەسەرەتای هەنگاوەوە سەدان مینی
ڕق وکینەی شایەك ، خەلیفەیەك ، میرێك
فەخامەتی سەرۆکێکی داگیرکەری
لەپڕ.. پێدا نەتەقی بێ !!
کەچی نە پێ .. لەگەڕیانی کۆچ دەکەوێ ..
نە چاوی بێداری ئێمەش
بەڕووی ئاسۆدا دەخەوێ .. !!
چ لاسەنگە ..
دووتای تەرازوی ئەم دادە ..
چ بێدەنگە ..
گەروی نووساوی ئەم کەونە
بەتۆنی پرخە موعتادە .. !؟

## ( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

ڕۆژانێ بوو..
چاوەکان چرایەکیان هەبوو..
گیانی ماندووی ژێرباری نان
دیوارێکی گڵینەی ڕووت ..
لەگەڵ پارچە لبادێکی تا سنووری کشانی پێ ..
کەچی شەو نەبوو شکۆفەی
خەندەیەك لەسەرچڵی لێو نە پشکوێ ..
وای لەدوێنێ و ئای لەئەمڕۆ !

.................................

هەندێ ئازارهێندە سەختن
شیعربەباڵای کێویش بێ ،
لەئاستیاندا ..
گرگنێکی بێ سێبەرە !
بۆ نموونە .. زریکەی خاك
ئەودەمەی تاڵانچییەکان
پێی پیادەنێن .. !!

باپیرەمان برای یەك بوون
کاتێ مردن ..
ئیدی شتێ نەما ، ناوی
مەحیببەت بێ ..
لەسەربەرماڵ و تەسبیح و
گۆچانەکەی هەریەکێکیان
قیامەتێ ،
لەشەڕی میراتی هەڵسا ..
نێرینەکان یەکتریان کوشت ،
مێیەکانیش ، لەجیاتی خوێن
دران بەشوو..
های لەمێژوو..
وای لەمێژوو..

كە تۆ باكی
خەوزڕانی شەولەچاوی
ئێمەت نەبێ .. ئێمەش باكی
چوونت لەگەڵ ڕەشەبادا
ئەی ڕەقیب بۆ تونی بابا ،
نییەو نابێ ..
بەڵێ ڕێسای ( دەنگ و سەدا )
زۆر لەمێژەوە ، ئەی ڕەقیب
هەروا بووەو دەبێ و ابێ .. !

ماڵەکەمان لە شوشەیەو
جەنگ بە قۆچی کووڕی ئاسن
خەریکە لەدەرگا ئەدات ،
جەنگە ، جەنگی کەڵەگاکان ..
بڵێسەی ئەم گڕە کەسمان ،
بەخاتری چاوی کاڵی ، وەدەرناکات .. !
تەنانەت ئاژەڵەکانی دارستانیش
بەهەستی خۆڕسکی خۆیان
پەی بەم حەقیقەتە دەبەن ..
قاقا لەچی لێ ئەدەی ، تۆ
مرۆڤ .. ئەی گێلترین داهۆڵ !؟

حەزلەئاوازی غەمگین و
ژووری چاوڕەش و پەنجەرەی
داخراوو
تەوێڵی گرژو مۆن ناكەم ..
ئەم ڕۆژانەش لە بەختی من
ئاسمانی نیشتمان ، غەیری
لورەی چەقەڵی ڕەشەباو
تەمی ڕەشباوی بەرنیگاو
میزاجی كشمیشی هەوری
نەزۆكی بێ .. شنەی كەیفێ
چیتری لێ سەوزنابێ ..
وەلێ .. حەیفێ !!

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

نامەوێ پێش بارەش کەوم
وەلێ هەستم وام پێدەڵێ ..
ئەم هەورە شەڕەنگێزانە ،
غەیری گرمەگرمی نەزۆك
هیچی تریان لەدەست نایەو
پێدەچێ ئەم وەرزە ، هێشتا
هەر درۆزنە بەهارە بێ ..
تەنانەت سەرلەبەر، کۆیان
دەستی چرۆیەکیش نەگرن
تا فێری دارەدارە بێ .. !

بەو هەموو دڵ ڕەقییەوە ،
چەقۆ بۆ ملی قەدەرمان بەخوڕ دەگری .
چونكە ئێمە لە گێژترین نەسلی مەڕین ..
بەرلەهەر فیستیڤاڵێكی كەوڵكردن ،
پڕ بەهێزی
چوارپەلی موعتادمان بەكۆت
هەڵدەپەڕین .. !!
..............................
خۆ نە تاوانی چەقۆیە نەهی قەساب ،
ئەو هەموو ڕووبارە خوێنە بەخوڕەمان
بەفیڕۆ ، وا لەبەر دەڕوات ..
ئەوە گەردنی خۆمانە ،
دیارە دەخورێ ،بۆ سەربڕین .. !
كەچی پێش و پاش سەربڕنێكیش
دیسان .. هەڵدەپەڕین !!

## ( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

شەوێکی دی تێدەپەڕێ و
ڕۆژێکی دی بەخەبەردێ ،
ئەمما وەلێ ..
چاوی عەوام هەرلەخەوی شیریندایەو
هۆشی .. لەبیرێکی سیا
گوێشی ئەشکەوتی بێ سەدا
ئەوەی لەم گیانە ناسرەوێ تەنها دەمەو
ئەویش لەپرخە ناکەوێ .. !
بەیانیت باش .. نیشتمانی ،
پیاڵەی ئومێدی وردوخاش .. !!
بەیانیت باش .. ئەی بەهەشتی ڕاوچیان و
ساختەچی و قۆڵبڕو چەتەی
شاخ و بیابان و دەریاش ..
بەیانیت باش .. ئەی دۆزەخی
هەمیشە داخیش بە ئاخی
کەوی حەق بێژی بێ پەناش .. !!

ڕەنگەکان ،
ڕزگارکەن لەدەست ڕەنگدزەکان
دەنا سروشت ،
دوچاری کوێریی ڕەنگ دەبێ !
دەنگەکان مەسپێرن بە (با)
(با) سروشتی قەلەڕەشکەکانی هەیەو
چی بەرێ نای .. هێنێتەوە
ئێوەش ، ئەی خەڵکی هەواری
پەلکەزێڕینەو ڕەشەبا ،
ئەی خێڵی خەوتوو لەبنکی
دەریای خەیاڵێکی شینا ..
گەروا نەکەن ،
هەم کەڕدەبن ، هەم نابینا !

بەخاتری ئەوەی شیعر
فێری زمان پیسی نەبێ ،
دەبێ جێیەك بۆ ناوتانی تیا نەمێنێ ..
ئەی زین دزەكانی ئەمڕۆو
شۆڕەسوارەكانی .. دوێنێ !
..............................
چاویلكەكانیش بێزاربوون ،
ئەوەندە روخسارەكانیان گەورەكردو
ئێمە نەماننناسینەوە .. !
چاوەكانمان هەربەتەنها
دەردی كورتبینیان نییە ،
تەنانەت كەڵبەش لەقۆچی
بزن جوداناكەنەوە .. !!

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

لەوەتەی هەم ،
باڵی پەپوولەی حەقم لا
تیژترە لەنوكی شمشێر..
منی تاسەرئێسك پێكراو بەتیری دەستی بێدادی !
لەوەتەی هەن ،
( دەڵێن حەق وا بەسەرنوكی شمشێرەوە )*
ئەوانی تا ئەوسەری روح
تۆقیو لەباسی ئازادی .. !!
........................
نازانم ، كام گەمژە وتی :
بەهەشت لەژێرپێیەكانی دایكدایەو
لەبەرپیرۆزیی ئەویشە ، نیشتمانیش
هەربەناوی ئەوبانگ دەكەن .. !؟
من ئەمرۆكە ، نیشتمان وبەهەشتم دی ..
لە تەنیشت زبڵدانێكی ئەم شارەدا
لەسەربەڕەی سواڵ نوستبوو.. !!

بەرەو (بەداهۆڵ بوون) دەچین !
ئەگەرنا ، بۆ..
پەنجە نەرمەکانی خۆشی
ختوکەی کەمەرمان ناداو
مستی ڕەقی ، مەراقی هەموو ڕۆژێکیش
بروسکەی موچڕکەی ژانێك
نانێرێ بۆ پەڕەی دڵمان .. !؟
ئەوەی پێمان دەکرێ تەنها
پاراستنی دەشتی گەنمی کوێخاکانە ،
لەچۆلەکە چەنەبازو
هارو برسیەکانیی قەدەر..
کوا .. تریقەو
کوا .. ڕاچەنین !؟
بەرەو (بەداهۆڵ بوون) دەچین !

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

لەم هەوارە بێ عارەدا ،
وەك دوا شەپۆلی دەریایە ، كامەرانی ..
تا كەناری دڵمان دێت و
بۆ ئەوەی قولەپێی تەڕكا ، دەكشێتەوە .. !

........................

هەرجێیەكی تۆ بسوتێ ،
سینەم بۆنكڕوزی لێدێ ..
ئەوەندە وڕماوە و اقم ، نازانم من لەنێو تۆدام
یان تۆ لەنێو جەستەی منای ..
نیشتمانە ، بەخت سیا چەمانەكەم .. !

........................

لەهەرسوچێكی پەنهانی ئاسمانەوە ،
خڕكە بەردێ ، گەرببارێ ..
لەتەوێڵی بەختی تۆوە ،
ئەی نیشتمانی زام وژان
جۆگەلەی خوێن دێتە خوارێ .. !

چاوی ژیان تەڵخ ئەبینێ

ئاوی سپی هەیە ، یاران ..

وەك پەنجەرە ،

ئەو دەمەی لێی ئەدا باران .

.........................

من گوڵەكان ئاو ئەدەم و

تۆ گوڵەكان دەوەرێنی ..

من دەبمە شوانی پەپوولەو

تۆ دەبی بە چەرخ و باڵیان

دەسوتێنی ..

( ئەمە تەنها جەنگی نێوان ئێمە نییە ،

ئەمە جەنگی

نێوان شیعرو سیاسەتە)

زۆرکەناری دەریام بینی ..
وەڵێ لەجوانییا هیچیان ،
نەگەیشتنە ئاستی کەمەری
کەناردەریای چاوەکانت ..
زۆرترۆپکی چیام بینی ،
وەڵێ لەبەرزیا هیچیان ،
نەگەیشتنە ئاستی قولەپێی
ئازارە نەبڕاوەکانت ..
دایکە هەردەم
دڵ و جگەرسوتاوەکەم
نیشتمانە بێ ناوەکەم .. !

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

ڕەنگە تۆ حەسرەتی یارێ
شەو خەولەچاوت بزڕێنێ .
من حەسرەتی نیشتمانێك ،
کە بستە جێیەکی بۆ عیشق تیا .. نەماوە !
ئیدی من نازانم ، هاوڕێ
گێسوی خەیاڵی کێمان لوول
کێمان .. خاوە !؟

..............................

تا خەریکی
گواستنەوەی خەرمانە ، بەکۆڵ
بۆ ئەمباری خوا پیاوەکان ..
سەنای گورجوگۆڵی دەکەن ..
کەعومری سوغرەشی دێتە
ژێر دوادەواری بێکاری ،
ناوی لە دەفتەری یادا ، بزر دەبێت .
مێرووله ڕەش سپیەکان نا ،
خانەنشینێکی .. وەتەن !!

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

( بۆ ڕەووف حەسەن )

كەڕەخنەی لەباران دەگرت ،
بۆ بەیەكسانی ناباری بەسەردەشتی
بەخت و بەشی هەموومانا .. !؟
كە گازندەی ڕەوە كوللەی خێڵی دەكرد ،
بەبێ ئەوەی پاچێ بدەن لەخاكی دێم ،
بۆچی دەشتی گەنمی خەونمان قڕدەكەن .. !؟
كەنەفرەتی لەو نیگاركێشانە دەكرد
ڕەنگی سپی و زەردو شینیان بەشاو ئاغاو میردەزانی و
ڕەشیش ، كۆیلەی ناو كێڵگەكانی كەڤاڵێك .. !؟
كاتێ تفی دەكردە نێو ڕیش و سمێڵی مێ كوژێ .. !
كاتێ دەیگوت ، چارەی شكاندنی كەڵبەی
قەپگرەكان لەئازادی ، تەنها مستە .. !؟
پاسارییە چەنەبازو ترسنۆكەكانی سەرچڵی
قەفەزی تەسكی نیشتمان
بەگوێی یەكدا دەیانچرپاند ،كۆمۆنیستە .. !

## ( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

شتێك هەبوو ،
ناوی نیشتمان بوو ، جاران ..
پڕبوو لەبێستان وکانی و
ڕەزو بادەی جاویدانی و
باخیش ، بۆژوو انی یاران ..
وەلێ حەیف وسەد مەخابن ،
لەوڕۆژەوەی ، ڕیش سپێکانی کۆساران ،
بوون بەکوێخای گوند وشاران ..
باخ بووبە گڕدانێکی داخ
کانی .. چاوی پەشیمانی
بۆ.. نەداران !
بێستانیش ، بەمۆڵ وئوتێل
بە دوکان وبە چێشتخانە ..
بۆکوڕی کوڕانی کوێخای ژێردەواران ..
شتێك هەبوو ،
ناوی نیشتمان بوو ، جاران !!

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

لای هەندێكمان
وەتەن لەسێوی دڵدایە
لای هەندێكی ترمان ، لەنێو
ئەشكەوتی قوڵی گیرفانی
لای چەپی كێوی دڵدایە.

.........................

لەخواردنا چەند بێ زەوق و
چەند بێ سەلیقەیە ، مەراق
درەختی ژیانمان تەنها
دوو چڵ پروسكی بێ عاری پێوە ماوە
كەچی هەموو ڕۆژێ ئەو هەر
لیك لەشەویلگەی دەچۆڕێ !

..........................

پێدەچێ ، جامەكەی ئێمە
بنی كون بێ ..
ئەگەرنا بۆ هەر پڕ دەبێ و
دڵۆپێكی لێ ناچۆڕێ ؟

( كتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

لێگەڕین ، با
دوو مژلە جگەرەی ژیان دەین
بێ خەمی دانەوەی قەرز..
ئێوە ، نیوسەدەی تەمەنتان
لێکردین بەتەنها یەك وەرز..
زەردو بێ بەرو بێ سایە ، وەلێ لوت بەرز!
لێگەڕێن با ، چێژلەم ئازارە وەرگرین .
ئەمیش مەبەن
بەدەردی خۆشییە ساختەکان،
ئەوژەمانەی
لەگەڵ هەرکەوچکێ چکێ
ژەهری درۆتان تێ دەکرد ..

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

مێژوو ، بۆنی
كولانەی هەندێ مامری
شەڕانی و نەزۆكی لێدێ ..
بۆیە ئەو انەی بەلایدا گوزەریان كرد
هەر هەموو بەبۆنی ڕیقنە، بەبۆن كەوتن ..

.........................

چۆلەكەكانیش دەزانن
چەند زمان پیس و زۆر بلێی و
زەمكارو بێ عەقڵە تفەنگ..
هەربۆیە متمانەی ئەوەی
پێناكەن ، پشتیانی تێكەن..

.............................

چۆلەكەش دوو باڵی هەیە
وەلێ .. زۆرجار
دەبێتە قوربانی كزیی خەیاڵدانی ،
كاتێ دێتەوە سەرچڵی
هەمان داری .. مەترسیدار!

ئەم نیشتمانە پێویستی
بەهەژدیایەكی خەیاڵی و
ئەسپێكی باڵداری ئەفسوناوی نییە
وەك ئەوەی لەڕۆمانەكانا،
نووسەرانی چەقیولە لیتەی خەیاڵدا ،
باسیی دەكەن ..
ئەم نیشتمانە پێویستی
تەنها بەچەند شڵپێ ئاوی
كانیلەكەی ( مرۆڤ ) بوونەو
دەرزیلەیەك لەدەستی پەرستارەكەی
( ڕاشكاوی ) ..
حیكایەتخوان ، لەوە زیاتر
ئەتكی خەیاڵدانمان مەكە .. !

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

ملر دەڕەقسێ و ماچیش دەکا..
تۆش .. ئازادی
بە سەماکارێکی جوانی
بزانی یان .. شتێکی تر..
..................................
هەتاکەی گوێ لەتۆ بگرین
ئەی بێدەنگی .. ؟
تۆ سوکترین کڵاوی ، بۆ
سەری سیخناخمان بە بەردی
( سەبری ئەیوب )
لە هەواری ڕەشەبادا ..
...........................
ئەو دەمانەی ..
گومانەکان بە بارتەقای خەونەکانن
ئاساییە ، توشیی خەونە چورکێ ببیت .
چ بەدبەختییەکە ، ژیان
لەنێوان ئاگرو ئاودا .. !؟

دەڵێی چەند تنۆكێ ئاوین
بەتاڵە ئومێدێكی ژێر
مقەستی سەرتاشێكەوە هەڵزناوین
لەڕۆژگارێكی كەچەڵدا ..

........................

پاش نیو سەدە ، تێگەیشتم
قارچكی ژەهراوی ، هەرگیز
بەناڵەیی هەورە تووڕەكان هەڵناتۆقێ
بەڵكو بەڕێژنەبارانی .. بێدەنگەكان !

..........................

ئەز تێناگەم ، چەرچیی ڕۆژگار
ئەم هەموو باری كینەیە
لەكام بازاڕەوە دێنێ ..
دەڵێی گڕی تونی حەمامی دۆزەخەو
تەڕلەگەڵ وشكا ، پێكەوە
دەسوتێنێ ..

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

وا هەست دەکەم
تەنها .. ئێمە
نەوەی باپیرە ئادەم بین !
ئەگەرنا ، ئەم هەمووقابیل وهابیلە
چی دەکەن لەنێو ڕوحمانا .. !؟

..............................

بۆ هەندێ جار
نەترۆپكی باڵای وشەو
نەدوا مەدای دووری هاوار
دەتوانن بگەنە ئاستی پوزی ئازار..

...........................

من خەڵكی ڕەزستانێکم , مێوەکانی .
هێشوە درۆی زەردو سورو کەسك دەگرن
وەلێ سروەیەك هەڵناکا
ئارەقەی مەراقم بسڕێ
خوسام لەشەونمی شەرما
فەلەك .. هاوار!!

قه رەجەكان
هەست بە كۆشی گەرم و نەرمی
دایكی نیشتمانێ نەكەن
بێ گلەیین ، ئەگەر باوەژەنێك بكەن
بە نیشتمانێ بۆ خۆیان !
...............................
بولبولەكان .. لە ئاسمانی
بێ تەلیسمی قەل و داڵ و
بایەقووشە خوێڕیەكانا
گەر بە كامی دڵ بخوێنن
بە لەشفرۆش .. ناویان دەبەن !
...............................
هەموو باسیی جو انی دەكەن ،
كەچی لەكەڵبەو چاوی سوور
زیاد ترمان نیشان نادەن ..
نیگاركێشە بەدمەستەكان
بەبادەی ڕۆژی ئازادی !

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

لە وەتە ی هەم
پێم ە ڵێن ، بوون بەخاوەن ماڵ
خە ونێكی شاعیر انەیە
نازانم ئەو انە ڕاستن یاخو چەوتن
وەلێ یاران بەم تەرحەبێ
ئەم خێڵە ، ئەهلی ئەشكە وتن !
..............................
بۆ ئەوەی سە غڵەتم نەكەن
خەمەكانی ئەم ژیانە !.
مام عەیاری .. باش بازرگان ،
سە رخەوە زۆرسادەكانم
لێدەكات بە شازی مەتەڵ ، بە ئەفسانە !!
...........................
شێوەكارێكی چەند زاناو
چەندیش بەسەلیقەیە ، تەمەن
لەهونەری هێڵكاریا
لەسەرروخسار.. !

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

وەرزی فێربوونی توتییەکان ئیتر گوزەشت ..
لەمەودوا ، توتییەکان مرۆڤ
فێری وانەی پەیڤین دەکەن ..
قەفەسێکی چەند شیرینی ،
تۆ.. نیشتمان !!

...........................

من خەڵکی نیشتمانێکم
جەستەی پڕبرینی بە سوێ
کەچی هێشتا سەگەکانی بە سۆزترن
لە هەندێ گیانداری دووپێ !!

..........................

نیشتمانیان کرد بەبێشکەی
ساوایەکی بێ دەسەڵات ..
هەریەکێکیان قومێ شیری پێ ببەخشێ
هێندە ناجۆر.. ڕایدەژێنێ
رۆژنییە ئەوبەسەزمانە ،
هێڵنج نەدات !

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

داڵ لە گمەی کۆتر ناگات
بۆیە دەبێ .. بۆ دیالۆگ
کۆترەکان فێری زوبانی
چڕنوک .. ببن !

...............................

بۆ ماسییەکان گرنگ نییە
مشتوی قولاپ
لە دەستی کام راوچیایە
هەر دەنگ و رەنگێکیان هەبێ
قولاپەکان .. هەرهەموویان
ماسیی کوژن..

.............................

ئێمە کاتێ کراس دەکڕین
چەند ژمارەیەك گە ورەتر
لە قەوارەی
گیانی خۆمان هەڵئەبژێرین
بۆ شاردنەوەی بچوکیمان

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

تۆبزانە
غەیری پەندەكانی دیرۆك
دوو دێڕی دیمان لەبەرە ، لە جێی میرات
بۆ منداڵەكانی جێ بێڵین ؟!

.................................

مورغی مێژوو
هێلكەیەكی نەتروكاوی
لە كێڵگەكانی ئێمەدا بەجێ هێشت و
چون لەسەری هەڵنەكورِما
ئەویش پیس بوو ، بە دوكەڵی
هەناسە پڕلە رق و كینەكانی ئێمە
وەها بڕوات ، كێڵكەكان دەبن بە بیابان ..

...............................

ئاخ ... ئەی خەیاڵاتی فڕین
بە ئاسمانی نیشتمانا
خۆزگە شایستەی ئەوهەموو
خوێنە ... دەبووی !!

عەیامێکە
بەسەرشەقامی تەمەندا پیاسە دەکەم
ئاسوودەییش ، ئەڵێی ماشێنێکی نوێیە
بە دەست گەنجێکی شێتەوە ، بە خێرایی
بە تەنیشتما فیسکە دەکاو
لەناکاو.. وون دەبێ لە چاو..!

........................

بەردە وام لە خەمی وەدام
ستایلێکی نوێ بۆ مەزاربدۆزمە وە
ئاخر، گوڵم ئەم گۆڕە تاروتەنگانە
بەرگەی ئەوهە مووخەیاڵ و
خەون و خۆزگانەمان ناگرن
کە لەگەڵماندا .. دەنێژرێن

ئاگاداری خۆت بە ، گوڵم
واخەریکە عیشقیش دەبێ
بە دەستكێش و
بە مقاش و بە دەمامک ..
دەترسێم رۆژێ بی ، هیچمان
لەبەرئاوێنەی ژیاندا
یەکتری نە ناسینەوە ..

..............................

ئەو دەمەی دایکم هەویری
مەمکی بۆ دەکردین بە نان
باوکم کۆتەرە دارێ بوو
لە ژێرساجی داخی ژیان ..

كاتێ ... مردم
تكایە مەمنێژن لێرە
ئاخر چ گیرفانی خۆم و
چ گیرفانی ئازیزانم
دەرهەق نایەن
بە نرخی چەند مەترێ دوجای
گۆڕستانی پێنج ئەستێرە .

...........................

دڵم لەم باخە بێزارە
نە گوڵەكانی ... لە گوڵ ئەچن
نە خار ، ئاشكرایە خارە
ئە گەرنا پێم نالێ ، گوڵم
لە كوێوە ڕێچكە ی بەستووە
قەتارە خوێنی ئەو هەموو
پەنجە بیمارە بێ عارە ..

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

جارجاردە ڵێم .. ئەگەرمن بۆ
سێبەری پەیکەرێ بدوێم
باشترە ، وەک
بۆ هەندێ مرۆڤی .. پەیکەر !

........................

راوچییەکان
لە دووربینی سەرتفەنگەکانیانەوە
هەربەیەك چاو سەیری پەڕەندەکان دەکەن
کەچی پەڕەندە گەمژەکان
بە چاوی جیا .. یەک دەبینن
رۆژگارێکی سەیرە ، گوڵم ..!!

.............................

شوێن سێبەری خۆت مەکەوە
ئەگەربەنیازی سەفەری بۆ ماڵی خۆر..
سێبەرەکان
هەربەرەوتراویلکەت دەبەن ،
ئەی گەڕیدە .!

رووبار.. بێزار
شەپۆل بێزار.. کەنار بێزار
کەچی .. ماسی
لەسەر ڕیتمی کێشی پەنجەی
ڕاوچی .. سەمای
ئەڤین دەکات ، لەگەڵ قولپ
بێ عار.. بێ عار!-

شەقام .. بێزار
پێ بێزارو پێڵو بێزار
کەچی .. هەنگاو
بەخێرایی کیسەڵ مەترێ لەساڵێکا ..
بەلی بێزاریا دەڕوا
گێل وگەمژە .. بێ باربێ بار!!

ژیان بێ مانایە ئەگەر
سڵ لەمردن هەناسە سوارم كا ، گوڵم
كە مردن خۆی
دواهەمین وێستگەی سەفەری
ئەم شەمەنەفەرەی عومرە بێ و
تیكتی سە فەربۆ یەكسەربێ..
حەز دەكەی لە كوێ دابەزی
لە وێستگە دوورەكانی شەرم
یان ئازادێكی بێ منەت
لە دەرەنگ وزوویی دابەزین ..

.......................

تۆ ئەو هەورەی ..
هیچ گەردەلوولێ ناتوانێ
یەقینی بارینت لەبیربەرێتەوە
گەورەم .. شەهید !

نیشتمانم
دەشتی گوڵاڵە سوورەیە
هە ریەكێكیشیان بە خوێنی
شەهیدێكمان ئاودراوە
بۆلە مە ودوا لە پێشوازی
كە ژاوەی هەرشەهیدێكا
تكایە تارایەكی سوور
بكەن بە ئاڵای كەژاوە !

........................

لێمان دەچۆڕێ
عارەقەی رۆژی گەرمی هاوین ، نا
سەیلی بێزاری
بێ خەم بە .. والی
پێدەچێ تەبعی كانیمان هەبێ .

-

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

چ بەدبەختییەكە ، لالۆ
لەسەردەمی كەشتییە زەبەلحەكانا
چاوەڕێی هاتنەوەی موساو
سیحری عەساكەی دەستی بین .. !

........................

لەوەتەی هەم ..
دەڵێی لەسە رساجی دۆزەخ
دانراون .. روح و جەستەم
رۆژێ نەبوو دڵنیایی لەدەرگەم بات
رۆژێ نە بوو ،
شارە زەردەواڵەی سەرم
سڵاو لە خەڵوەتێ بكات
لەوەتەی هەم ..
دەڵێی خەمێ ڕاوم دەنێ
یاخود .. منم
بەدوای خەمێكدا ، ڕادەكەم
لەوەتەی هەم ..

كە پەست ئەبین
شە ق لە مێزی بەخت هەڵئەدەین
ئینجانەكانی موحیبەت
بەتاڵ ئەكەین لە گوڵەكانی ئەمەک و
ئاوێنەكانی حەقیقەت
ئەدەینەبەر بەردی نەفرەت .
كە مەست ئەبین
ئەبینەوە .بەمناڵەكەی جاری جاران
نەلەفەرهەنگی رق ئەگەین
نە لەیاساورێساكانی خێڵی یاران
چ روخسارێكی دووڕووە ،
ئەم ژیانە .. !؟

## ( كتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

ئەگەر کوخێکم لەسە رمانگ
چێکرد ، گوڵم .. دێی لەگەڵما ؟
من لەو خانووە بەردانەی هەرلەدڵی
سەرنشینەکانیان ئەچن ، زۆر بێزارم
ئە بو ایە ئە م چاخە چاخی بە ردینە بێ ..
ئەگەرنا ئەو هەموو بەردە
چی دەکەن .. لە سینەماندا !؟

..............................

گوڵم ، ئێمە یادگاریەکان
لەسەرلمی کەنار دەریاو
لەژێر باڵەکانی هەورو لەسەر بەفری
سپی و نەرمی بەرخۆرەتاو .. تۆمار دەکەین
دەنا ئەو هەمووگابەردی سیزیفەمان
بەکام کۆڵی بیرچوونەوە گواستەوە بۆ
ئەم سەردەمی بێ باکییە
چ بەدبەختێکی بێ عارین ،
ئێمە .. ئەی یار !؟

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

لای من ،گۆی زەوی تۆپێکە و ها لە نێوان
قاچەکانی هەندێ قومارچیی بێ فەڕا
ئەی لەلای تۆ چۆنە .. گوڵم ؟
لای من مانگەشەو ، سیخوڕەو
هەموو شەوێ
تا وڕێنە و چرپە بزرکاوەکانی خەونەکانم
نەدرکێنێ بۆ قاچاخچییە کانی نێوان
زەوی و ئاسمان .. لێی ناخەوێ
ئەی لەلای تۆ چۆنە .. گوڵم
لەلای من ، گریانی باران
لەنێو لمی خەیاڵمدا وێنەی گوڵێ رائەماڵێ
بە پەنجەی بێ عاریی نیگاری ئەکێشم
هەرچەندە بێ بۆنە .. گوڵم
ئەی لەلای تۆ چۆنە .. گوڵم

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

ژیان ، تۆ تاشە بەردێ بووی
منیش نەمامێکی عەجوول
بێ ویستی خۆم .. بێ ویستی خۆت
روام و بووم بە درەختێ
نە زەمهەریرێکی رێکەوت
نە تەرزە بارانی بەختێ
چۆکیان پێدام .. نە گەردەلوول
گوڵم ، لێم مەپرسە ، کە کێم
من لە نە سلی گوێزو چوالەو
گۆیژو بەڕووم
لەهە رشوێن و لە هەروەختێ
لەسەرسنگی سەنگیش ئەڕوێم ..

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

لە چوارڕێیەکانی شاراو
لای گڵۆپە سوورو زەردو سەوزەکانی تر افیکا
کچە بنێشت فرۆشەکان
لەپاڵ سواڵی چەند هەزارێ
لەم دینارە بێ نرخەدا
وا هەست دەکەم بە نادیاری
سواڵی باوکێتیم لێ دەکەن
تف لە چارەت ، ئەی نەداری ..

..............................

چی حەسرەت و خەمەکانی کچێنیتە
لەنێو بڵقی بنێشتێکا کۆیکەرەوەو
ئەوجا ئەویش ، بەدەم باوە تووڕدە ،گوڵم ..
ئە م ژیانە چیتر نیە
لەدرێژبوونەوەی سەردەمی قەڵەمڕەوی
میرنشینی ئێش و ئازار
بۆ چەند خولێکی بێدادی ..
( بۆ کچە بنێشت فرۆشەکان )

لە هەرجێیەک ، جاڵجاڵۆکە ی
داب و نەریت تۆڕی چنی
پەپوولە باڵ نەشمیلەکان
چاوی بەدکاریان لەسەرە ..
لەهەرجێیە ک ، زەردەواڵە ی
هزری ئەنتیك، شاری هەڵبەست
بۆگوڵ و هەنگ
ئەوین ، زەنگێکی خەتەرە !
......................
کەمێک لەبیرم کە ، گوڵم
بەنیازی پیاسەیەکی قوڵم
بەنێو باخی تەنیاییا
چەند فرسەخێك ، دوورکەوەلێم
من هەڵامەتی گومانم گرتووە ، با
تۆش، توش نەبی..

ئەم تەمەنە ..
دەڵێی کراسیی بازەیە بەتەنافی رۆژگارەوە
لەگەڵ هەرڕێژنە بارانی بەهارێکا
کورت وکورت تر دەبێتە وە ..
.....................
دیسان دەنگی زەنگی جەنگ دێ
دیسان بۆنی ژەنگ وبارووت ..
دیسان ژیان،
ڕەنگە بێ بە گەلەریی گۆڕستانێ
سیخناخ بەنیگاری تابووت ..
منیش لە خەمی ئەوەدام
ئاخۆ دەبێ بۆ ئەم جارە ..
ئەم درەختەی بەختی ئێمە
چەند گوڵی گەنج بۆگوێی مردن
بکات بە نقێمی گوارە !؟

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

خویەكی سەیرە ، نیشتمان
وەكو پە ڕەندەیە كی زویر
لە هێلانە وێر انەكەی باوە شی تۆ
تا گوڕی هێز
لە باڵەبێ ئۆقرەكانی تەمەندا بێ ،
دەفڕین وەلێ كە ماندوو بووین
وە ك ئەوەی فریشتەی مردن
بانگمان بكات
بۆ فیستیڤاڵی گیان بەخشین
بە بستێ خاك
دێینەوە لات ..!

سەربازەكانی خوا هاتن
بێڵەكەیان لێ سە ندم و
شمشێرێكیان دایە دەستم ..
خێڵ پەرستەكانیش هاتن
داسەكەیان لە دەست بردم
تفەنگێكیان كردە شانم ..
ئازادیخوازەكان هاتن
جلەكانیان لێ فڕاندم ،
كردیانە بەری داهۆڵێ
ئیترلەورۆژەوە منیش ،
منی مرۆڤ .. داهۆڵێكم
مەلە برسییەكانی ئاسمان
دەترسێنم ..

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

دەبێ جەنگێ بەرپا بکەین
لەنێو انی پەڕەی گوڵ و نوکی خارا
هەتا ئەمیان فێربێ هێندە ناسك نەبێ و
هەتا ئەویان .. فێربێ هێندە
لاسکی ئومێد هەڵنەواسێ
بەتیخی نەرمی مشارا .. !!
زوبانی هاوارەکانت بگۆڕە بۆ
شێوە ئاخافتنی پەنجەو مست و نینۆك ..
ئێمە زەمانێ تێکەوتووین ،
پاسەو انەکانی بەردەم عەمبارەکانی نان و مان
سەریان ، زنارێکی ڕەقەو
نەدوو چاوی تیایە ، نەگوێ
لەوە زیاتر ، گوڵم مەدوێ .. !!

## ( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

تاکو ئەمڕۆش وامدەزانی
خوێنی قەڵەم ڕەشی تۆخە
ڕەشێک وەك شەوی بێدادی
ولێ ئەمڕۆ، تێگەییشتم
خوێنی ئەویش هەرسوورە ، وەك
سووراوی لێوی ... ئازادی
(مەرگی قەڵەم )

..........................

دەترسێم حیکمەتی گەورەی
ئەم خاکی نیشتمانە ، هەرئەوچاڵە بێ ،
لاشەکانمان دەگرێتە خۆی
نابا شازادە کۆرپەکان بە بۆن کەون ..
دەترسێم حیکمەتی ئاڵاش
هەربۆ داپۆشینی شەرم و
تەرمەکان بێ ،
دەسەجە للاد ، بدرکێنە
ئەمجارەیان .. سەرەی کێیە ؟

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

ئەی نیشـتمان
ئەی قـوڵترین تێڕامانی چاوەڕوانی
ئەی كوێرترین گرێی قەدەر
ئەی ئاڵۆزكاوترین چەپكی ، زوڵفی بەختم ..
وا هەست ئەكەم لە باوەشتا
میوانێكی .. زۆرناوەختم

............................

ئەمڕۆش هەرلە دوێنی دەچێ
تفەنگ هەرهەمان تفەنگە و
سەنگەرەكانیش ئەوەندە لەیەك جیانین
ئەمیان لە حەوشیی ماڵدایە و
ئەویان .... لە ڕێ
ئەوەی گۆڕاوە هەركاتەو ئەویش دەڵێی
كۆنە دەستاڕێكی لووسە و
بەسەرشوشەی وردو خاشی
یادگاریەكانما .. دەگەڕێ
ئەمڕۆ هەرلە دوێنێ دەچێ ..!

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

لەوەتەی .. هەم
هەرگیزلە حیكمەت وكەڵكی
ئەم قامچیانە تێناگەم ..
لە چەخماخە ی كوێری بناری شاخ ئەكە ن ،
مشتوی لە مشتی خۆمایە و
كەچی هەرگیانی بیماری
خۆم داخ ئەكەن ..

.................................

لەداخ ڕاوچییەكانی خۆمان ،
چاوی تاپڕ،
لێوی قولاپی ڕاوچییە غەیرەكانی
ئەوبەری دێ ،
ئەدەینە بەرهەڵمەتی ماچ ، وروژمی سوێ ..
پۆلە مەلێكی چەند سەیرو
جۆرێ ماسیی چەند ئەنتیكەین
ئێمە .. هاوڕێ !؟

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

نازنم بۆ هەورتوڕەیە !؟
هێشتا كفنی
گەڵا هەڵوەریوەكانی ئەم پایزەمان زەرد نەبووەو
داری گورنەتەڵەی خەونیش
بەڵاڵوكێكی نایلۆنی نەگرتووە
ڕێچكەیان بەستووە لێمان
بۆ سواڵی دەنگ .. بۆ گەڵرێزانێكی كەی
پێكەنینی قەدەرپێمان
جامبازەكانی بازاڕی گۆڕینەوەی
گەڵای دەنگ .. بە بڵقی بەڵێن!

..............................

بێگومانم
ئەگەرقەڵەم موخەیەركەن لە نێوانی
پەنجە نەرم و نۆڵەكانی
نێو دەستی تۆو پەنجەكانی قەڵەمڕەوی
گەورەترین مەملەكەتی ئەم دنیایە
پەنجەیەكت نادا بە تاجی سەری ئە و

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

سات بەسات و .. ڕۆژبەڕۆژو
هەفتە بەهەفتەو مانگ بەمانگ
ئەدەینە دەم
گورگی هاری چاوەڕوانی و ئەویش زیاتر
کەڵبە لەنەرمەی وجودمان گیرئەکات و
لەبەردەم شکۆی هاوارا ، لاڵ وکەڕین .. !
ئێوە چی دەبێژن .. بڵێن
ئەز گومانم لەبێ تاوانی گورگ نییە
ئەوهەرخۆی سروشتی وایەو
ئێمە خۆمان .. نەسلی مەڕین !

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

.. زە ریایە فرمێسکی گە شت بۆ دە ڕێژن
تۆ موحتاجی قومێ ئاوی خە یاڵێکی ..
لە گە ردە لوولی وتارو
بە ڵێن و گفت و پە یمانت دە پێچنە وە
تۆ عە واڵی هە واڵێکی..
دە تکە ن بە جو انترین پۆستە ر
لە دیوە خانە کانیانا هە ڵدە واسرێت و دادە نرێی
کە خۆت لە چاوە ڕو انیا بووی,. بە پە یکە ر!

.................................

ساڵ ، وشکەساڵ .. خاك ، بیابان
لچ و لێو دوو ، پلکە هەنجیری دڕکاوی
گوێ ، دەمی ئەشکەوتێکی چۆڵ
ئاوەز ، ئاسمانی بێ هەورو
مرۆڤ ، داهۆڵێکی مەزن ..
بێژە پێم ئەی زاری بێزار
ئیدی چ سودێکی هەیە ، ڕەنجی وتار؟

( كتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

گەرچی .. زیاتر
ئەم نیشتمانە بۆ تۆ
لە باوەژنێکی دڵڕەق دەچێ
، کەچی ، چۆڕێ ئاوی بوێ
تۆ جۆگەیەک
خوێنی خۆتی پێ دەبەخشی
ئای .. تۆ چەنێ سەخی تەبعی
ئەی .. پێشمە رگە ..
ئەگەرچی .. تۆ
لەم بیابانی بەختە دا
وێڵی بە شوێن قومێ میهرا
تا پیاڵەک چای ئومێدی پێ لێ بنێی !

پێستی میهرەبانیی زەوی
قڵیش .. قڵیش
چاوی سۆزی ئاسمان وشك
مرۆڤە ئاڵودەكانیش
بە تلیاكی جەنگ بێ هۆشن
لەم سوخریەت خانەیەدا
ئێوە ش وێڵی مانگایەكی ئە فسوناوین
كەمێ شیری لێ بدۆشن .. !؟
(رۆژگارێكی سە یرە ، گوڵم)

هەر.. غەریبێ
دێتەوە خاکی نیشتمان
سەرپەڕەی دڵی ژاکاوم ..
بان کانیلەی وشکی چاوم ..
لە باوەشی میهرو ئیشتیاقی دەگرم
وەلێ .. قوربان
بم بەخشە لە ماڵی چۆڵم
بەرلە ئەورۆ،
فەرشە تەنیاو تاقانەکە م
فرۆشت .. بۆ نان
کورسیە کانیش ، رۆژی دەنگدان
هەڕاجم کردن بۆ دەرمان ..
بڕوات هەبێ و دوورلەبیانوو
ئینتیماشم
ناچار.. دا بەکرێ خانوو!

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

جەنجاڵە شار، گوڵم جەنجاڵ
بێ خورپەی خەون چرپە ی خەیاڵ
بێ ترپەی نەرمی پێی باران
بێ سیحرو رەونەقی جاران
بێ بەرامەی رۆژانی زوو
هاوخەمیمان كردبووە خو
وەلێ ئێستا .. لە خۆی ناچێ
خودا ، كەی ئەم تەمی ئاخە
لەسەركێوی دڵم لاچێ
جەنجاڵە شار، گوڵم جەنجاڵ
بێ خورپەی خەون چرپەی خەیاڵ .

.......................

دەسڕی كلینێكسی دەفرۆشت
كەنیشكە قژخۆڵویەكەی
شەقامەكانی بێزاری ..
لەشارێكا ،
پارەدارەكانی ئارەق .. ناكەنەوە !

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

پێکێ ژەهری حەقیقەتم
دەرێ ، ساقی
لەم خەراباتی دەهرەیا
بە کوپە هەنگوینی خەیاڵ
سەری قاڵم گەرم نابێ
بمشێلە ئەی مستی مێژوو
کۆڵنجەکانی ئەم شانە بەخەم بارەم
بە پەنجەی ناسکی شیعرێ نەرم ... نابێ
..............................
کۆڵەپشتی سەفەرنیت و
کەچی هەردەم بەکۆڵمەوەی
ئەی نا ئارامترین ئۆقیان ..
ئەی تورەترین ڕەشەبا ..
ئەی ترسناکترین زریان ..
ئەی دێوەزمەترین خەونی
شەوەکانم ..خەمی سبەی
چەند لەمێژە بەکۆڵمەوەی ..!

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

قەدەرمانە ..
لەدێمترین پێدەشتەکانی دنیاداو
لەبن دڕکاوی ترین هەنجیری بیابانی بەختاو
لە ڕۆخی لێڵ ترین گۆمی جوگر افیادا
هێلکە ی چاومان بتروکێن و
گەنمی ژەهراوی چارەنووس کۆبکەینەوە و
سنووری هێلانە بە خوێن وێنا بکەین
قەدەرمانە ..
کەڵەشێرە گەمژەکانی بر اکوژی
لەسەروەختی سەربڕیندا
بەیەکتر ئاشت بکەینەوە و
دیسان چیرۆکی ئەو چڵە
دار انەیان بۆ باس بکەین
بە تەنیا چ زوو دەشکێن و
کە بوون بە گورز، چۆن هیچ دەستێ
ئەستەمە .. بیانشکێنێ
قەدەرمانە ، بەڵێ لالۆ، قەدەرمانە

## شنگال

ئەم هەموو نوقڵ بارینە ، چییە خودا
بەسەرئێمە یا ..کە دەڕژێ
ئەم هەموو بوکەشوشەیە چییە ،
ئەی دەی بە مناڵە بەختەورەکانمان
ئاخرچ بن دەوەنێ ، خودا ..
هێند بە ئەشکی عیبادەت و
خوێنی قوربانیەکانی ئێمە
ڕێی روو لە سەحرای عەدەمی
عەرشی تۆی پێ ئاودراوە
ئەم تەرازووە .. لاسەنگە
ئەم زامەبێ سنوورە ، سوێی
ئەم قەدەرە .. !
چاویلکەی گەردبینی دەوێ
ئەی خودا .. هاوارە .. لە کوێی !

لەبەروەڕینی سەگەكان
گوێم لە گمەی دڵت نەبوو
لەبەر تەپ و تۆزی ئاشوب ،
لە خەونیشدا
لەشولاری تۆم نە ئەدی ،
لەبەربۆنی گەرووی تفەنگ
بۆن ئارەقەی لاملی تۆم بیرنەمابوو
لەبەرتاڵی قاوەی مەرگیش
هەستم بە چێژی هەنگوینی ماچ نە ئەكرد
لێم ببوورە .. ئازیزەكە م
یەكەم شەوی گەڕانەوەم
كە نەمتوانی وەكو پێویست
ئەركی عیشق راپەڕێنم..

دەشتی ئاسمان
مینڕێژە بە تەونی ریش و
جەنگەڵی شمشێری مەسلول
بە گومانم .. دوعاو نزاو
گازندەكانمان بگەنە لای تۆ خودا ..
لە بەختی ئێمەدا ، وادەی
رۆژی حەشریش .. پێش خراوە
ئەی گو ایە وا بڕیارنەبوو
كە ئەم دنیا كۆتایی هات
سەرجەم بەشەر
لەیەک رۆژدا حەشر بكرێن ؟؟
ئەی میهرەبان ..
بۆ هێندە بە پەلەی لێمان !!

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

بارمتە ی كام ئەشكەوتە بووی
كام خێڵی شەمشەمە كوێرە
ئێوەی ڕفاند ؟؟
چ كارەساتێكە ، گوڵم
لە رەعیەی مەلەك تاوس بی و
ئەوەندە موڵكیشت نەبێ
دەفعی جزیەكەتی پێ كەی
خۆدا ، چەند كۆنە ئەم غەدرە
چ بازاڕێكە .. خوێناوی !!
باش لێیان بڕوانە ، گوڵم
دەتوانی تفێكیش كەیتە نێوچەوانیان
ئەوانەی ئازارەكانتان
دەكەن بە كۆدی ﻧﻬێنیی قاسەكانیان
ئەوانەی قریشكەكانتان
دەكەن بە فەرشێكی سووری
ڕاڕەوی پێش دیوەخانی
میوانی میرخاسەكانیان .

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

هاوسەرەكەم كچی شەهیدێكە ، دێرین
باش دەزانێ دوكانەكانی زێڕ.. هی تۆن
داوای بازنگ و موستیلە و
گوارە و گەردانەم لێ ناكا
باش دەزانی
خوێنم ئەوەندەی نرخی زێر، كرێی خانوو
بەهای هەنارێكی ترشی تێدا .. نابێ
تۆ خاوەنی نیشتمانی و
منیش ئەوكەسەم ، ناهێڵم
تیشكی خۆری .. لێ ئاوا بێ !

.........................

ئەشكەوتێكی
چەند سەیرە ئەم نیشتمانە
دەڵێی ئەفسونێكی تیایە .. !
چەند بەرزتر هاواربكەی
سەدایەكی لێوە نایە .. !!

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

لە شێوەی کلکی ئەوتەورەی
قەدی دایکی دا ئەپاچێ
لە ئێمەشدا ، بە دەگمەن دێ
کە حیزبێکی سیاسەت باز
لە کوڵمی ئاڵی خیانە ت !!
جارێ نەی کردبێ .. ماچێ
چ گورگ بێنیتە نێوڕان
یاخوکەمتیارێکی برسی
بەمووفەرقیان نییە ، لالۆ
ئەگەرچی ئەم لە ئەوناچێ .

......................

ددانەکانیان هەڵکێشا ..
ددانی شانازیی وشکۆ ،
ددانی حورمەت وعیززەت
پێیشیی دەڵێن ..
دان بەخۆتا بگرە ، میللەت !!

عەیامی ڕۆبن هود گوزەشت
تیرهاوێژە كانی ئەمڕۆ
لە زۆر ئەدزن .. ئەیدەن بەكەم
لە دێراوی تەوێڵ ئەدزن
ئەیدەن .. بە چەم
لە بن دەوەن ئەدزن بۆ باخ
لە چاڵی گۆڕ ئەدزن بۆ شاخ
لە سروەی هەناسە ئەدزن
بۆ.. ڕە شەبا
لە عەشامات ئەدزن بۆ شا
لە دۆزەخ ئەدزن بۆ بەهەشت
عەیامی رۆبن هود .. گوزەشت !

بەبێ مەی .. خۆی
مەستە ، سەرم
پەنای بۆ مەی بۆچی بەرم
كورسیەكم دەوێ ، ساقی
هیلاكی تەمەنم .. ئەویش
ئەوەندەی نەماوە ، باقی
مەی هێنە مەی
لێ گەڕێ دەی
عەیامێكی تورڕەهاتە
دەدایخە مەیخانە ، ساقی
نیشتیمان خۆی .. خەراباتە

لە پەنجەرەی دڵمانەوە هاتنە ژوورێ
ئەو دەمانە ..
بەردەرگەکان تەژی بوون لە چاوی زەق و
سەرسوچەکانی کۆڵنیش ، بە دڕکەزی
جێمان لەسەرنەرمەی ئومێد بۆراخستن
متمانەمان کردبەبالیفی ژێر سەریان
بە لێفەی ئاوریشمی روحیش دامانپۆشین
کەچی سبەی پاش راپەڕین ،
کاتێ رۆیشتن ..
نەک هەر کەلوپەلی ناوماڵ
تکەی حورمەتیشیان کردین بە دوکەڵ و
هەوری .... خەیاڵ
چ پەڕەسێلکەیەکی گەمژەین
ئێمەی دڵ پڕی .. سەربەتاڵ

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

لەباخە بێ قەرارەکەی نیشتیمانا
هەندێکمان گوڵە هەڵوەریوەکان دەژمێرین
هەندێکی تر
کۆبۆنەکانی فرسەت و نامەردی ..
هەندێکیشمان
سە رقاڵی پڕکردنەوەی باوەشی خاکین
بە جەنازەی پەپوولەکان
هەندێکی تر..
پڕکردنەوەی چاڵی گیرفان.
......................
رشانەوەی مەستێکی نێو خەراباتی
دنیایە .. جە نگ
کاتێ دەڕژێ ، گەڕانەوەی ئەستەمەو نەنگ
تا ئەتو انی دووربە لێمان
ئەی جەنگ فرۆش ئێمە خۆمان لە مێژەوە
بەبۆن کەوتووین بە بۆنی مەرگ ..
لاکەوە .. تۆش

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

له زۆرجێیا باسی دەکه ن
زۆریش به شوێنیا دەگەڕێن
هەندێک دەڵێن .. پێرێ له ماڵی ئێمه بوو
ڕەنگی گوڵ و بۆنی بارانی لێدەهات
شەو لەوێ بوو
لەسەر دۆشەکی خەونەکان ڕاکشابوو
وه لێ دەمەو بەیان ، هەرزوو بەجێی هێشتین ..
هەندێکی تر دەڵێن دیومانه ئەوزاته
پیرەمێردێکی چەماوەی
چاو زەیتونیی ریش خەنەیی
گەرچی به گۆچانیش دەڕۆی ، کەچی کەسمان
دەستمان نەئەگەیشته دامەنی
ئێمه لەسەر شۆستەی خەیاڵ راوەستا بووین
ئەو به خێرایی تیشکی خۆر،
به خێرایی دواهەناسەی بەرلەمردن
خۆیدا به لاماندا و گوزەشت
-مام عەدالەت-..
پیاوه نازدارەکەی بەهەشت !!

حیکایەت خوانەکانی شاخ
پڕن لە تۆماری داستان
بەسەرئەسپی خەیاڵەوە
ئاسمانی مێژووتەی دەکەن
سندیبادەکانی دەریا
بەسەرفەرشی ئەفسانەوە
دیرۆکی جەنگ دەگێڕنە وە
لەگەڵ دێوەکانی ئۆقیان
شاە تحاڵی هەرهەمووشیان
هاوڕێ شەهیدەکانیانن
ئەوکەسانەی ساڵەهایە لە قوڵیی
ئەم چیرۆکانەدا نووستون

کراسی بەری
درەختەکانیان هەڵوەراند
بەبەرچاوی یەزدانەوە
یاریان بە مەمکیان دەکرد
دەستیان دەبرد بۆ شەرەڤی کچێنی گوڵ
قاقا ، بەگریانی گەڵا پێ دەکەنین
سەربازە خواناسەکانی
سوپای ئەنفال .. !!
گەمژەکانی نیشتمانیش ، تاکو ئەمڕۆ
ئاهەنگی لە دایکبوونی بۆ دەگێڕن ..
(شەشی کانون)

شتگەلێك هەن
دەبێ کە ڕەت سفربکرێن .. بۆ نموونە ..
- پێدانی گوڵ بەوکەسانەی
ئارەزوویان لە ڕشەبای پاییزدەچێ
- خواردنی دووکەوچك لە خەم
بۆئەوانەی خۆیان تامەزرۆی مەراقن..
- گرتنی دەستی ئەوانەی
لە قوڕو چڵپاوی دەهرا نەبێ ناژین
- باسی سۆزو ئەڤینیش بۆ
ئەوداهۆڵانەی لە دەشتی دێمی هەستا
تەنها لەبەرتۆقاندنی
پاساریەکان دانراون..

ئازیزەكەم .. ئاگات لەبەرخۆڵەكان بێ
مەهێڵە وەك خۆمان دەرچن
فێریانكە هێندە متمانە بەمرۆڤ نەكەن ..
بەخاتری چەند ژەمێ گیاش
دوای گشت شوانێ نەكەون .
(-دوا چرپەی بەرانێك پێش سەربڕین
بۆ خاتوو مەڕی هاوسەری -)

........................

خۆڵ دەبارێ
چ بەهارێكە ئەزیزم ، تۆراولە با و
بێزارلەنیگای چاوی شینی ئاسمان
چ هەوارێكە ئەزیزم ، نغرۆ بەخۆڵ
چ ڕێبوارێكە ئەم دڵەم ، هەرخەم بەكۆڵ .
خۆڵ دەبارێ ولەگەڵیا خەونێكی بێ ڕەنگ ،
لەگۆرانی ولەباران ولەسەما .. چۆڵ.

تۆ مافی خۆتە پێمبڵێی ؛
لەودیو پەردەی ئاسمانەوە
چاوێك هەیە ..
شین و گەورە و تابڵێی تیژ
نهێنیە کانی هەمووومان پێدەزانێ ..
مەراقەکانی نێو دڵمان ..
سەمای دەروێشەکەی روح و
تەنانەت دەفتەری نۆتەی خەونەکانی
ژووری خەویشمان دەبینێ و
تۆش دە بینێ .. لە کۆڵنە تارە کانی
گوناحدا هاتوچۆ دەکەی
منیش مافی خۆمە بڵێم ؛
بۆ ئەڤین ، پاساوێ نییە
سادە و رەوان .. درۆ دەکەی !!

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

وسسس .. بن هەموو
فسسس .. بن هەموو
بابزانین کام کەڵەشێر..
سبەی بەقوووقەی زوڵاڵی
گشتمان لەخەوهەڵدەسێنێ و
کولانەمان بۆپڕدەکات
لەهێلکەی .. زێڕ!!
..............................
دراوسێکانی شەیتانیش درۆئەکەن
ئەگەرنا .. چۆن قۆڵ ئەکەنە ملی شمشێر!!
چۆن ئەبنە هاوڕێی ڕەشەبا !!
چۆن مەدالیای شەهادەت ئەدەن لەسنگی
کەمتییارە مێبازەکان !!
نەخێرهاوڕێ .. وەها نابێ
میهرەبانی ئەبێ وەك گوڵ ، وەکوباران ..
وەك رووباروەك میلۆدیی سروە با بێ.

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

من هەرخودایەك دەناسم
هەرگیزلەوەی ئێوه ناچێ ..
نه حەوایەك ڕسوا دەكات لەسەرسێوێ
نه ئادەمێك دەخاته بەر
مێهری ئاگر.. لەسەرماچێ .. !!
من هەرخودایەك دەناسم ، نه رم و نیان .. !!
دڵی له پەشمەكه و چاوی له ڕەنگی ئاو
نەحەزدەكات , باوكه چۆلەكەیەك بمرێ و
نەدڵی دێ .. درەختێكی بێوەژن بخاته گریان
ئەو بەهاوار.. ڕا ئەچڵه كێ و
به ڕەنگی خوێن ، هێڵنج ئەدات
خۆی ئازاده ، كێ دەكاته یارویاوەر
من هەرخودایەك دەناسم
نه پێویستی به شمشێره و نه جەنگاوەر.. !!
بۆی مەگەڕێن ، لەژێرخاك و لەنێوزەریاو..
له ئاسمانا ..
ئەوها له ناخی خۆتانا !

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

ئێمە گەلێکی تایبەتین ..
بۆ ئەوەی دەممان بجوڵێ دەپەیڤین و
بۆ ئەوەی پەلمان بجوڵێ
دێین و دەچین و دەفڕین و
بۆ ئەوەی چاومان بنوقێ خەون دەبینین .. !
لە کێبڕکێی
ئەم هەمووهات و چوونەدا
هەمیشە دڵمان لەئاوەزدەباتەوەو
چاو و دەممان ،
چوارپەلمان خەجاڵەت دەکەن .
بۆ ئەوەی ئاوڕلەدوێنێش بدەینەوە
بەدوی سبەی دا ، شەکەتین ..
لەسفری دەستپێکیشەوە
چاولەڕێگەی مام فرسەتین ..
ئێمە گەلێکی تایبەتین .. !!

تەنانەت باڵندەكانیش
ڕەنگی ئەو شوێنانە دەگرن
ژیانی تیا بەسەردەبەن ،
بۆ نموونە ..
لەقەفەزدا ، خۆڵەمێشی و
لەفڕیندا ، ڕەنگەكانی
پەلكەزێڕینەی ڕەهابوون .. !
گوماندارم ، ئیتروشە
بتوانێ ئاوێنە بێ ، بۆ
ئەوكەنیشكە كراس دڕاوەی
پێی دەڵێن ، خاتوحەقیقەت !

دەرگای وەڵام لەهیچ کەسێ ناکەمەوە
پەنجەرەکانیش بەقوفڵی
پرسیارەکان کڵۆم ئەدەم
دیوارەکان مینرێژ ئەکەم بەبۆمبی گوێ
تاوەکو فریشتەکانیش ئاودیو نەبن..
جووتێ چاویش ..
بۆ باگردێنەکەی سەربان ئەخوڵقێنم
چوارپەلی هەنگاوەکانیش شەتەك ئەدەم
دڵیشم وەك کوڕی مریەم ئەدەم لەخاچ
بەرلەمردن .. هەردوو باڵی
باڵندەکەی روحیش ئەکەم
تا هەڵنەفڕێ بەرەو ئاسمانێکی بێباك
گەرمن لەخاکەوە پەیدام
دەسا باهەرئا لێرەدا
دووبارە ببمەوە بەخاك.

**(بۆ هەڵەبجە)**

**گەرڕاست ئەکەن ،**
**چۆلەکە بێ دایکەکانی بلاوێنن**
**فرمێسکە ژەهراویەکانی**
**کانییەکانی بۆبسڕن و**
**زوڵفی سپی و ئاڵۆزکاوی**
**دارهەنارە بێوەژنەکانی دابێنن**
**چیترئەم جانی جانانە**
**نایەوێ لە پرسەو یادی**
**مەرگی خۆیا بتان بینێ ..**
**لێی گەڕێن با ، لەسەرسنگی**
**هێندە دڕکی پێتان .. نەڕوێ ..**
**لێی گەڕێن با .. ئیتربنوێ..**

لەهەرجێیەك
كورسی وتفەنگ ببنە هاوڕێ ..
لەوێ ، پەیكەرێكی بێدەنگ
ساڵانە چەند جارێ دەزێ ..
لەوێ ئەسرین دەبارێت و
كڵۆی خەندە لەچای تاڵی چارەنووسا
دەتوێتەوەو..
ژیان لەبەرگوڕی پژمەی فەنا بوونا
هەڵدەلەرزێ .. بەڵێ .. لەوێ .. !!
تەنها دەستكەوت وبەرهەمی
گەورەكانی نیشتمانم ..
زیادكردنی وێنەی شەهیدەكانێتی ..
وێنەگرێكی چەند بێ سەلیقەن ، ئێوە !؟
قوماربازێكی .. چەند دۆڕاو !؟

( کتێبێکی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

لێگەڕێن با گوڵەکان بڕوێن ،
سمۆرەکان زاووزێ کەن ،
پاساریەکان ، بەبێ ترسی
منداڵە لاسارەکانتان
لەپەنگاوەکانی باران بخۆنەوە ،
ئێوەی شەڕەنگێزی خوێڕی ..
نەک هەرئێمە ،
دەنا ، مێرووولەکانیشتان
توشی خورپەی دڵ کردووە ..
ئێوە ، ئەی ئەوانەی هێشتا
هەربەخۆتان دەڵێن .. مرۆڤ !!

دڵم تەنگە ..
جێی دەنكە گەنمێكی تێدا نابێتەوە
(-بولبولەكەی ئەم بەهارە-)
هەناسەم سوارە ، پێدەچێ
بەسەرئەسپی مەرگەوە بێ
(-سمۆرەكەی سەرداری ئازادی وەتەن-)
دەمم هەروشكە ، ئەگەرچی
لەسەررووبارە شەرابی
بەهەشت ڕەشماڵم هەڵداوە
(-پیرە گورگەكەی سیاسەت-)
چاوم بە چاویلكەشەوە
تەڵخ ئەبینی ..
(-كوندەپەپووەكەی ئایندە-)

ڕەش و سپی .. لەیەك دەچن
تاڵ و شیرین .. لەسەرلێوم
ئەوندەی تاڵەموو ، لەیەك جودا نین و
جوان و رموزن پێكەوە پیاسە دەكەن
بوون و نەبوون .. مناڵدو انەن
ئەرێ چاوی من كزبووە
یاخود گڵۆپەكانی شار؟
ڕۆژگارێكی سەیرە ئەی یار!

## ( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەک نیشتمان )

هەی های .. گەلۆ
ئێمە چیمان بەخۆمان كرد .. !؟
لەتاو داڵە وشترخۆرەكانی بیابان ،
هەڵۆ برسییەكانی كێومان
كرد بەڕابەر..
لەتاوی هەنجیری دڕكاوی ،
قارچكی ژەهراوی بن دارو دەوەنمان
كرد بەساوەر..
لەتاو شمشێریش . خەنجەرو
لەتاو.. لمیش
خۆڵی پێدەشتێكی دێم و
بێ فەرمان كرد ، بەتاجی سەر!!
هەی های .. گەلۆ
ئێمە چیمان بەخۆمان كرد .. !؟

بوارنادەن لەبۆنی گوڵ
سینە تێركەم ..
ناهێڵن بەرەنگی گەڵا
ژیان خۆی ئارایشت بكا
ناهێڵن گوێ
پڕبێ لەچەهچەهەی رووبار..
زۆربەكورتی .. ناهێڵن دڵ
تانگۆبكا لەگەڵ شادی و
دییەش غەمزەیەك بگرێتە
یاری جوانی ..
شۆڕشگێڕەكانی دوێنی و
نەجیبزادەكانی ئەمڕۆی
سیاسەت وبازرگانی !!

كە باسی ئازادی ئەكەن ..
چیرۆكی مێشی جارانم دێتەوە یاد
دوو بەدوو بۆی دائەنیشتین
هەریەكەمان ئەمانتوانی زۆرشت بڵێن
من ئەموت .. گوڵ .. ئەو.. مەڵێ گوڵ
من ئەموت .. نان .. ئەو.. مەڵێ نان
من ئەموت .. ئاو.. ئەو.. مەڵێ ئاو
من ئەموت با .. بۆهەناسە
ئەو.. مەڵێ با ...
كاتێ كەهیلاكیش دەبووم
ئەموت .. ناوی خوام لەبیرە
ئەوجا ئەویش بێدەنگ دەبوو!!
ئەودەمانە .. نەمدەزانی
ئازادی وخوا ..
بۆئەوندە دوورن لەیەك ؟!

گەر کلیلەکانی شنەباو
بەلوعەکانی باران و
پەنجەرەکانی هەتاویش
بەدەست هەندێ زات بوونایە
بێ گومان .. دەبو ایە یەك یەك
سەرە بۆ گۆڕەکان بگرین
چەنێ میهرەبانن .. ئەوان ؟
چەنێ سپڵەو ناکەس بەچەو
گێل و بێ ئەمەکین .. ئێمەش !

( كتێبێكی بێ ناونیشان .. وەك نیشتمان )

ئاگردانێكی .. داخە ، هەمیشە
خۆی مەڵاس داوە .. لەجەستەی خاكا
درەختی بەختی .. ڕوت و قەقنەسی
غەیری خاری خەم .. چیتر دەرناكا
ئێرە ناشوێنە .. لەناخی شوێنا
ناكاتە ، لەنێو .. ڕووباری كاتا
لێرە ئەسرینیش .. شەرمەكا بڕژێ
لێرە بارانیش .. بێزارە داكا